# DLANPAR

ده نگی کومیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

ژماره 2 خولی چواره م 1994.06.25







2

هه لبژارده له

بـــه رهه می ده ستکردی کورده واری

موزه خانه ی فولکلوری زانکوی سلیمانی .

رووبه رگییه که م : منالیکی کورد .          رووبه رگیدووه م : شاری ئاگری له باشوری کوردستان .

OLANPAR

# دلانپار

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

گۆڤاوه رزی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان به سه رپه رشتی لیژنه ی بلاوکردنه وه

ر . مامه ش — ئـ . مسته فا

ر . محیدین — هـ . ئه کره م

ناونیشان KAPNK . P.O.BOX 533 - 00101 HELSINKI . FINLAND

بانکگیرۆ 800024 - 12855719 PSP - Helsinki . Finland

## ئـاگـاداری

نامه کانتان له سه رخواستی خۆتان بلاوده کرێته وه . مه رجنییه ئه وه ی بلاوده کرێته وه ده گه ڵ بیرباوه ڕی ئێمه گونجاوبێ . ده قنامه و نوسینه کانتان نا نێردرێنه وه . له رویه کی لاپه ڕ بنوسن هێلێك ببوێرن . ده قی فۆتۆکۆپیکراومان بۆمه نیرن .گه ربه باشتان زانی ره چاوی رێنوسی گۆڤاره که بکه ن . ئـاگاداری ناونیشانی نوێ و ژماره پۆستی نوێ ، کۆنتوی - ژماره بانکی نوێ بن که له و ژماره یه دا بلاوکراوه ته وه ،له سه روی هه موو ئه مانه وه نـاوی خۆتان ناونیشتانتان له یادمه که ن و لـه به رهه می بـه پێزتان خوێنه ران بێبه ش مه که ن !!

ده سته ی سه رپه رشتی بلاوکردنه وه




## له م ژمـاره یه دا

لاپه ڕه ئـازاده کـان

1- له به رده م ده روازه ی دۆزه خی باکوردا تـا بنه بانی دۆزه خی برسیه تی باشـور . . . . . . . دلانـپار

لێـکۆڵینـه وه

4- بێ حیکمه ته ئه و میلله ته نه بوه به هیچ ؟ . . . . . ح . م

6- هه رچی هه ین ! با ستراتیژی نه ته وه یی م . کاوانی

ئورولۆژیـا

9- لیکۆڵینه وه یه ك له مێژووی کوردو کوردستان له روانگه ی ماتیریالیزمی مێژووییه وه . . . . . . . . . . م . رێبوار

15-کوردستان نیشتمان و گه لیکی بێده وڵه ت جه واد مه لا

مه له فی شاره گرێی که رکوك

21- داستانی ئاواره سه رله دووبراوه کان . . پ . دلانپار

25- نه ورۆز له که رکوك نۆ رۆژبوو . . . رێناس گه رمیانی

29- که رکوك سه ره تای ئاواره بوون . . . . . . تواناتوانا

32-پرس و خۆشه ویستی . شیعری - حه سیب قه ره داغی

33-لاپه ڕه کانی هه یاس . . . . به رسیڤی هه یاسی خاس

که شکۆڵی ئـاواره یی

35 قاتوقری رۆشبیری . . . . . . . . . . رێبـاز موحێدین

40- ئه و بلوێر بۆ رۆژ ده ژه نی . . . . . . . کاکه باس

41-خنکاوه که -خه قیقه ت .. شیعری- ئـ . ره شی عه ولا

42- 2 بیره وه ری و چه ند دیارییه ك . . . . ب . به رزنجی

46- سترانه ك ژبۆ به کۆ . . . . . . . . . . هـ . ئه کره م

48- ده هۆڵ ئامیرکی مۆسیقای کوردی . . . وریائه حمه د

51- ره خنه ی هونه ری . . . . . . . و . ره هبه ر جه لال

54- گورگه کان . . . . . . . . . . . . . . مسته فا ئامۆ

59- ماشه و مام ورچ . . . . . . . و . رزگاری مامه قادر

په راویزی دلانپار - سپارده نامه که ی مسته فا بـارزانی

خوێنه رانی خۆشه ویست !

رۆژ تا رۆژ لیژنه ی سه رپه رشتی و بلاوکردنه وه ی گۆڤاوه رزی دلانـپار له کۆشش و هه وڵوته قه لایان شـتی پترده که ن له سایه سه ری خوێنه رانی دڵسۆزو به ئه مه ك ناوه رۆکوشێوه ی گۆڤاره که رازاوه و ده وڵه مه ند تر ده بـێ .هیوای پێشکه وتنی زیـاتر ده گه شێته وه ،له راستدا هه موئه م هه وڵوته قه لایه له پێناو ئامانجیکه که ده بـێ بزوتنه وه ی نیشتمانـی کوردستان پێبگات و به بێ هاتنه دی ئه م هه نگاوه له و قه یرانه ی چه نـد ساڵه گیری خواردووه ده ربازبوونی نییه .

بزوتنه وه ی نیشتمانی کوردستـان پێویسته به شێوه یه کی هاوچاخ و له سه ر بنچینه ی زانستی بناغه ی نوێی خۆی دروستبکاته وه پێویسته ده ست له خه باتی به شه کی و ناوچه گه ری هه ڵگری و ئاسۆی بیری بوو دوورتر هه ڵداوبیته خاوه نی تێروانینێکی دووره دید و روانگه ی بیری نۆزه ره وه و رێگه چاره سه ری رووده کی بـۆ ئه وه ی بتوانی سه رکه وتن به جێبێنێ دلانپار تروسکه یه که له مه شخه ڵی هه ردم هه ڵبو و روناکره وه ی ئه و رێگا تنوتاریکه ، پیشتئه سـتور به دڵسۆزی ئێـوه بـه رده وام له که شانه وه یه !

ب . ك

94 2 DLANPAR

# له به رده م ده روازه ی دۆزه خی جه نگ لـــ برسییه تی لـــ

لــ ه نێوان كه لَبه ی چوار ئیمپراتۆریه تی زلهێز و كۆنـــی مێژوودا ، ئه مه وی ، عه باسی ، فارسی ، عوسمانلی ، كوردستان ئه و كه وانه بوو كـــه نه یانتوانی بیچه مێننه وه ، ئه وتیره بوو كه نه وه كانی نه یانتوانی بیهاوێژن ! له سه رده ما ئیمپریالیزمی نوێدا – به ریتانیا + فره نسا – داگیركارانی پــــر چه ك و ته كنه لۆژی ، مینا په پوی شوم نزیكه ی سه ده یه كه له ســه ر كه لاوه ی وێرانی كوردستاندا گمه گمیانه ، گوند بــه دوای گونـد نزیكه ی سه ده یه كه له ژێر زه بری په یمانی سایكس بیكۆ دا ماڵ به ماڵی كاول ده كرێ ، ئه و باره هه ڕه شه ده كات له مرۆڤایه تی و هه رچی بایـی مرۆڤایه تییه ، كه سیسته می نوێی جیهان ئیمرۆ لاف و گه زافی پێوه لێده دا، ئه و په یمانه ی په پووه كانی سه رده م له رێكه وتنامه كه ی 1639 نێوان سوڵتان و سه فه ویه كان ئه نجامی باشتری نه بووه ، له ســه رده مانێكدا خۆرئاوای كلتور و ڕۆشنبیری پێشكه وتوخواز و به ره وپێشڤه وچوون شـــــان به رابه رایه تی جیهان و بــه ره وپێشڤه برن و په روه رده كردنی دواكه وتوان و چاككردنی سیسته می جیهانی باده دات .

به رهه می سایكس بیكۆ شوره بیه كه تاوه كو ئیمرۆ رژێمی به ریتانیـــا و سه رۆك وه زیرانی به رێزی ( جۆن مێجه ر ) فره نسای مرۆڤ دۆستی میتران و خانمی به رێزی لیمانی ده شارنه وه ، ئه وه ش به كارهێنانی گازی كیمیاوییه له دژی – هاوولاتیانی كوردستان – و – هاوولاتیانی عه ره بی عیراق – لـــــه هاوینی 1920 دا كه بو به هۆی كوشتنی نـــۆ هه زار مرۆڤی بێتاوان !

{ بروانه به لَگه نـامه كانی NGO كۆنفراسی بازاری هاوبه ش و ئالیكاری وڵاتانی ئه ورووپا – هێلسنكی – SPEACH BY JOHAN GALTUNG 1993 FRIDAY MARCH 15 } .

ئــه مه یه ریــــایی رامیاری دووڕووی ســــه رله نوێی ده وڵه تـــه ئیمپریالیزمییه كانی جیهان له دووتوێی ده ربرین و ره نگرێژی ئـــاڵ و والاّدا دووباره پیاده ی كۆره پانی رامیاری جیهانی ده كه ن . ئــــه م نیشتمانه به دۆزه خكراوه له نێوان جه نگی ئیمرۆ و تاوانه كانی ده وڵه ته ئیمپریالیسته كان ، هه تیوخانه كانی دوێنێی ئینگلیز و فره نسا و دۆزه خی ئیمرۆی برسیه تی باشوردا شه ت وپه ت كراوه و قاوشه كانی فراوانتركراوه !

لــ ه وای ده ر بازبوون له كه لَبه ی چوار كۆنه ئیمپراتۆریه ت ، دوو زلهێزی كۆن و دوو ده سه لاّتی ئیمپریالیستی سه رده م و سه ره رای جه نگی سارد ، به كۆتاییهاتنی بلۆكی به ناو سۆسیالیستی خۆرهه لاّت ، نیازی ئه مریكا و خۆرئاوا كه وته روو ، تاوه كو ئیمرۆ ئه وه مان به رچاو ده خات په نتاكۆن نه خشه ی كام جیهانی گه ره كه و كۆمه لَگه یه كی چۆنی ده وێت .

كوردســـتانی ژێر باری رامیاری دووڕووی جه نگ و برسیه تی نمونه یه كی هه ره به رچاوی نزیكه لێمانه وه . . . . . مانه وه ی كوردستان به دابه شكراوی و داگیركراوی له دوای ساربونه وه ی جه نگی نێوان خۆرهه لاّت و خۆر ئاوا و ، سه رهه لّدانی گرفتی كوێت ، راپه ڕینی به هاری ۱۹۹۱ له باشوری كوردستان ، ته واو روون بـوه وه كه مه به ست له سیسته می نوێی جیهان چییه و به راســـتی ئه مریكا مافیمرۆڤی گه ره كه یا به رژه وه ندی خودی خۆیــو . . . . . . . چاڵه بیره كانی نه وت !!

1500 نه ته وه ، گه ل و ئه تنێك له سه ر گوێیزه ویدا! له چوارچیوه ی سه دو شه ست ده وڵه تدا ده ژین !! شتێ كه ئه مریكا و وڵاتانی خۆرئاوا ره چاویـــان نه كردووه و لێكدانه وه یان بۆی نه بووه ، ســــه ره تا

# ـــه باكوردا تـــــا بنه بانى دۆزه خى ـــه باشـــوردا!

سه رهه ڵدانی به هێزی بزووتنه وه ی ئه و نه ته وه و گه ل و ئه تنیکانه یه ، ده وڵه ت ، مافی خۆبه ڕێوه بردن و کلتوریـــان لێزه وت کراوه ، له ئاستی مافیمرۆڤایه تی که جاری بۆ ده دڕێت خۆیان بێبه ش ده بیننه وه !؟ خه ریکن بزووتنه وه یه کی جیهانی ســـه ر به خۆ پێکدێنن ، یــا ئه وه تـــــا ئێوه ش ئاڵاکانتان داگرن ، یا ئێمه ش ده بێ ئـــاڵا به رزکه ینه وه !! ئـــــــه ی ئێوه نین باسی یه کسانی و مافیمرۆڤایه تی مرۆڤ ده که ن ؟؟

لـــه و تارماییه ی لـــه و سه رده مه

هه ڕه شه له کۆشکیسپی ده کات ، تارمایـی سوری کۆمۆنیزم نییه ، بـــه لکو تارمایـی سوری هیندووه سوره کانه ! گه ر بێتـو داوای نیومه کسیکۆ و ئێریزۆنیا بکه ن ؟ ئـه وه یه له سیسته می نوێ هه ڕه شه ده کات ، باڵـی ئه و تارماییه یه ، له ئه وروپای دیمکراتییه ت باسك ، له ئه سکه ندینافیای شلکه خێرخـــوا سامی ، له باکوری ئه فریقیا به ربه ر و له چین . . . .هتد ، خه وی سیاسه تمه دارانی سیسته می نوێی جیهان ده زڕێنێ .

دواین گروپی ئه تنی که گۆرباچۆف به ر له دواین گۆرانکارییه کانی سۆڤیه ت و تێشکانی یه کجاره کی چاوپێیان که وت چوکچه کـــــان

بوون ، له و چاوپێکه وتنه ئه وان به خۆو ده فێکه وه گۆرانییه کی میللیـان ده چڕی ! چسه یرله وه دا نییه دوای ماوه یه کی تر هیندووه سوره کانیش به ده هۆڵه گه وره کانیان که پێوه ی به ناوبانگن به ر ده رگای کۆشکیسپی بگرن !! ئه و کۆشکه ی هێشتا له دڵه کوتکێی کۆمۆنیزم نه ساوه ته وه توشییه توشی تارمایی هیندووه سوره کانه وه بوو !!

زۆربه ی ماى مێژوویی هۆکاری کۆمه ڵایه تی و ئابـوری و رامیاری ئه م بزوتنه وه یه ن ، که له نێو هه ر نه ته وه و گه ل و ئه ته نیکێکدا ، بزاڤـی نیشـتمانی و جه ماوه ری و سه رتاسه ری مرۆڤـی ژێرده سته و داگیرکراو و چه وساوه و بێشوناسنامه ن ، دیاره بزووتنه وه ی نیشتمانی کوردستان به هۆی هه مان ئه و بنه ما و هۆیانه له پێشه وه ی هه موویانه وه یـــه ، هه ر بۆیه ئه مه ریکا و خۆرئـــاوا وه ستایانه به ربه ره کانیی ده که ن ، چونکه نایانه وی ئه و نه ته وه و گه ل و ئه تنیکانه هاواری ئـازادی هاوخه باتێکی خۆیان له گوێدا بزرنگێته وه . . . . . . . . به تایبه تی گوێی کۆشکیسپی و هاواری هیندووه سوره کان دوو بـوونی ته واو دژ به یه کن !!

بـــه رده وام ئه وروپاو ئه مه ریکا لێمان ده پرسن : به و باره شرۆ و کۆمه ڵگه و نیشـتمـانه شێوێندراوه چـــۆن ئێـوه ده توانن ده سه ڵات و ده وڵه ت به ڕێوه به رن ؟؟ ده یانه وێ له بیرمانی به رنه وه کــــه کوردستانی ئازادو سه ربه خۆ ئیدی وڵاتێکی شێوێندراو نییه ، نیشتمان و ده وڵه تێکه هه موو بنچینه یه کی ئابوری به رده سته و گشت بنه مایه کی ئایدۆلۆژی هه یه ، گه ر بێتـو ئه وانه به رده وام سورنه بن له سه ر پتر گه وره کردنه وه ی بـــاری رامیاری شێوێندراو و شرترکردنی باری کۆمه ڵایه تی ، ده توانی به چاکی له کاریان بێنێ ، وه ك هه ر کۆمه ڵگه و نیشتمانێکی ئیمرۆی ئه ندامی نه ته وه یه کگرتوه کان که ره نگه لــه زۆرلاوه که موکوڕی زۆر به رچاویان هه بێ .

کـــه واته ده بێ له وه بگه ین و بۆ ئێمه روون بێ خه بات به ره و کامه ئاست ئاراسته بکه ین ، ئه وه تا ئاشکرا و دیــــاره

ئیمرۆ لە ژێر چاوە دێری و لـە ئاكامی رامیاری دووڕووی سیستە می نوێی جیهان ، باری كوردستان لە راپە ڕین و شۆڕشی جە ماوە رییە وە ، بە دۆزە خی جە نگ و برسییە تی گۆڕدراوە ، سیستە می نوێـی جیهان هە روە ك سە رانی دە یناسین و خە مڵی بـۆ لێدە دە ن ، وادیارە بۆ هاووڵاتیانـی كوردستان تە نێ جە نگ و برسییە تی هە یە پێشكە شیكات .

لـە دە روازە ی دۆزە خی باكورە وە هە تـا رووداوە تاڵە كانی ئـە م دواییە ی سە ر سنورە دە ستكردە كە ی توركیا و عیراق و ئێران ، رۆژانە بە دە یان لە رۆڵە دڵسوز و جگە ركۆشە كانی هاووڵاتیانی كوردستان دە بنە خۆراكـی گولە ، رۆكێت و ، بۆمبی فرۆجە نگییـــە كانی دە وڵە تە داگیركارە كان هە ر یە كە و لـــــە دیوێكی تری سنوری دە ستكردا كوشتوبڕی خۆی ئە نجامدە دات ، سە رە ڕای سوتاندن ، كاوڵكردن ، دە ربە دە ركردن ، لە و رووداوانـە دا ئە مە ریكا ، بە ریتانیا ، فرە نسا و ئە ڵمانیا بە شـــدارییە كی راستە خۆی دە وڵە تی توركیا دە كە ن بە هاو ئاهە نگی و هاوكاری دە وڵە تە داگیركارە كانی تری كوردستان ، هە مان ئە م دە وڵە تانە ش بە رپرسیاری برسییە تی و نە هامە تـی هاووڵاتیانی باشوری كوردستانن ، بە مشێوە یە لە ئاكامی رامیاری دووڕووی زلهێزە كانی جیهان قـــە ڵاچوكردن و برسییە تی لە سنوری گە مارۆدان رۆژانە گە رادە خە ن .

هە ر لە دە ریاچە ی ڤانی خوێنینی باكورە وە تاوە كو گە رە ڵاوژە ی بنە بانی باڵە خانە ی دیمكراتییە تی باشور، هە رلە تۆپبارانی ئێران لە خۆرهە ڵاتە وە تاوە كو سڕینە وە ی شوناسنامە بـــە دە ستی چە پە ڵی بە عسی سوریا لە خۆرئاواوە ، چە پۆكی ئە و زلهێزانە یە لە گە روی هیشك ، برسی و تێنوی رزگاریخوازانی كوردستان توند تر دە بێ .

لە ئاكامی رامیاری دووڕووی سیستە می نوێی جیهان تە واوی پرنسیپە كانی شۆڕش و هۆشیاری جە ماوە ر هە ڵگێڕدرانە وە ، دە ڵێن برسیە تی و چە وساندنە وە و داگیركردن ، هۆكاری بنچینە یی راپە ڕین و شـۆڕشی گە لانە !

دە ی ...... برسییە كانی خۆرهە ڵات لـە ژێردە ستە یی رژێمی ئیسلامی ئێران بۆچ تیكڕا راناپە ڕن ؟؟

ئە ی هە زاران چە وساوە ی ژێردە ستە و بێناســـنامە لـــــە خۆراوای كوردستاندا و لە ژێر دە ستە ی رژێمی گە ندە ڵی بە عسی سوریا بۆ تیكرا راناپە ڕن ؟؟

دە ڵێن چە وساوە و برسی و خە باتگێڕان لە كۆڕی خە باتدا یە كانگیردە بن ؟؟

دە ئە ی باكوری كوشتن و بڕین و قە ڵاچۆكردن و باشوری برسی و تێنو و نە داری بۆ دە ست نادە نە باڵی یە كدی و تیكڕا هێرش نا بە ن ؟؟

رق و كینە ی برسییە تی و ئا گری دژ بـە داگیركردن بۆچی سنورە كان هـە ڵناتە كێنن و داگیركار بە رنە فرە ت ناكە ن ؟؟ بـــــۆ ... ؟؟؟

بۆچی باڕوتی رقی پیرۆز ناكە نە چە خماخـــە ی نارنجۆكی جە ماوە ر و بە رووی نارە وایـی و سیستە می نوێی درۆ و دە لە سە ناتــــــە قنە وە ؟؟

چییە وا وزە تان كپ دە كات و كامە نە هە نگە هاواری نارە زایتان قوتدە دات ، لە تاریكی شە وە زە نگی ورگی نە هە نگی رامیاری بە ناو سیستە می نوێـــی جیهانی سوركومی دە كات ؟؟

ئێوە بڵێن مرۆڤ و نیشتمانـــی ئێمە بە مرۆڤ و داروبە ردییە وە ، لـە تاقیكردنە وە كانی مێژوو هیچ فێـــر نە بوبێت و چی لــــــە دە ست نە یە ت ؟ ؟ ؟

دلانپـــــــــــــــار

تێبینی : ئە م نوسینە دوو رۆژ بە ر لە سە رهە ڵدانە گە ورە كە ی بە ریە رە كانی باكوری ئە فریقیا ، كە دە كاتە نزیكە ی مانگێك بە رلە پێشوازی نوێنە رانی هیندووە سورە كان لە كۆشكیسپی لە لایە ن سە رۆكی ئە مریكا كلینكتن ، كە بە گشتی دە كاتە پتر لە دوومانگ بە ر لە جە نگی كورد كورد لە باشـــوری كوردستاندا نوسراوەو بە بێ دە ستكاری وە ك خۆی بڵاوكرایە وە .

لیژنە ی سە رپە رشتی بڵاوكردنە وە

مه هدی کاوانی

# هه رچی هه ین ! باستراتیژی نه ته وه یی پشتگوێنه خه ین

کورد ده ڵێ« ماڵی خۆم ناکه مه قوربانی ماڵی جیرانم» له رووی نه ته وه یشه وه ، با کورد به سه رچوارده وڵه تی له یه کجیا دابه شکرابێ ، به ڵامخۆ ئـــه و دابه شبوونه به ویست و ئاره زووی خۆی نه بووه ، به لکو دیارده یه کی مێژووییه له ره گوریشه دا ده گه رێته وه بـــۆ کـــاری ئیمپریالیستی ، به مه به ستی جۆراوجۆر .

له هه موویان گرنگتر ده ستبه سه رداگرتنی خێر و بێر یان ئافراندنی ته شقیکی نا ئاسایی و ناجێگیر و نا ئارام ، تاوه کو له میانه ی دا بتوانی به ئاسانی رووبه رووی هه ر دیارده یه ك ببێته وه که مه ترسی له به رژه وه ندیه کانیان بکات . چونکه نیشته جێی کورده کان ، واته نیشـــتمانی باوبابیپرانیان له ناوچه یه که سه ره رای زۆرده وڵه مه ندی له سامانی کانزاییه وه به تایبه تی نه وت ، ده گه ڵ به روبومه کشتوکاڵییه کان ، شوێنیکی ستراتیژی گرنگیشی هه یه له پیکه وه به ستنه وه ی رۆژهه ڵات و رۆژئاوا ، هه ر بۆیـه ئه م ناوچه یه له دێرزه مانه وه شـــــــوێنی چاولێکراوی به رده وامی بیانییه کان بووه .

له سه رده می ئێستاشماندا بزووتنـه وه ی رزگاریخوازی گه لی کورد له سه رئاستی نه ته وه یی دایك ، زیاد لــه هه مووکاتێ گرنگی به خۆه دیوه له سه رئاسـتی جیهانی ، ناوچه که ، به گشت پارچه کانییه وه .

بزاڤی رزگاریشمان ئه گه ر به رێکی تێکوڵی بکات لــه ته بایی هه موو به شه کانی هه تا له بـــاری نه توانینی هه ریه که له به شه کان له به ر هه رهۆیه ك بێت یارمه تی ئه وه که ی تر بدات ، به ڵامخۆ ده کرێت نه بـنه کۆسپ له به رده م یه کتری ، ئـــــه و رووده یه ( واقیع ) به دیمکراسیکردنی جولانه وه که ببه سترێته وه ، به ئاکام گه یاندنی ئاسانتر ده بێت . چونکه کێشه ی دیمکراتی له بنه ره تدا کێشه ی گه لانـی ژێرده سته و مافخـــوراو و چه وساوه یه ، کێشه یه که له پێناو دابینکردنـی دادوه ری کۆمه ڵایه تی و پاراستنی مافیمرۆڤ و وروژاندنی ئه و هێزانه ی که مێژوو رووبڵیانه له مه ش زیاتر دیمکراتییه ت مانای به رفراوانبوونی کۆمه ڵانی خه ڵکه له پرۆسێسی شۆرش و گه شه کردن و به ره و پێشه وه چوون کــــــه پرۆسێسیکه تا به بێئاگایش بێت له خۆیه وه پاڵپشتی بۆ ئه مه که ی تر دروستده کات .

دیمکراتییه تیش وشه ی پێچه وانه و دژبه خۆی هه یه لـه سه رئاستی جیهان ، ناوچه که و خودی و نیشـــتمانه دابڕاوه که شمان ، ئیمپریالیزم ، کۆنه په رستی ، توندڕه وی ، پاشماوه ی هێزه کۆنه کان ، جۆگه یه کی دژ به ئه مه ی یه که م پێکدێنن .

بۆیه جۆگه که ی ئێمه ده بێ یه کبونمان بێت له سه ر

بناغه ی دیمکراسیزم ، گه ر به رێکی بپیکرێ کـــارتێکردن و به ره وپێشه وه چوونی فراوانده بێت . ئه م یاسایه له ســه ر ئاستی گشت وه هابێت ، له سه ر ئاستی به شه کانـــی کوردستان ده بێ زیاترت بۆ بکه وێته وه . خۆ ئه گه ر هه لـی یارمه تی راسته وخۆشت بۆ مه یسه ر بێت ، کاردانه وه کـــه چه ندجاره ده بێته وه .

به ئه نجامگه یاندنی کاری وه ها چجۆره ناکۆکیه کی ئه وتۆ دروستناکات ، له و تایبه تمه ندیانه ی که هه ریه کێ له به شه کان له گه ڵ یه کتری هه یانه ، چونکه ئه م جولانه وانه بـــه خۆرسکی نه هاتونه ته پێشه وه به لکو ئه نجامی پرۆسێسیکی درێژخایه ن و هه مه لایه نه له شۆرش رووبه روویـــونه وه له سه رکه وتن و ژێرکه وتن ، له هێزه بزوینه ره راسته قینه کان ، ئاکامی رووبه رووبونه وه یه کی مێژوویی درێـــژ خایه ن لـه نێوان دۆست و دوژمنه ، خاوه ن مێژوویه کی تابڵێت پڕله سه روه ریه . ئیدی ناکرێت ئه م سه روه ریه به چه ند ده سکه وتێکی کاتی بگۆڕدرێته وه ، به روداني له پاشه کشه به ولاوه له به رده م ره وته راسته قینه که ی هیچی تـــر ناگه یه نێت .

ئه م باره نابێت بۆ ئه وه رامانکێشێت که سوود لـه ده سکه وته کاتیه کان وه رنه گرین ، جیهان گۆڕانه ئێمه ش ده بێ له گه لی به رێکه وین ، مه رج نیيه ئـــه وه ی ده ڵێین بۆ هه مووکات و زه مینه یه ك شیاو بێت ، له رامیاریشـــدا جێپێگۆرکێ له نێوان دۆست و دوژمن هه ر هه بووه ، به لام به رژه وه ند هه ر به رژه وه نده و ده بێ هه مووشتێ لـــه پێناو ئه وه وه بێت . ته بايی ، دژايه تی ، کـــه يه کێتـی له به رژه وه ند دروستبوو ته بايی به دوای خۆیـــه وه پێك ده هێنێ ، پێچه وانه که شی راستيه که يه تی ، ئـــه گه ر له گه لـــی به رێنه که وین فرێـــده درێنه گۆشه يه کـی بچوکه وه .

ئیمرۆ ناوچه که مان زیاد له هه موو کاتێکی تر چونــــه ناويه کیه کی وه ها ئالۆزی به خۆوه دیوه لـه نێوان هێـزه جۆراوجۆره کان به هه ردولا دا ، يه کێتی و جودایـــی له به رژه وه ند ، خودی ولاتێك يان گه لێك ياخۆ پارت و ده سته و تاقم و که سانێك له گه ڵ ئه م کێشه يه دۆستن له گه ڵ ئه مه ی تر دوژمنن ، حونه ری ( حیکمه ت ) بـۆ ئێمه ی کورد زیاتر خۆی له وه دا ده بینێ که مالّی خۆمـان نه که ینه قوربانی جیرانان ، چونکه مالّی خۆمان يـــه ك به رژه وه نده ، به لام مه رج نیيه بـۆ دراوسیيانمان وه هابێت .

ئێمه ی هاوڵاتیانی کوردستان يه کخێزانین ، يه کره گه زین ، يـــه کزمانین ، خاوه نی يه کخو و نه ریتی کۆمه لايه تین ، هه موو پێکه وه ئه و خه ڵکانه ین که له سه ر خاکی باو باپیری ره سه نی خۆمان نیشته جی بووینه ، گـــه ر بگه رێینه وه بۆ مێژووی نه ختێ دره نگ تر هه رله ناوخودی يه ك خێزان مێژووه که بۆ دواوه بگێرینه وه ده گه ينه ئه و ئه نجامه که لق و پۆکانی په ريوه ته وه به شه کانی تری کوردستانیش . ته رم گيانێکی مردووه که چی خۆزگه ده خوازی له سه رخاکی باوباپیرانت بينێژی ، خۆ هه تـا ئێسقانه که شی مابێت چاوه ڕوانی ده رفه تی گه ڕانه وه ی بۆ نیشتمان ده که يت !

ئه م ده ربرينه مانای ده مارگيری نه ته وايه تی و ته سك کردنه وه ی ديمکراسی و رێگه گرتنی هاوکاری نه ته وه کان نیيه ، چونکه وه ك لینین گوته نی بـــه رله وه ی کۆمۆنیست بم روسم ، ئێمه ش با بڵێن : بـــه رله وه ی هه رچی بين هاووڵاتی کوردستانين ، ئـــه گـــه ر کوردستانيه تمان پاراست و کردمان بـــه بازنه يه کی بنکه يی ، گومانت له وه دا نه بێت پاراستنی بازنه کانی ترمان بۆ ئاسانتر ده بێت ، چونـــکه وه ك چۆن ده ڵێن کۆمه ڵ له خێزانه وه ده ستپێده کات ئـــه وهاش ده بێ بگوترێت تێکۆشان له نه ته وه وه ده ستپێده کات ، جـا که ئه تۆ ئه م بازنه يه ت به ده سته وه نه بێت چـــۆن بازنه کانی ترت پێ رێکده خرێت ، با تێکرای بازنه کانیش له خه بات و تێکۆشان ، له يه کێتی و ململانێ و چوبنه نـاو يه کيیه وه ، به لام لێره ش ده بێ ئـــه و بازنه بنکه ييه ده ستنيشانبکرێت ، که ئه ويش نیشتمانه .

ئیمرۆ ناوچه که مان زیاتر له جاران که وتۆته نـــاو چاوگی

زلهێزه خاوه نبه رژوه نده کانه وه ، نه خشه ی پێشوو بـاوی نه ماوه جیهانی نوێ هاتۆته پێشه وه ، جیهانبینی نوێش لـه به رژه وه ندا مه ودایه کی تر به خۆه ده گرێت .

ئیمرۆ وڵاته یه کگرتوه کانی ئه مه ریکا وه ك تــــاکه زلهێزی جیهانی له هه مووان ده سترۆیشتوتر چاوی خستۆته سـه رمان تاوه کو به شیشێر بۆ ئه و بێت ، ئه یاره کانی واته که م ده سترۆیشتوتر له و ده سته وه ستاو که مکاریگه ر تر نین له م میانه دا ئه مانیش به ده وری خۆیان رۆڵیان هه یه ده بـێ له به رچاوبگیرێن ، وڵاتانی ناوچه که ش وه ك پێشو ناتوانن به رێکه ون ، ده بێ خۆیان له گه ڵ نوێکاری بگونجێنن ، لـه سه رێکه وه ناتوانن نکۆڵی له خاوه ن به رژوه نده مه زنـه کان بکه ن ، له سه رێکی تریشه وه هه وڵـــی ئــــه وه ده ده ن به کۆمه ڵ رووبه رووی شته هاوبه شه کان ببنه وه لـه گه ڵ وڵاتانی ناوچه که ، شته دژه کانی نێوان یه کتریشیان لـــه بیر ناکه ن .

با ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردستانیش له گه ڵ ئـه م دووریانه خۆمان بگونجێنین ، بــــه رژه وه نـد فه راموش نه که ین ، دیارده کان پۆل پۆلێن بکه ین ، ئه وه ی هاوجوتین لـه گه ڵیاندا دۆستایه تی و نه یاره کانیش به دژایه تی له گه ڵیاندا رووبه رووبینه وه ، دیسا نابێ وا بیربکه ینه وه کـه رازینه بین به داخوازی به ش ، چونکه زامنکردنی داخوازی به شـــیش رێگاچاره ی داخوازی گشتمان بۆ رۆشن ده کاته وه ، ژێری له وه دایه که بزانین ته رازویهێزه روبه رووبووه کان له هه موو رویه که وه له چیدایه ، گه ر ئه مه مان پیاده نه کرد ، هه رگیز ناتوانین به رێکوپێکی به رێبکه وین . هه روه ها باشتره بۆمان له سـێبه ری خۆمان نه ك خه ڵکه وه بروانینه کێشه که مان له و باره دا ئه گه ر سێبه ری تریشت له سه ر بنـــاغه ی به رژه وه ندی هاوبه ش یان قۆزتنه وه ی ناکۆکییه کانـــی ده وروبه ر به سه رته وه بێت ئه مه ش هه لێکی ئه بـــاره بیکه ی ، چێتره له وه ی نه یکه ی .

به ئاگاییه وه ده لێم : ئێمه ی هاڤوڵاتانی کوردستان بــه هه موو جیاوازیه به رژه وه ندیه کانی نێوانیشمانه وه ، لـه ده وروبه رمان ، بـۆ یه کدی له پێشترین . کـــــه خۆمان یه کخست ده توانین رامیاریست بین ، له گه ڵ دیارده کان خـــۆ بگوجێنین خاڵیهاوبه شی ئه ملاوئه ولاش بـدروینه وه وا نه بین ده که وینه تیروتوانج لێـگرتنی ئه م و ئه و .

ئه گه ر ئێمه بازنه ی بنکه یی به رژه وه ندی نیشتمانــی دایکمان توند گرت له باری نه توانینی به رێکه وتنیشمان له گه ڵ هێزه رامیاریه کانی بزاڤی نیشتمانی ، ئه م بازنـه یه تێکرامان ناچار ده کات که ده ستهه ڵگرین له هه نــــدێ ویسته تایبه تمه نده کانمان به ره و به رژه وه ندی مه زن ، خۆلاته رێك کردن له و گرفته زیان به سه رتاپای بزاڤـــی نیشتمانی ده گه ینی .

کوردســــــتان


## ئاگاداری

خوێنه رانی به رێز ده که ینه وه ، که باسه که ی

مامۆستا

خالید دلێر

# له پێناوی یه کگرتنی
# چه پــــه کانـــدا
# له کوردستان

له نامیلکه یه کی تایبه تی و سه ربه خۆدا بڵاوکرایه وه

هه رکه س خوازیاربێ ده توانێ به هۆی ئـه م ناونیشانه

P.O.BOX 533. 00101HELSINKI . FINLAND

داوای بــــکات

م . ڕێبـــــوار

# لێکۆڵینه وه یه ك له

# مێژووی کورد و کوردستان

## له ڕوانگه ی ماتیریالیزمی مێژووییه وه

### به شی چواره م

هەواڵنامەی کتێب

## کۆمه ڵگه ی کۆیله تی

« له بوار ی تێکه ڵبوونی چه ند خێڵێ ، به ئاره زو یـا به هێز ، به هۆی زاڵبوونی زبان و نه ریتی زاڵی هۆزێکیان بنچینــــه ی دامه زراندنی پارێزگاری ئابوری و سه ربازی ناوچه کانی خۆیانیان داناوه که بۆته بنه مای سه رهه ڵدانی سه رخانی کۆمه ڵایه تی و یاسا و نه ریت ، له کۆتایدا ده سه ڵات و ده وڵه تی کۆیله تـــی دووباره له بواری یه کگرتن و جیابوونه وه و تێکه ڵ به یه ك بوون ، په ره به به ره و پێشه وه چوونی کۆمه ڵایه تی دراوه »

بیگومان دروست بوونی ده سه ڵات له نێو هه ر کۆمه ڵگه یه کــدا، له سه ربنچینه ی چینایه تی دێته کایه وه ، به بــێ چینی چه وساوه و چه وسینه ر رژێم وه کو ده سه ڵات ئیدی بوونی نابــێ ، دامووده زگای ده وڵه ت ، یاسا ، له شکر ، فه رمانڕه وایی ناوچه کانی به رده سه ڵات ، لــه پێشه وه ش ده ستبه سه رداگرتنی کاروباری به رژه وه ندی ئابوری .

دروستبوونی چینایه تی له نێو ده رونی په یوه ندیه ئابوریه کۆمه ڵایه تییه کانی کۆمه ڵگه سه ره تاییه کان ، سه رخانی خۆی ده گه ڵ خۆی هێناوه ، که لایه نێکی ئه م سه رخانه بیروباوه ڕه ، به هۆی باری ئابوری چینێکه وه ، له کۆتایدا وه ك ده سه ڵات خۆی سه پاندووه ، بیگومانین له وه ی که

دروستبوونی ده سه ڵات و په یوه ندی کۆمه ڵایه تی له نێو کومه ڵگه کاندا له دووره په رێزیدا نه هاتۆته دی بـــه ڵکو له هه مووڵایه که وه په یوه ندی کاریــــگه ر و ئاڵوگۆڕی به سه ریه که وه بووه ، له ناوچه ی کوردستاندا – مه به ست ناوچه ی هۆزه کانی ئه وسای گوتی و لولویی و هوری .... هتد – ده گرته وه نه ك ته نیا ده سه ڵاتی گوتی – ماننا « گوتی و لولویی » ماد – یه کێتی هۆزه کان بۆ ماوه ی جیاجیا فه رمانڕه وایيان کردووه ، به ڵکو بۆماوه ی جیاجیاش ژێرده سته ی ده سه ڵاته به هێزه کانی ده وروبــــــه ریان بوون ، جگه له وه ته نی نه بوونی ده سه ڵاتی ( ده وڵه ت ) له نێو هه ر کۆمه ڵگه یه کدا ئه وکاته و ئێستیکه ش نابێتـه به ڵگه ی نه بوونی چه وساندنه وه ی چینایه تی ، ئێســـته له کوردستاندا ده سه ڵاتێکی تایبه تی کوردســـتانی وه ك ده وڵه ت نییه ، به ڵام ئایا ئه مه به سه بۆ ئه وه ی بڵێین چه وساندنه وه له کۆمه ڵگه ی کوردستاندا نییه ؟ بێـگومان نا ، به ڵکو به پێچه وانه وه .(1)

له باره ی په یدابوونی یه کێتی هۆزه کان پێویستی ئه و سه ردم وای ده سه پاند ، که یه کێتی هۆزه کان له نێوان هۆزه کاندا پێکبێت ، که ئه م پێویستیه ش نه ده ما ئه و یه کێتیه ش له ناوده چو ، ده گه ڵ ئه مه شدا ، له هێند ێك ناوچه دا چه ند هۆزێك که له سه ره تاوه له یه ك نزیك بوون له دوایدا له یه کتر دووره که وتنه وه یا سه رله نوێ یه کیان ده گرته وه و یه کێتی درێژخایه نیان دروستده کرد ، له م ڕێگه یه وه به ره و یه کخستنی – که ل – هه نگاویان ده نا ئه نگلز گوته نی – یه کێتی هۆزه کانی ماد هه ر لـــه سه ره تاوه ده یان توانی ئه م کاره ئه نجامبده ن ، چونکه ئه وان هۆزی داگیرکاری ناوچه که نه بوون ، به ڵکو لـــه زوویه که وه دانیشتوانی ره سه نی ئه وناوه بوون ، یه کێتی وان یه کێتیه ك بوو دژ به هۆزه کانی ده ورووپشتیان .

گوتمان نه بوونی ده سه ڵاتی تایبه تی نابیته به ڵگـه ی نه بوونی چه وسانوه ، ده وڵه ته کوێله په رسته کان هـه مان رۆڵیان بینیوه ، مه به ستی سه ره کی ئه وان لـه هێرشی سه ربازی و داگیرکردن ، دووشتی سه ره کی بـــووه ، یه که م : تاڵانکردن و ، وه ده ستهینانی باج ، دووه م به دیل گرتنی خه ڵکی له پێناو به کۆیله کردنیان ، مـاوه ی ژێرده سته ییه تی ئاشور ئه وباره ی گه یاندۆته ئه وپـه ڕی سته م و چه وساندنه وه . که جگه له نه ریتی گوازتنه وه ی خه ڵکی قه ڵاکان و که لوپه له کانی ئه وان ، بۆ گوازتنه وه و چۆڵکردنی ناوچه ی فراوان و هێنانی خه ڵکی لـــه سوریه و فه له ستین و نیشته جێکردنیان له ناوچه کانـی کوردستان ، ده سه ڵاته ناوچه ییه کان له سنوری ئه وسای گوتی ، لولویی و هوری به تایبه تیش له نێوان ئـه وانه دا له سه رکۆنترین شێوه ی سیسته می ده وڵه ت ، دروست ببوون ، که له گشت شێوه کانی سه ره تایی تـــره ، ئه وه یش یه کێتی خێڵه کانه ، که بوته هۆی له دایکبوونی بنچینه ی ده سه ڵات ، به جۆری خێڵی هه ره بـه هێز بۆته ناوکی « هه وینی » ئه م یه کێتییه و ئـــــه م یه کگرتنه ، هه روه ك ماد بریتییوو له فه رمانڕه وایـی هۆزێ به سه رهۆزێکه وه و ماد یش به سه ر هه موانه وه ، ئه مه ش یا به ئاره زوی ناچاری ، واته خێڵێك لـه بێهێزی و بێده سه ڵاتی چۆته پاڵ خێڵێکی تره وه ، یاخۆ له ڕێگه ی ژێرده سته کردنی بێهێزه کان له لایه ن به هێزه کانه وه ، فراژیبوونی ئه م کۆمه ڵگه یه له کۆتایدا و دژکاری نێوان چینه کان ، کۆیله و خاوه نه کانیان ، بوونی ده وڵه ت و ده سه ڵات ده سه لمێنن ، وه نه بـێ دروست بوونی کۆیله تیش ته نیـــا یه که م شـــێوه ی جۆری چه وساندنه وه بێ به ڵکو قورسترین و نـاهه موارترین و پڕئازارترین ماوه کانییه تی .

« یه کێتی هۆزه کان له سه ر پایه ی ئـــه و هۆزانه پێکهاتبوون ، که ئه ندامی دامه زرێنه ری یه کێتییه که بوون ، له سه ره تای درووستبوونی ده وڵه تێکی تازه دروستکراو ده چوون هه روه ك له سه رنجدانی مێژوودا ده رده که وێت ، ده وڵه ت به ڕێکه وت و له سه ر بنچینه ی یه کێتـی هۆزه کان پێده گات ، هه ندێجار ئه و یه کێتیه له ناوده بات – ئه نگلز ، گوته نی .

ده گه ڵ ئه مه شدا له سه ر زه مینی ماد دا یه کێتـی

هۆزەکان لە سەردەمی کۆچەری ، کە هێشتا پلەی چینایەتیان تێدا نەگەییبوو دەوڵەتیان راگرتووە ، هەروەك گوتیەکان کە بۆماوەی سەد ساڵێك توانیویانە فەرمانڕەوایی لە ناوچەکانی نێوان دووزێ رابگرن .

کۆیلەتی ئەنجامی بەرەوپێشەوەچوونی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانە ، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی خاوەنداریەتی تایبەتی دەستکەوتەکانی جەنگ رۆڵیان بووە لە زۆربوونی کۆیلەکان ، بارەکەیان پتر ئەستورترکردووە ، بەڵام هیچگومان لەوەدانییە کە « جەنگ خۆیلە خۆیدا درێژبوونەوەی باری ئابوریە » مارکس – گوتەنی ، جەنگ بۆ تالآنییە دەبێ شت هەبێ و بەتالآن ببردرێ ، کە تالآنیش هەبێ دەبێت هەبێ بەرهەمیهێنابێ ، واتە ئامێرەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان » بەمجۆرە دەبینین هۆی بنچینەی جەنگ ئابورییە ، کەسیش لە پێناوی خۆشی و رابوردن نەچۆتە گۆڕەپانی جەنگ و سنگی خۆی بداتە بەر سەرەنێزە و تیروکەوان ! کەواتە کۆیلەتی بریتیە لە هێزیکاری لە خۆ پتری چەوساوە لە نێو کۆمەڵگەی کۆندا، یەکەم شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤەوە ، لە بواری هەڵتەکاندنی بنچینەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا خۆی ئاشکراکردووە ، لە شێوەی کۆیلەتی گشتی کە هێشتا لە وکاتدا خێلەکان لە پلەی خاوەنداریەتی گشتی دابوون . کۆیلەکانی هەموو کۆمەڵگە بوون .

کۆمەڵگەی کۆیلەتی بریتی بوو لە دوو چین ، کۆیلەکان و خاوەنەکانیان ، کە لە نێوانیاندا ساچینەکان هەن ، جوتیار و خەڵکی ئازاد و پیشەکارەکان ، گرنگترین گرفتیش کە دەبێ ئێمە لێوەی تێبگەین ، بەلانی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن ، گرفتی بوونی کۆمەڵایەتی هێزەکانی بەرهەمهێنانە ، کە کۆڵەکەی سەرەکین لە سنورکردنی شێوازی جیاوازی بەرهەمهێنان .

سەرهەڵدان و سەرکەوتنی دەوڵەتی کۆیلەتی نیشانەی سەرکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنانی نوێیە لە سەر بنچینەی چەوساندنەوەی دەستی کۆیلەی کار ، کە لە راستیدا ئەستوربوونی ئامێری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بەهێزکردن و چەسپاندنیەتی بە هۆی چەوساندنەوەی دەستی کۆیلەکان و ساچینەکانی تری کۆمەڵ ، کۆمەڵگەی دامەزراوی یەکێتی خێڵەکانی نەك هەر کردووە بە دەسەڵاتێکی بەهێز و رووەو و دامەزراندن و چەسپاندنی ئیمپراتۆریەتی کۆیلەتی بەلکو بوونی راستەقینەی سەلماندووە ، کە هەر یەکەیان بۆماوەی چەندین سەدە ساڵ بەردەوامیان بەخۆوە دیوە .

ئاژاوەی خێڵەکییەتی بۆماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بووە تەنیا لە قۆناغی دروستبوون و پێگەیشتنی کۆیلەتیش پاشماوەی هەر ماوە ، لە بواری ژێردەستەکردنی خێڵە بێهێزەکان و یاخۆ یەك گرتنی چەند خێڵێك لە پێناوی پاراستنی ئابوری و بەرگری سەربازی دا بە پێی ئەژماری کەسانی خێڵەکان ، لە هەردوو باردا زیان و نەریتی لایەنی زاڵی بەهێز و زۆربە زاڵبووە ، دیارە بەرژەوەندییە ئابوریەکان پتر یەکیان دەگرت ئەوکاتیش بەرژەوەندی ئابوری نێوان خێڵەکان هێندە دژ بەیەك نەبوون ، تێکەڵاوبوون بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم خێڵانە یەکبخا و هۆزە گەورەکان دروستبێن و ناوچەی ئابوری فراوان بێتەکایەوە ، زۆرجاریش هێرشی تالانکاری و دەستکەوتنی تالان ، لە ئەنجامدا دەبووە هۆی پتەوبوون یا تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم یەکێتییە .

ناوچەی کوردستان ناوچەیەکی جوگرافی نییە دەوروبەری بە دەریا گەمارۆدرابێ ، وە یاخۆ لە دەوروبەری داپچکرابێ ، بەلکو بە پێچەوانەوە سەرەرێی پەڕینەوە و بەیەکدادانی ژیارییەکانی دەوروبەری بووە ، بە درێژای چەندین هەزار ساڵ ، کە بۆتە هۆی بوونی پەیوەندی گرتن بە ژیارییەکانی دەوروبەری و ئاگاداربوونی لە باری گوزەرانییان ، ژێردەستەکردنیان و ژێردەستەیی ئەوانیشی دیوە ، ئەم راستیە تەواوی ژیارییەکانی ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە ، هەر

له ئاشور تـا یۆنان ، به رله وان و نوای ئه وانیش چ تێنه ربوونی کاروانی بازرگانی بوبێ یا جه نگ ، وه یاخۆ هێرشی ئاینی – ئاشور ، ئاکاد ، ئۆرارتۆ ، پارس ، رۆم و مه کدۆنییه کان – ئه م ناوچه یه یان کوتاوه ته وه ، ئێمه له لاپه ره کانی پێشو باسی ئه وه مان کرد ، له سـه ره تاوه تاگه یشتنی ئه سکه نده ر ، ئه مباره ی هه ر له سه ره تـاوه خێرایی کردووه له دروستبوونی یه کێتی خێڵه کییه تی لـه جێگه ی ئاژاوه ی ناوه خۆ ، هۆزه کانی گوتی و لولویی و هوری ... هتد ، له نێوه خۆدا چاکتر یه کیان گرتووه ، ئه مه ش بێگومان به بێ فراژیبوونی ئامیره کانی به رهه م هێنان و باری ئابوری ئه م خێڵانه نه هاتوته دی ، کـه هه وڵیان داوه پارێزکاری ئابوری نێو کۆمه ڵگه کانی خۆیان بکه ن و له دیله یه تی هێزه بێگانه کان رزگاریان بێ .

له مه و به ر ئه وه شمان روونکرده وه که چۆن گوتیه کان یه کیانگرت و بۆ ماوه یه ك توانیان فه رمانره وایی بکه ن له به شـی هه ره زۆری ئه و ناوچانه ی که ئێسته پێیده ڵێن کوردستان ، به لکو ئه وان توانیویانه خه رج و باج بخه نه ئه ستۆی ئاکاده کان و شومه ریه کانیش .

به ڵام نه گه یینی چینایه تی ئه وان نه گونجاوه بووه ده گه ڵ ئه و باره ی ئاکاده کان له نێوان دانیشتوانی نێوانووزێدا سه پاندبوویان ، که سیستمه می ده وڵه تی کۆیله تی بوو، هـه ر چه نده گوتییه کان پارێزکاری شێوه ی کۆیله په رسـتی ئاکادیان کردووه ، به ڵام نه یان توانیوه بیچه سپێنن ، به هۆی ئه وه وه که خۆیان هێشتا نه گه یشتبوونه پـله ی کۆمه ڵایه تی ئاکاد .

بێگومان مانه وه ی هه ندێ شێوه ی خێڵه کی کۆمه ڵگه ی پێشو و له نێو کۆمه ڵگه ی کۆیله تی کارێکی ئاسای بووه ، هێرشی ئه م جۆره هۆزانه که له سه رئاستی نه ریتـه جه نگییه کانی خێڵه کی بووه ، هه رده م ده بووه هۆی تاڵانکردن و تێکدان و کاولکردنی پرۆژه گه وره کان ، ئه م باره ی به سه ر یه کتردادانی هۆزه کان ، بوونی هه نـدێ ناوچه به کۆره پانی جه نگی به رده وام ، که زۆربه ی جار ناوچه ی گوتی و لولوی ، به تایبه تی هورییه کانـــــی ده گرته وه ، ئه گه ر نه شبوبێته ته گه ره له پـێش دروستبوونی پرۆژه گه وره کان وه ك – پرۆژه ی ئـاو – ئه وه له ته ك هێندێ باری تایبه تی تردا تارِاده یه کی زۆر له کوردستاندا ته سکی کردۆتـــــه وه ، ئه مه ش ئه وه مان بۆ روونده کاته وه که چۆن له ته ك هۆیه کانی تر ده سه ڵاتی خێڵه کی له ئاکامدا نه یتوانیوه بـــۆ ماوه یه کی درێژخایه ن خۆراگری .

هه رچه نده دیل گرتن له لای گوتییه کان کارێکی ئاسایی بووه ، به ڵام ئه مه ئه وه ناگه یه نێ که ئه وان له پله ی گه یی بوونی چینایه تی ته واو دابوون .

به لکو ئه وسه رده مه له نێوان ئه م کۆمه ڵگه یـــه دا « کۆیله تی کشتی » باوبووه ، ده رباره ی گوتییه کـــان واته سه رزه مینی گوتی ، لولویی و هوری کـــه له هه زاره ی دووهه می پێشزاینی کۆمه ڵگه یه ك بـــوو به ره و گه یینی چینایه تی ده چوو ، ده توانین بڵێین : نیشانه ی دابه شبوونی چینایه تی تێدا دروستببوو ، زۆری ئه و قه ڵایانه ی ناوچه کانی ئه وان ، دابه شـبوونی کار له م کۆمه ڵگه یه دا ئاشکرا ده کات ، جگه لـه پاشماوه ی کۆره کانی – کۆته په – که به روونـــی سه رهه ڵدانی نه ریتی کۆیله تی ده خه نه روو.

له سه ره تای هه زاره ی یه که می پێشزاینی ، ماننا ده وڵه تێکی بچوکی لولویی و گوتییه کان بوو ، هـه ر ئه و مه ڵبه نده ش له دوایدا ده بێته بنکه ی دروستبوونی ماد ، مه ڵبه ندی ماننا ده ورویشتی ده ریاچه ی ورمێ له وکاته دا به هه رمێنترین ، ناوچه ی کشتوکاڵی بوو، هه رله و مه ڵبه نده یه که م پله ی چینایه تی له سه ده ی نۆیه م تا حه وته می پێشزاینی له گه ین دابوو ، جگه له به ره و پێشه وه چوونی دابه شبوونیکار ، روونـی و ئاشکرایی ته واوی چینه کانی کۆمه ڵ که نیشـانه ی هه ره سه ره کی دروسبوونی له شکره ، له شکریش بـۆ له شکرکه شی کردن بووه ، به هۆی ئه وه وه جگه له وه ی رێگه یه که بـــۆ تاڵانکردن و داگیرکردن و دیل گرتن ، دوایش هۆیه کی سه ره کییه له پاراستنی

دە سە ڵاتی خاوە ن کۆیلە کان ، جگە لە وە ی ئە م لە شکرە بریتی بووە لە ئازادە ی هێزە کان ئە مە ش نیشانە یە کی ترە کە ئە وان لە شکریان بۆ ئە م دوو ئـــــامانجە ی سە رە وە پێکهێناوە .

لە ناوچە کانی ماننا دە وڵە تی گوتی و لولویی ، ئاژە ڵداریش بایە خی زۆری بووە ، لە تە ك کشتوکاڵ ، جگە لـــە وە ی ناوچە کانی ئە وسای هوری بە تایبە تی زۆر بە ئە سـپ بە خێوکردنە وە خە ریکبوون ، هە ر بۆیە ش دە بینین بە شی زۆری خە رج و باج کە لە وان ستێندراوە بریتیبوو لـە ئە سپ و ئاژە ڵی بچوك ، جگە لە وە ی ماننا ئاربو و خواردنە وە ی لە شکری ئاشوری دابینکردووە ، لە وکاتە ی کە ماننا بە یارمە تی ئاشور هێرشی بۆ سە ر ئۆرارتۆ دە برد ، کە چە ند ناوچە یە کی ئە وانی داگیرکردبوو.

بێگومان – ئاشیئاو – ئە وساکە یە ك لە هە رە ئامیـــرە پێشە کە وتووە کانی کۆمە ڵگە بوو ، واش دە ردە کەوێ کە دروستکردنی خواردنە وە لە نێو هۆزە کاندا باو بووە ، ئە وانە ی لە م کارە ی دوایدا کاریانکردووە کۆیلە کان بوون ، جگە لە وە ی زۆربە یان لە دروستکردنی بـــاڵە خانە و قە ڵاکان – قە ڵادە ستکردە کان یا گردە دە ستکردە کان – هە ر ئە وان کاریانکردووە ، کارێزە کانیان لە ســـە رچاوە دوورە کانە وە بە ژێرزە ویدا گە یاندۆتە نێو ئاوایی قە ڵاکان بە شێوە یە کی گشتی لە وکاتە دا ، ناوچە ی زاموا کــە دوایی ئاشور داگیری کرد ، لە باری پیشە سـازییە وە زۆرپێشکە وت بوو ، پاشماوە کانی نزیك بە – سە قز – هونە رمە ندی و کارامە یی ئە وانی تێدادیارە .

دە وڵە تی ماننا لە لایە ن گە ورە پیاوان و پاشـایان فە رمانڕە وایی دە کرا ، دیارە ئە وان دە گە ڵ خە ڵکە کان – نیشتە مات – بە واتا جوتیار و سە پان لە بە ربە رە کانـی دابوون ، لە کۆتایدا بە هۆی ئە وە وە کە خە ڵکی ئە و دە مە خە ریکی دامە زراندنی مـــــاد بوون ، ئە م بـــە ربە رە کانییە یان بۆتە هۆ بە رپابوونی راپـــە ڕینی جە ماوە ر.

ئە کباتانا سنوری جوگرافی زمانە کانی گوتی و لولویی

جگە لە وە ی مە ڵبە ندێکی بازرگانی پێشکە وتوو بوو ، بایە خی خۆی لە وە وە هاتووە . لە و سە ردە مە دا لــە ناو خاکی ماد و بە شە کانی تردا نە ریتی باوکسالاری چە سپاو بوو ، جگە لە وە ی پلە ی کۆیلە تی گشـتی تە واو گە یی بوو ، ئە م ماوە یە ش زۆریـخایاند تاوە کو ماد وە ك دە سە ڵات خۆی چە سپاند ، لـــە و ماوە یە دا مادە کان هە ردە م خە ریکی فراوانکردن و رزگارکردنی ناوچە کانی – ژێردە ستە ی ئاشور – بـوون ، بە تایبە تی ئە مە ش هۆیە ك بوو لە پتر بوونی دە رامە تی دە وڵە ت ، لە خە رج و باجانە و دە سکە وتی جە نـگ بـە چە نگیهێناوە ، بۆتە هۆی ئە وە ی بـــە رە بـە رە بە رە و کامل بوونی چینایە تی هە نگاو بنێ ، لە کۆتایدا نە کهە ر وە ك دە وڵە ت بە لکو وە کو ئیمپراتۆریە تیکی ئە و سە ردە م دە گە ڵ دە وروبە ری خۆیدا رە فتاری کردووە .

ماننا مە ڵبە ند و بنکە ی دامە زراندنی ماد بوو ، ئە گە ر ئە مە بە شێوە یە کی زانستی وە ربگرین ، ئـــە وا دە بێ لە وە بگە ین کە خە ڵکی ماننا بە شێکی سە رە کی بوون لە دامە زراندنی ماد دا بە تایبە تیش ئە وا ئە م کاتە ی ماننا لە راپە ڕیندا بوون ، بۆیە کە ر ئە کباتانا ناوچە ی جوگرافی زمانی گوتی و لولویی بێ ، ئە وادە بێ لە دامە زراندنی مادا رۆڵێکی گرنگیان گێڕابێ ، لــــە راستیشدا سە رچاوە نوسینە بزمارییە کان ، تە واو ئە وە روندە کە نە وە کە یە کێتی ماد – یە کێتی هۆزە مادە کان– ماننا ، گوتی ، لولویی ، هوری و دوایی بە شـێکیش لە ئە سکیتە کان ، یە کێتی هۆزە نـا ئێرانییە کان بووە ، هە ر چە ندە نوسراوە کانی سە رکون گوتی یە کان لـــە ماد جیادە کە نە وە ، بە ڵام نابێ ئە وە مان لە یاد بچێ کە ئاشوریە کان – گوتی – یان بە گشتی و بۆ هە موو هۆزە کانی ئە و ناوچە یە ی لە سە روی باکوری ئاشوردا بوون بە کار بردووە ، جگە لە وە دیاکانۆف دە نوسێ :

ئێمە دە توانین یە کێ لە ناوچە کانی ماننا یا ئە لپی یاخۆ شوێنێکی تر دە ستنیشان بکە ین ، بە ڵام ئە و هە رخۆی دە ڵـــێ : زۆر ستە مە گوتیە کان بخە ینە بە شی

خۆرهەڵات ، بە رای ئەو چەند بە رە و خۆرئاواتر دایان بنێن پتر لە راستی نزیکتردە کە وین . دیارە ئاشور بە مە بەستی نانە وە ی ئاژاوە ئە مە ی کردووە ، چونکــێ بێگومان ئاشور لە یە کێتی هۆزە کانی ماد زیانی دە کرد نە ك قازانج ، جگە لە وە ی ناوچە رزگارکراوە کانی ژێـــر دە ستە ی ئاشور فە رمانرە وای سە ربە خۆی گوتی یان تێدا بوو ، ئە وان دژ بە ئاشور راپە ڕیون ، ئاشـوورییە کان ئە وانیان بە وڵاتی شۆڕش ناودە برد .

لە **700** ساڵە ی پێشزاینی هە موو ئە و زە وی وزارە ی کە یە کیگرت ناونرا ماد – واتە – ئاخ ، خاك – لە گوتی و لولویی و هوریە کان پێکهاتبوو ، ئە وکاتە ش ناوچە ی ورە مێ لە پلە ی کامڵ بوونی چینایە تی دا دە ژمێردری ، واتە مـاد لە ئاستی ئۆرارتۆ و ئیلام بووە ، بە رە وپێشە وە چونـــی ماد نە ك تە نیا بووە هۆی هاتنە ژێر دە ســە ڵاتی هە موو پادشا نشینە کانی سنور ، بە لکو ئە م بە رە وپێشـە وە چوونە نە بوایە ماد نە یدە توانی ئاشور لە ناوبە رێ و زۆر ناوچـە ی تر بخاتە ژێر دە سە ڵاتیە وە ، هە ر لە و کاتە شدا بــوو ئە سکیتە کان هاتنە پاڵ گوتی و لولویــی و هوری و بە شە کانی تری ماد ، ئە وانە یش لە پلە ی پێشە کە وتوو دابوون ، لە ناوچە کانی قە رە داغ – سپڵانداغ ( سـابڵاخ ) لە پلە ی چینایە تی و دە وڵە تیدا دە ژیان دە گە ڵ مـاد گشتیان یە کیان گرت .

ئە وکاتە کۆمە ڵگە ی ماد پێکهاتبوو لە خاوە ن کۆیلە کـان – پیاوگە ورانی ماد – کێخوا ، یا خوایی ئاوای یە کان ، کە بە خاوە ن ماف و زە وی ناسراون بە رامبە ر بە کۆیلـە و ئازادە کان کە زۆربە یان لە جوتیارە کان بوون ، لـە تە ك خاوە نپیشە کان .

ئێمە ئێستە ش ناتوانین بڵێین : نە ریتی کۆیلە تی لە نێو ماد دا چە سپابوو ، بە باوە ڕی – دیاکانۆف – ئە وە رووداویکە ئە و بە بە ڵگە دە یهێنێتە وە و دە نوسی : لە لە شکرکە شی ماد بۆ سە ر ئاشور دوایی بۆسە ر بابل ، مادە کان پتر تاڵانیان لە گە ڵ خۆیاندا بردۆتە وە ، کە متریش دیـــلی جە نگیان دە بردن ، بـــە رای ئە و ئـــە م رە فتارە ئە وە دە سە لمێنی کە هێشتا لە نێو مادا پلە ی کۆیلە تی رە سە ن نە چە سپی بوو .

لە کاتێکدا هێندێ سە رچاوە ی تر دە ڵێن : زۆربــە ی هە رە زۆری لە شکری ئاشور و بابل لە دیـــلە دە ستگیرکراوە کانی هۆزە جیاجیاکان بوون ، لە کاتیـخۆیدا ئاشور و بابل بە دیلی بردبونیان ، ئە مە ش ئە مە مان بۆ روندە کاتە وە بۆچی مادە کان دیلیان نە بــردووە ، بێگومان لە بە ر ئە وە ی زۆربە ی خە ڵکی ناوچە کانی خۆیان بوون ، کە واتە لە بە ر ئە وە نییە هۆزە کانی مـاد لە پلە ی کامڵ بوونی چینایە تی دا نە بوون و ، بۆیە ش دیلیان نە بردوون ، چونکێ بە گوێرە ی رە وتی مێژوو گە ر لە و پلە یە دا نە بان ، لـە کاتێکدا ئێمە دە زانین کە بردنیان دە بووە هۆی پترکردنی بە رهە م بە و هۆیە وە دە بونە دە ستیکاری لە خۆ زێتر ، دە بوایـــە دە ستگیرکراوە کان ببە ن ، بۆ ئە وە ی بە کۆیلە تـــی کاریان پێبکە ن نە ك بە رە ڵایان بکە ن ، چونکی گومان لە وە ناکرێ کە ئە م جۆرە کۆمە ڵگە یە بـــە ردە وام هە وڵ و تە قە لای ئە وە یداوە بە رهە می پتر بێ بە ڵام بۆ ماد نە دە شیا خە ڵکانی خۆی کە لە دە ست دیلێتی و کۆیلە تی ئاشور و بابل بێزاربوون دووبـــارە بە کۆیلە بکاتە وە .

پە راوێزە کان

تاکری تاین : تکریتی ئێستە

کارکمیش : قە ڵایی لە سە ررێگای دە ریایی سپیناوە راست

گالیس : قیزلئێرماق – هالیس ، مە بە ست روباری قیزلئێرماقە لە تورکیا

نوسراوە ی بێستون : مە بە ست پاشماوە کانی کێوی بێستونە .

موغە کان : ئە وانە ی ئاینی زە ردە شتیان بڵاودە کردە وە لە چینە خاوە ن زە وی و دە وڵە مە ندە کانی کۆمە ڵگە بوون .

١– مە بە ست سە ردە می ساڵانی ٧٥– ٨٠ یە .

جه واد مه لا

# کوردســـــــــتان
# نیشتمان و گه لێکی بێ ده وڵه ت

چاپگه و بڵاوگه ی کوردولۆژیا له نده ن 1985

به شی سێیه م

وه رگێڕانی له عه ربییه وه بۆ کوردی زاریسورانی
**شێرکۆ کۆیی**

هەواڵنامەی کتێب

## زمانی کوردی ، وێژه ی ده روه ست

زمانی کوری زمانی نه ته وه یی تایبه ت به نه ته وه ی کورده ، سه ربه کۆمه ڵه زمانه کانی هینئو - ئه وروپیی کۆن و ره سه نه ، تاوه کو ئێسته ش له زۆر مه ڵبه نـــــــدی کوردستاندا پارێزگاری پاراوی خۆی کردووه . بـــــــه هۆی نه بوونی ده وڵه تێکی سه رتاسه ری کوردستانی به درێژایی چه ندین ماوه ی مێژوو ، له لایه ك ، له لایه کی تر وه به هۆی سروشتی چیایی رك و سه خت که په یوه ندی نێــوان زۆر له ناوچه کانی کوردستانێ پچڕاندووه ، به تایبه تی له که شی به فرکه وتندا ....... هۆیارمه تیده ری سه رهه ڵدانی چه ندین زاری نا وچه یی بوون له بواری هه زاران ساڵدا ... ده گه ڵ ئه وه شدا زاره کانی زمانی کوردی لـــه یه کدی نزیکن و به ئاسانی ده کرێ له یه کدی تێبگه ین ، زاره کـــان ئه مانه ن :

١- کرمانجی باکور : زۆربه ی گه لی کورد بـه و زاره ده ئاخفی ، له نێوان کورده کانی کوردستانی ژێرده سته ی تورکیا و « ته نێ ناوچه ی ده رسیم نه بێ » سـوریا و کۆنه یه کێتی سۆڤییه ت و ناوچه ی بادینانی نێو سـنوری عیراق و ناوچه ی خۆرئاڤای ده ریاچه ی ورمێ هه ر له شاری « شـــــنۆ » تاوه کو دوایی باکوری کوردستان ژێرده سته ی ئێران به زارا کرمانجی باکور دئاخڤن .

٢- کرمانجی باشور ( سۆرانی ) : ئووه م زاره له به ر بڵاویدا، وه لێ زاری یه که مه له لایه نی فراژییوونـــی

زمانه وانی ، پتر له په نجا ساڵه زمانی خوێندنه ، ته واوی کوردی ئه و به شه « بێجگه له ناوچه ی بادینـان و هه ورامان نه بێ یه که میان به کرمانجی باکور، نووه میـان هه ورامی و ناوچه ی خوارووی مه نده لیش به زاری فه یلی » و ناوچه ی ناوه ندی کوردسـتانی ژێرده سته ی ئێـران ، نێوان سنه و سابلاخ به و زاره ده په یڤن .

٣- زاری لوڕی و لقه کانی « له ك ، فه یلی ، به ختیاری » زاری سێیه من له به ربڵاویدا ، ته واوی ئه و ناوچه ی لـه خوارووی ناوچه ی کرمانجی باشور را ، تاوه کو ده راوی فارسی به و زاره ده په یڤن .

٤- لقه زاره کان : وه ك « زازایی ، هه ورامی ، گۆرانی » زمانی کوردی زمانێکی سه ربه خۆیه خاوه ن رێزمـان و وشه و زاراوه و به ره پێشه وه چوونی تایبه تی خۆیه تـی ، نه زارێکی تورکی شێوێندراوه ، نه فارسیه کی سه رزاره کییه ، وه ك چۆن شۆڤینیسته تورك و فارسه کان بالۆره ی لۆ ده هۆننه وه .

له وه ته ی بڵاوبوونه وه ی ئیسلام له کوردستاندا ، لـه نوسینی کوردیدا پیتی عه ره بی ( له راستیدا ئه و پیتانه عه ره بی نین و بـــۆ ئه وه ی له گه ڵ خوێندنه وه ی عه ره بی قورئان بگونجێن نه ك عه ره ب خۆیان به لکو بیانی ده ستکاریان کردوون و بۆ عه ره بیان چاککردووه - و ) به کاردێنن . ئێستیکه ش کورده کانی ژێرده سـته ی ئێران و عیراق هه ر ئه و پیتانه ( ده ستکاریکراوانه - و ) به کاردێنن ، کورده کانی کۆنه سـۆڤییه ت پیتی روسـی ( کریلیچه ی ده ستکاری کراوه - و ) له کاردێنن ، له تورکیا و سوریه شدا پیتی لاتینی دێن نوسین ، پســـپۆرانی زمانه وانی کوردی وه کو ( عه زیز عه قراوی ، عوسـمان سه بری ، جه مال به نه ز ) له سه ر ئه و باوه ڕه ن که پیتی لاتینی بۆ نوسینی کوردی نه ك هـه ر ده ستده دا به لکو زۆر گونجاوتریشه .

به ناوده نگترین چیرۆکی کلاسیکی لـــه وێژه ی کوردی مه م و زین - ه ، که شاعیری گه وره ی کورد ئه حمه دی خانی به شیعر هۆنویه تییه وه ، ئیدیش هه ن ، وه لـێ مخابن به شێکی زۆری ئـــه و سامانه له نێوچووه و نه گه یشتۆته نه وه ی ئێمه ، وێژه ی کوردی له سه ده ی نۆزده هه مه وه ژیایه وه ، به ڵام شیعر لـه هه موو بواره کانی تر پتر زاڵبوو ، رۆمـــان و چیرۆك هێشتا که له به ریان گه وره یه بـه پێچه وانه ی کورته چیرۆك که بنوسی زۆرن .

لـه ماوه ی چه ند سه ده ی رابردوودا چه ندین شاعیری ناودار هه ڵکه وتوون ، نمونه ی : ئه حمه دی خانـــی ، مه لای جه زیری ، عه لی حه ریری ، مه وله وی ، نالی ، سالم ، حاجی قادری کۆیی ، مه ولانا خالیــد ، ئه حمه د موختار ، له و سه ده یه شدا نمونه هــه ن وه ك : پیره مێرد ، بێـکه س ، هه ژار موکریانی ، عوسمان سه بری ، جگه رخوێن ، ژیر ، هه ردی ..... هیدی .

هه روه ك چه ندین بنوسی هێـــژاش ده رکه توون ، ئه وان ده ربـاره ی کورد و گرفتی نیشتمانیان نوسیوه ، نمونه ی : موحه مه د ئه مین زه کـــی ، موحه مه د عه لی عه ونی ، جه مال نه به ز ، عوسمان سه بری ، پێره ش ، که ندال نزان ، عیسمه ت شه ریف وانلی ، حه مره ش ره شۆ ، که مال مه زهـــه ر ئه حمه د ، مه سعود محه مه د ....... که لیکی دی .

ئامانجی ئه و باسه هه ڵسه نگاندنی وێژه ی کوردی و ، دیارکردنی رۆڵی نیشتمانی و دانوستاندنه له سه ر باری ئێسته ی و توانای لێستنی رۆڵی کاریگه ری له بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستاندا ........ ره نگبـێ هه بن وای تێبگه ن که وێژه بۆ ئێمه شتێکی گرنـــگ نییه ته نیا به که ڵکی چه ند که سێکی هه ڵبژارده دێت که تام و چێژی لێده که ن ، له راستیدا ئه و رایه هه ڵه به رده وام داگیرکاران ده هۆڵیان بۆ کوتیوه ، بۆ ئه وه ی بواری وێژه سـنوری ده سته یه کی دیارکراو بێ و له ئازارلی که لان به دووربێ ، راستی وێژه هه ر وێژه یه ك کاریگه ری قولی له راده ی فراژیبوونی رامیاری و ژیاری هه ر کۆمه ڵگه یه دا هه یه و ، ده کرێ وێژه ی هــه ر

کە لێك لە قۆناغێك لە قۆناغە کاندا تێشکێنراوە ی پلە ی ژیاری ئە و گە لە بێ .

هە ڵبە ست و پە خشان و فۆلکلۆری نە تە وە یی و بوارە کانی تری وێژە لە دایکبووی رێکە وت و فرۆسماندن نین هێندێ سە رە دە ری لێکە ن و هێندێکیش تێینە گە ن ، بە لکو بە رهە می بە رە و پێشە وە چوونی کۆمە ڵگە و تێشکێنراوە ی باری رودە کی و ئە و بنچینە زیندووانە ن کە لە سە ریان هە ڵنراون و ئە و رێچکە رامیاریانە ی بە رئە نجامی ئە م بنچینانە ن ....... وێـــژە ی گە لان بە قۆناغی جیاوازدا تێپە ڕیوە و ئادگاری ئە و قۆناغانە ی بە خۆە گرتووە ، وێژە ی نە تە وە یی رزگاریخواز هاوکاتی تە واوی قۆناغە کان بووە ، وە ك چۆن هە رگیز گە لان ئا شنای وێژە ی سە ربە خۆ لە رامیاری ، بە رژە وە ندی نیشتمانـــی و دورە پە رێز لـــە خە بات و ململانێی کۆمە ڵایە تی و بزووتنە وە ی رزگاریخوازی نین، هە ردە م وێژە بە شێك و لایە نێکی گرنگ و زیندووی خە بات بووە و هە رگیز لێیدانە پچڕاوە

بنوس ، شاعیر یا چیرۆکنوس ، کاتێ دە نوسێ ئـە وە تۆماردە کات کە باوە ڕی پێیە تی ، بیروباوە ڕە کانیشـی هە ڵقوڵاوە ی باوە ڕ و دۆخی نـــە تە وە یـــی و کۆمە ڵایە تی و ئا مانجە کانیە تی . دە بینین نوسە رانی سە ر بە بە رە یداگیرکار کە دژی شۆڕش دە وە ستنە وە هە ردە م لە بە رهە مە کانیان دوپاتە ی ئە وە دە کە نە وە کە کۆمە ڵ هە رگیز ناکرێ یە کسان بێ ، خە ڵـکان وە کچۆن پە نجە کانی دە ست جیا و کورت و درێژن ، هە ردە م ئاغا و مسکێن و گە ورە و بچوك هە بـوون ، ئـــە وان ئاغا و دە سە ڵاتداران وە ك خـــواو و بت دە ناسێن ، لە هە مان کاتدا واپیشاندە دە ن جـــە ماوە ر کە سانێکن نە لە هیچ تێدە گە ن و نە هیچیش دە زانن ، لە کاتێکدا بنوسانی رزگاریخواز ئە وە دە ردە خە ن کە گە ل هۆکاری سە رە کی دروستکردنی مێژوو و گۆڕینی جیهانە ، ئـــە و بارە ناهە موارە ش دە خە نە روو کە نە تە وە بچوکە کان بە هۆی چە وساندنە وە لە ژێریـــدا دە ناڵێن .

هە روە ك داگیرکاران بالورە ی ئە وە لێدە دە ن کـە وێژە بێلایە نە ، وێژە ی گشتی مرۆڤایە تیە ، زۆرکردن لە کە سانی ئە وبوارە تۆقاندنی بیریە ، دە بێتە هۆی پوکاندنە وە ی وزە ی جوانکاری ، بە و شێوە یە وێژە ی سە ربە خۆیان دە کە نە باو و ، رێگە دە گرن لـە وە ی کە سانی ئە و بوارە دە روە ستی خە باتی نە تە وە یی رزگاریخواز بێن ، تە نیا ئامانجی ئە و دروشمانە ئە وە یە وێژە ئامیرێك بێت بە دە ست رژێمە کانیانە وە ، چونکێ وێژە گوتە ی ئاسایی یا وتاری رامیاری نییە ، بە لکو باڵاترین دە ربڕین و ناسکترینیانە هە ر بۆیە لە دڵ و گیان و مێشك و بیری خە ڵکیدا کاریگە رە ، کە سێك نیە موچرکی پێدا نە یە کاتێ چامە یە کـــی جوان دە بیستێ ، یاخۆ چیرۆکێکی وردچنراو دە خوێنێتە وە یا بە رهە مێکی هونە ری جوانکار دە بینێ ، بۆیە هە روە ك لە پێشە وە گوتم وێژە هۆکارێکی گرنگ و کاریگە رە لـە بیری مرۆڤ ، بە و هۆیە شە وە یە وە ك چە کێکی دوودە م وایە ، دە توانری راژە ی گە ل بکات گە رێتو بە زمانێکـی پاراو کە خە ڵکی لێی تێبگە ن بنوسرێ بتوانێ بچێتە دڵانە وە و ناوە رۆکی نیشتمانـی و رزگاریخوازی و شۆرشگێڕانە بێ ، بە و واتایە وە گیر و گرفتە کانی کۆمە ڵگە و خە باتی وان بخاتـــە روو و پە ردە لە سە ر زۆرداریکۆمە ڵایە تی و چە وساندنە وە ی نە تە وایە تـــی هە ڵماڵـــێ و وزە ی جـــە ماوە ری چە وساوە دژی داگیرکار بێنێتە جۆش ، بۆ شۆڕش و راپە ڕین هانیاندا و بـاوە ڕیوون بـــــە دوارۆژ و سە رکە وتن پتە و بکات ، لە کۆنە وە بنوســـی کورد ئە حمە دی خانی لە مە م و زین دا جوانی گوتـوە ، بنچینە ی فە لسە فە و رامیاری بزووتنە وە ی رزگاریخوازی کوردی بە ر لە سێسە د ساڵ ئاوە ها دارشتووە :

بـــێ جـــە نگ و جـدال و تـــە هور
نـــــایە کوردســـتان بێتە تـــە سور

واتە بە بێ جە نگ و رامیاری و خۆخستنە مە ترسیە وە

هه رگیز بیر له وه مه که نه وه کوردستان به رزگارکراوی ببینن ، هه روه کچۆن بنه مای کۆمه ڵایه تی نه تـــه وه ی کوردی دارشت ، ئاوه هاش داوای یه کسانی کۆمه ڵایه تی نێوان چینه کانی کۆمه ڵگه ی کردووه ، له بواری ئه وینی خاتوو زین ی کچه میر و رۆڵه ی گه ل کـــاکه مه م .

# ئادگاری وێژه ی ده روه ست و وێژه یه کی کـــوردی چۆنمان گـــه ره که

١- پێویسته ناوه رۆکی شـۆڕشگێڕانه و رزگاریخوازانه بێ ، به ته واوی لایه نگیری شۆڕش بکات ، مه به ستم له شۆڕش بزووتنه وه ی له بنچینه وه گۆڕانه ، که شۆڕشی نه ته وایه تی و کۆمه ڵایه تی هه ڵته کێنه ری رژێـمی کۆنه په رستییه و نیشتمان له داگیرکار رزگارده کا .

٢- ده بێ دژ به وێژه ی داگیرکاران و شۆ ڤێنیسته کان و کۆسمۆ پۆلیتیکان بێ ، جه نگێکی بێپه روا دژی گـشـــت به رهه مێکی نانیشتمانی به رپا بکات . پێوه ری راسته قینه ی پێوانی هه ر وێژه یه کی شۆڕشگێڕ و نیشتمانی ، دژایه تی کردنی دوژمنانی گه لی کورد و ده روه ستبوونه به گرفتی شۆڕش و به رژه وه ندی جه ماوه ر .

٣- پێویسته به زمانی جه ماوه ر بنوسرێ ، زۆربه ی هه ره زۆری هاووڵاتیانی کوردستان لێی تێبگه ن ، ئه و به رهه مه وێژه بیانه ی به زمانێکی ئاڵۆز و ره قوته ق ده نوســرێن له کۆتایدا له قه پێلکێکی بچوکدا و له بازنه ی رۆشنبیران و ئه وانه ی به وێژه وه خه ریکن ده مێننه وه ، به م جـۆره له جه ماوه ر داده برێ و راژه به جه ماوه ر نـــاکات جا ناوه رۆکی هه رچی ده بێ بابێ ، پێویســـته وێژه بۆ جه ماوه ر بێ و سودی لێوه رگرن و تێبگه ن .

٤- ئه وانه ی به وێژه وه خه ریکن پێویسته هه ڵوێستیان به رامبه ر جه ماوه ر هه ڵوێستی فێرخوازانه بێ ، رۆڵـی رابه رایه تی نه لێژن ، ده بـــێ له وانه وه فێربـــن ، تاقیکردنه وه و تێکۆشانیان به شێوه یه کی بـاڵای پڕ له جوانکاری هونه ری دابرێژنه وه و پێشکه شی جه ماوه ری بکه نه وه ، ناواخنی به رهه مه کانیان گیروگرفتــــه سه ره کییه کانی کۆمه ڵگه بێ .

٥ - پێویسته وێژه دڵروون بێ ، تیشکێنراوه ی لایه نی رۆشه نی ژیان بێ و باوه ڕبوون به پاشه رۆژ و لــــه گیاندا بچێنێ و هانی خه بات و شۆڕش بدات .

٦- هه ڵوێستمان لـــــه به رابه ر وێژه ی کۆن چۆنه ، به ته واوی به ره رچییده ینه وه یاخۆ ده بێ لێـــــی وردبینه وه ؟ له راستیدا پێویسته له وێژه ی کـۆن بکۆڵینه وه ، به مه به ستی لێوه فێربوون و راماڵکردنـی پردێك له نێوان وێژه ی کۆن و نوێ تاوه کو وێژه ی نوێمان ره سه نایه تی بپارێزی و په یوه ندی به مێژووی نه ته وایه تیمانه وه نه پچڕێ ، نابێ بیری گـــه لانی دی کۆپی بکه ین ، هه رچه نده له بواری ژیـــــاریدا به پێشکه وتبن ، چونکێ وێژه ده بێ ره گی داکوتراوی لـه خودی کۆمه ڵگه ی خۆیه وه بێ ، پێویسته به رله وه ی مل بنێنه ده رزکردنی وێژه ی گه لانی دی خه ریکـی ده رزکردنی وێژه ی گه لی خۆمان بین .

٧ - ده ربـــــاره ی گرفته کۆمه ڵایه تییه کان ، وێژه پێویسته به ره نگاری نه زانین و پاشکه وتن و تێڕوانینی ده ره به گانه و ناوچه په رستی و لوتبه رزی تایفه گه ری بێته وه ، داوای یه کسانی ژن و پیاو بکات و رێگه بۆ بیری دروستکاری کۆمه ڵگه ی نوێ خۆشکات ، ئه مه ش یه که م ، به هه ڵته کاندنی تیکه و بۆچونی داگیرکـــاران

نووه م به نیایی کردنی جه ماوه ر بـــه تیگه و بۆچونی کۆمه ڵگه ی نویٚ که ئامانجـــی شۆڕشـــه ، ئـه ویش کۆمه ڵگه یه که له سه ر بنچینه ی رزگارکردنی خاك و مرۆڤی کوردستان له یه ك کاتدا .

٨- نابیٚ وێژه به گژ هه ستی ئاینی جه ماوه ر دابچـیٚ ، به لکو ده بیٚ رێزی بگری و هه ستی گه ل نه روشێنیٚ ، گرفتی وا نه خاته کۆڕی باسه وه که جه ماوه ر ناتوانی خۆی پێوه خه ریك کات ، ناشبیٚ پێشبینی ئه وه بکات که نه ریتی باو ، به رهه می هه زاران ساڵه به کۆڵه مستێك ده ڕوخیٚ ، هه رچۆنیێیٚ ئه مه ئه وه ناگه ینی که ده بیٚ وێژه له ئاستی جه ماوه ردا دابمێنیٚ و به هه مان تیـگه ده ربڕبڕیٚ ، به لکو پێویسته به پێشیکه وێته وه ، بـــه ڵام به شێوه یه ك جه ماوه ر بتوانی بیگاته وه ، بـه و گوێره ی وێژه نمونه ی باڵای وا ده خاته روو که جه ماوه ر ده یان کاته سه ره مه شق ، وه لیٚ گه ر زۆر رۆیی ئـــه وا لـــه گه ل داده برڕیٚ و ده که وێته هه ڵدێری نووره په رێزی به کورتی پێویسته نه وه یه کی شۆڕشگێڕ ئاراسته بکات ، ده مانه ویٚ چه ك بیٚ و له جه نگی جه ماوه ردا هۆکارێکی هێنانه دی ئامانجـــی رزگاریخـــوازی نه تـــه وایه تی و مرۆڤایه تی هاووڵاتیانی کوردستان بیٚ ، ناکریٚ وێژه لـــه نێوان گه ل و نوژمنانی دا چه په ربیٚ یاخـــۆ به ر پارسه نگ و له نگه رکاربیٚ ، چونکیٚ به رژه وه نـــــدی جه ماوه ر ته واو دژی به رژ وه ندی داگیرکاره ، بۆ یه بواری وێژه ی ئێمه ته نیٚ لایه نگیری کردنی گه ل و پشگیری گرفتی هاووڵاتیانی کوردستان و مافی نه ته وایه تی و کۆمه ڵایه تی ره وایانه !!

□

ناونیشانی نوێی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانـی کوردســـتان

KAPNK

P.O .POX . 533

00101 HELSINKI

FINLAND

---


چاپگه وبڵاوگه ی

ئاگری

به هه موو ئــــه م جۆره پیتانه ئاماده ی چاپکردنی به رهه مه کانتانه !!

**ئه کباتان**

**ئه گه رده ته ویٚ به رهه مه که ت جوان و رازاوه بیٚ .**

**هه ولێر**

ئه گه ر ده ته ویٚ به رێك و پێکی ئـه و ده قه ی مه به سته بڵاوبیکه یته ود .

ورمیٚ

ئه گه ر ده ته ویٚ یارمه تی بــــۆ خۆت ده ستخه یت و کۆمه کی کۆمیته ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردســـتان بکه یت

**دیاربه کر**

**ئه گه ر نیازت وایه کاره که ت پاره یه کی زۆری تێته چیٚ**

ئه فرین

به قه واره ی جیـــا و به هه ر شــــــێوه یه کی مه به ستان بیٚ ، هه روه ها رازاندنه وه ی به رگ نه خشه و وێنه ی ره ش و سپی و ره نـــگی خۆشنوسی . به هه مان شێوه بـــه جۆره ها پیتی لاتینی ده توانن به رهه مه کانتان به چاپبگه یێنن !!

# جگه له هه موو ئه وانه

ئه گه ر به رهه مه که ت بۆ منداڵانی کوردستان بیٚ ئێمه ئاماده ین به شداریتان بکه ین و به خۆڕایـی بۆتانی چاپبکه ین !!

بۆ پتر زانیاری به ناونیشانی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

په یوه ندی بکه ن ؟

سلێمانی – هه ولێر – ئه نقه ره – ئه سته نبۆل

راپۆرت – په یامنێری دلانپار

رێناس گه رمیانی- نه ورۆز له

که رکوك نۆ رۆژ بوو !

تواناتوانا- کـــه رکوك

سه ره تای ئاراره کردنی راپه رین

حه سیب قه راداغی- هۆنراوه ی

پـــــرس و خـۆشـه ویـستـی

# فایلی

## شـــــاره گرێ

# که رکوك

# داستانی ئاوارەسەر لە دوونراوەکان

ئازار و ئەشکنجەی دانیشتوانی شاری کەرکوکی دێرین لە هەردوو دیوی هێلی ٣٦ دا نموونەیەکی بێهاوتای کارەساتی هاوولاتیانی کوردستانە، چاوەیەکی نایابە بۆ لێوردبوونە و وانە فێربوون، پێوەرێکە بۆ پێوانی چەندیەتی و چۆنیەتی دلسوزی بۆ نیشتمان و بەدەنگەوە هاتنی مرۆڤی کۆسکەوتە و لێقەوماو، جیاکردنەوەی دروشم هەلدەر و قسەی سەرزارەکی لە هەستی مرۆڤ پەروەرانە.

هەرگیز جەماوەری کوردستان وەک ئێمرۆی دووچاری رامیاری سەرلێشێواندنی هەلخەلەتێنەر نەبووە، بەراستی دەبێ زۆری بیر لێبکرێتەوە، کە لێک جاک هەلسەنگێندرێت، ئەو بارەی ئێمرۆ کوردستانی تێکلاوە راستەوخۆ ئەنجامی رامیاری دووفاقەی دەولەتانی خۆرئاوا و ئەمریکایە، کە لە سەریکەوە دۆستی هاوولاتیانی کوردستانن و لە سەرێکی تریشەوە دوژمنی باوەکوشتە، لە سەرئاستی کوردستاندا، ئەوان تورکیاشیان دەکەل هێزە کوردی و کوردستانییەکان بەگژ یەکیدادەکەن، لە لایەکیکەوە لە سەرئاستی ناوچەیی هەر بەشێکی کوردستاندا جەماوەر دەستخەرۆ دەکەن، ئەوەشیان بێگومان هەر لە رێی بەکارهێنانی پارت و گروپە گەورە و گچکەکان.

گرنگ ئەوەیە هاوولاتیانی کوردستان کوردستانیان لە بیر بچێتەوە خۆ ئەگەر کوردستانیان لە بیر نەچووەوە لە بەر گەورەیی و فراوانی ئەو ولاتە ئەوە هەر نەبێ پارچەیەکی هەرە گرنگی وەک ناوچەکانی ئەودیوی هێلی ٣٦ لە بیر بکەن! بەلام ئایا ئەو خەیالپلاوە تا چەند بۆ ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی دەچێتە سەر؟

«خەلکی کەرکوک و ناوچەکانی دەرەوەی هێلی ٣٦ دەلێن ئەمە پلانێکی تایبەتییە، ئامانجی ئەوەیە پارچەیەک لە خاکی کوردستان لە بواری رامیاریدا بەخشکەیی دابڕدرێت و ببێتە بەشێک لە خاکی عەرەب! بەشێکی وا هێندەی ئەو کوێتە بێت کە ئەمریکا و خۆرئاوا لە پێناویدا خۆبەکوشتبدەن، وەک ئەویش دەولەمەند بێ، بایی ئەوەندەی هەبێت ئەمریکا و خۆرئاوا خەونی خۆشگوزەرانی خۆشخۆشی پێوە ببینن»

دانیشتوانی کەرکوک لە دیوێکدا لە ژێر زەبر و زەنگی رژێمی فاشی و تۆقاندنی دامودەزگا داپلۆسێنەرەکەی بەعس دان، وایپێدەچێ دوای داگیرکردنەوەی کەرکوک ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئیدی لە شارەکانی تری ئەوبەشەی کوردستاندا، واتە دیوەکەی تری هێلی ٣٦ دا لە ژێر فشاری سەرلەدوونان، راونان و بارینامە مواردان ..... جێگەیداخە!

دانیشتوانی شارەکانی تری کوردستان سەرقالی ژیانی رۆژانە و دەرهێنانی پارووی نانن لە کەروی ئەژدەهای حەوتسەری بازاری رەشوسپی (لە راستیدا بازاری زەرد و سەوز و شین و ..... هتد) تارادەی گێژبوون، هێندێکیش وا فێرکراون بە کوێرەی بۆچوونی ئاوارەکانی کەرکوک «هەرگەمژەبن»!!

لە پاشماوە کاولەکەی حەسیب سالح و بالەخانەی ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانی، لە چەند ریزە دوکانێکدا لە جەرگەی شاری هەلەت و قوربانیدا!!

بە نێو ئاوارەکانی کەرکوکدا گەرام بە ئارامیکەوە کە لە پاکی گیانی شەهیدە نەمرەکەی شاری بابەگوڕ گوڕەوە خواستبوومە وەکوێم بۆ رەخنە و گلەیی و ئاوات و ئامانج و شیعر و گۆرانیەکانیان کرت .....

ئـــه و شاره قاره مان و شه هیدی زۆرن ، هــــــه ر له شه هید ئه نوه ره وه تا شه هید ئارام . . . . . که چی لێره له هه ر روویه کدا منداڵ پیر گه نج نێر و مێ . لـــه گشتیان ئاماده تر سیمای . . . . . . مامه ڕیشه یه ، له نێـــو چه واناندا یه ك پرسیار ده خوێندرێته وه : ئه گه ر مــامه ڕیشه بمایه که رکوکیش هه روا ناوچه یه کی ژێرده ستی رژێمی به غدا با ! چیده کرد ؟؟ دڵنیا نه فره تی لــه و پاروه نانه ده کرد له تورکیاوه له مستی منداڵانی باشوری کوردستانی ده نین ، له کاتێکدا ئه وی رۆڵـــه ی چاوتێری ده وڵه مه ندترین باخـــه ڵ و گه وره ترین و ملیۆنێرترین باوه گوڕگوڕی جیهانه ، شه رمی ده ستپانکردنه وه لـــه به رده م ئه وانه و ئازاری منداڵانی کوردستان ، ئه و هێنده غیره ته یان وه به رده دا له و دنیا بێبه زه ییه یاخی بێ ئه و هێڵه هه ڵته کێنێ که وه ك دیوارێکی پۆڵاین له نێوان کوره ینان و زکیبرسی هه زاران هه زار له هاووڵاتیانـــی کوردستان ناوی نراوه هێلی ٣٦ ، رۆژانه له و دیویه وه تاوانبارێکی وه ك سه دام په نجه ی هه ڕه شه ی لـــه په نادا ده وه شێنێ ، مامه ڕیشه ی کوڕی بـــاوه گوڕگوڕ خۆ ئه وه نده به خۆی راده په ڕمووی خـــۆی بـــکاته چیڵه دینامیتێك و دیواری ٣٦ ی نه فره ت هه ڵته کێنێ.... له به رابه ر هه ر له ته نانێك که به تورکیا دا ده گاته وه باشوری کوردستان له شکری تورکیا خه رمانی جوتیارێکی کورد لـه باکوردا ده سوتێنێ . . . . ! کوردی هه موو جیهان به تایبه تی هاووڵاتیانی باشور ده بێ بێده نگ بن ! بـه رابه ر هه ر چه ند دۆلارێك که به تورکیادا بگاته وه باشـــوری کوردستان ، تورکیا چه ند شار و گوند و مه زرا کاول ده کات ، کوردی هه موو جیهان و باشوریش ده بـــێ بێده نگ بن !! به رابه ر هه ر ڤیزه یه ك کــــــه گوایه به ئازادی به خاکی تورکیادا به ره و باشـوری کوردستان ده ڕۆین ، چه ند رۆڵه کوردێك زیندانی ده کرێن و چه ند زیندانییه ك هه ڵده واسرین .... کوردی هه موو جیهـان ، به تایبه تی باشوری کوردستان ده بێ بێده نگ بن !! ؟؟ ئای له و باجه گه وره و مه زن و جگه ر بڕه ، ئـای له و زیانه نیشتمانییه قه به یه ی له سه رمان ده که وێ ئێوه رابه رانی پارت و رێکخراوه کان ، ئێوه چه ماوه ری کوردستان ئایا له وه ده گه ن کاتێ زیانی بوونی پاروه نانێك ده گاته ئاستی سوتاندنی خه رمانێك ؟ هه مـــوو ئه و دێڕانه له سه رتارمایی ئه و دیواره دان کـــــــــه نـــــــاوی نراوه هێلی ٣٦ !!

وشه کان تیکه ڵ به دوکه ڵ و سرپنه وه ی ئاره قه ی نێوچه وان ده بن ، باڵه خانه که بێ ده رگا ، په نجه ره کانی به نایلۆن و کارتۆن ته خته و ته نه که گیراون ، زه وی و داڵانیکی پیس و پۆخڵ ، ئاو له ته نه که و به رمیلدایه ، پێناچێ زه ویه که کاشی کرابێ . . .

– لێره ده بین و ناڕۆین !

وامزانی ئه و دایکه ئێره ی پێخۆشه ! ئێوه بڵێن وابێ نه گه ڕێته وه که رکوك ؟

دوایی تێگه یشتم هه ڕه شه له کوڕه گه نجه که ی ده کات .

– شێت بووی خارجی چی ! کوڕم خۆ دنیا هــه روا نابێ ماوه یه که و ده گه ڕێنه وه !

له هه موو شوێنێ جێمان ده بێته وه ته نێ له هه ولێر و سلێمانی و دهۆك و . . . . . . . . . که رکوك نه بێ !! ئه مه ی ســـه ره وه راستییه کی جـــه رگبڕه و دڵ ده ئه نجنی ، ئاواره کانی که رکوك له گشت شوێنێکی ئه و جیهانه جێگه یان ده بێته وه له که رکوك نه بـــێ چونکی که رکوك له ژێرده ستی به عس و رژێمی فاشی عیراقیدایه ، له شاره کانی تری باشوری کوردســتان ، له جیاتی رێز و به تین کردنی هه ستی خۆشــه ویستی نیشتمان و هیوای گه ڕانه وه و رزگارکردنی شـــاره پڕ له خێرو بێره که ی که رکوك و ته واوی ئه و ناوچانه ی تاوه کو ئێسته له ژێرده ستی داگیرکارن ، خـــه ڵکی که رکوك مامه ڵه ی که متر له میسرییه کی عه ره بیان ده گه ڵدا ده کرێت ! ئایاله رۆژانی رابردوو که میسریه کان له گشت شوێنێکدا لوتیان ده بو به لوتمانه وه ده مان وێرا ئه وهـا به کاڵته پێکردنه وه بانگیان بکه ین « گه ده ع »

بێگومان نه خێر ، ئه ی ئیمڕۆ بۆ وا ده متان ده چێته هاووڵاتیانی خۆتان ؟

له هه ولێر گه ر یه كێك خه ڵكی كه ركوك بێ بـه **TNT** بانگیده كه نێ ، به راستی كاره ساته ، ئه گه ر نـه كرا جه نگ له نێوان دووبه شی كوردستان سازدرێت ، ئه وا با له نێو هه ر به شێكدا بێ ئه گه ر ئه مه شیان نه لوا ئه وا له نێو دووپارتدا بێت ، گه ر ئه مه ش سه رینه گرت با له نێو شاره كاندا بێت ، خۆ گه ر ئه مه ش هـه ر نه كرا با له نێوان گه ڕه كه كاندا بێت ، ئه مه ش نه لـوا ئه وه دوو كوردیش تێكبه ربدرێن هه ر باشه ! ئـه مه یه شێوه ی بیركردنه وه ی داگیركارانه ، كه به داخه وه هێندێ هاووڵاتی ساویله كه یا خۆ فرۆش و ناپاك ده یگرنه به ر .

ئامانج هه ر ئه وه یه گه ر دانیشتویه كی شاری كه ركوك ئاماده نه بێ بگه ڕێته وه ژێر باڵی به عس له كه ركوكدا بژیت ، خۆ ئه گه ر وه ك ئیمڕۆ له شـاره كانی دی كوردستانیش جێگه یان نه بێته وه ئه وه ناچار به ره و ده ره وه به رێده كه ون ، زۆربه ی كات به ره و توركیا ! گه نجان ئه وانه ی بڕبڕه ی پشتی هێزی پێشمه رگه ن ، ئه و بیر و دڵ و بازوانه ن چاویان بڕیوه ته رزگاركردنی كوردستان یا هه ر پارچه یه كی دی وه ك كـه ركوك و گه ڕانه وه بۆ باوه شی زاینگه و ژینگه ی خۆیان ، ناچار له ژێر زه بری باری ناهه موار ی ئابوری و بێـكاری و بانگێشه ی نـــاو ناوه تۆره ی سوك بـه ره و هانده ران ملده نێن .

له ئه نقه ره له خانویه كی سێ ژووریدا ، كۆمه ڵێ ئاواره ی كورد سه ریان پێكه وه ناوه ، ئه و دوانزه كه سه ، هه شتیان خه ڵكی كه ركوكن ! گه نجی تێكچه قیو ، هه ر سێ چارێك له ژورێكی بچوكدا ، دارودیواری ژوره كـه به شێوه یه كی هه ڕه مه كی به جۆره ها لاپه ڕه گۆڤار و رۆژنـــامه پۆشراوه ، پێخه فی كۆنی هه لاهه لا بووی كه ده یانی وه ك ئه وانی تێدا خه وتوون و ماڵئاواییان كردووه .

به مه به ستێكه وه پرسیم :

– چی ئێوه ی كه یانده ئێره ؟

– بێكاری ، سه ره رای ئه وه سوكایه تی پێكردن !

– وه كو چی ؟

– له سلێمانی له به ر مناڵه وردكه هه ڵاتین !

یه كیان قسه كه ی لێسه نده وه :

– له هه ولێر هه ر ته قینه وه یه ك ده بوو ده درایه پاڵ كه ركوكییه كان ، له وێش ناویاننابووین تی ئێن تی !

– باشه ئایا نازانن ئه مه هه مووی پیلانه و بـۆ ده رپه راندنی ئێوه یه ، به ته واوی نه ك هه ر ئاواره ی كه ركوك بن و به س ، ته واو نه ك هه ر له كه ركوكتان دوورخه نه وه به لكو كوردستان به ده ریشتان كـــه ن ، ئــه و كاته هه ڵبه ته كه له به رێكی گه وره ده كه وێته ره وتی خه بات له پێناو ئازادكردنی كه ركوك و گه ڕانه وه بۆ ناوچه كانی گه رمیان و ........ ؟

– نه ده هاتم بـه و كوردستانه بابه كورگورم به جێنه ده هێشت ، به لام له تواناماندا نه مابوو ، هۆنراوه كه ی « كاك فه رهاد پیرباڵ » خوێندۆته وه ؟

– كامه ؟

– وانیش هه ر نیشتمانی خۆمانه !

– به ڵێ . . . . باسی نامه كه ی خه سره وی براده ری ده كات

– برای شیرینم ، خه سرۆ گیان

له نامه كه تدا نوسیوته ، ده ڵێی :

نه مده توانی چیتر له كه ركوك بمێنمه وه
كاركردنم قه ده غه بوو
نانخواردنم قه ده غه بوو
مانه وه م له ماڵ قه ده غه بوو
پیاسه م ، هه ناسه م
هه موو شتێكم قه ده غه بوو

– كه چی خۆ كه ركوك نیشتمانی خۆشمانه ، برای شیرینم خۆ كه ركوك نیشتمانی خۆشمانه !

– به ڵێ . . . ئه ی باشه لێره چۆن ده ژین ؟

– كار ده كه ین به و هیوایه ی رۆژێ بێت و ده رچین و رزگارمان بێت .

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

- هه مان بار له ئه سته مبۆل و به هه مان شێوه ش له مۆسكۆ و گه لێ پایته ختی تردا ، سـه دان لاو و خێزانی كوردی كه ركوك به رێوه ن !

- باشه كه ئێوه نه بن كێ خه بات بۆ كه ركوك ده كات ؟ كێ كه ركوك و گه رمیان ده سێنێته وه !

- كه ركوك ته نێ هی كه ركوكیه كان نییه ، با یه خ و گرنگی كه ركوك هه رلایه نی ئابوری نییه و به س ، كه ركوك مێژووه ، جوگرافیایه ، پارچه یه كه له كوردستان ، رابه ری پارتێك له و به شه ی كوردستاندا ده ڵێ : كه ركوك دڵــی كوردستانه ! دڵیش ژێرده سته ی به عسه ، خواره حمكا ت !! راسته دڵی كوردستانه به ڵام دانیشتوانی كه ركوك خوێنـی ئه و دڵه ن ئه دی چۆن ده هێڵن ئه و دڵه ئـه و هێنده خوێنی له به ربروات ، له لایه ك سه دام سرنجی له به رنـاوه له لایه كیكه شـه وه ئه وه تا هی خۆمان به و شێوه یه به هه ده ری ده ده ن ، باوه رێبێ كار گه یشتبووه ئه وه ی بێشه رمانه له سه ر ته له فزیۆن و له رادیۆشدا شتی سه یروسه مه ره بدرێته پاڵ كه ركوكی !!

- گه ر ئێستـه هه واڵت پێبـگات په لاماری كه ركوك ده ده رێت و بۆ رزگاركردنی له چه نگ رژێمی داگیركار ، هه ڵوێستتان چی ده بێ ؟

- ئه وه ناكه ن گه ر بیان كردبایه ، ئێمه نه ده گه یشتینه ئێره ، ده بینی ئاه وانه هه موومان خه ڵكی كه ركوك و گه رمیانین . . . . . .

- جا چیت دیوه ئه وناوه پرپه تی له خانو و ژوری ئا وه هـا زۆربه ی هه ره زۆری خه ڵكی كه ركوكه !

- باوه رێبێ هیچشتێ جێی پێله ق نه كردم ، نه ئاواره بوون ، نه دووری كه ركوك ، له و كوردستانه لـه هه چ شوێنێكدا بم هه ر له باوه شی خاك و نیشتمانی دایك بووم ، هه رچه نده كه ركوك خۆشه ویسته ، به راستی گه ده ع و تی ئێن تی هه ڵیانپێچام ، زۆرشت لام گۆراون .

یه كێكیان ده فته ره كه ی لێوه رگرتم ، ده ستیكرده نوسین

( خـــــامه )

ئه گه ر خامه م
شه رم له تاوانه كان بكات
ئه ی شكێنم !
ئه گه ر نامه م
سڵ له نوسینه كان بكات
ئه یدرێنم !
ئه گه ر شیعرم
رایـــی ی له جوانیت بكات
ئه یسوتێنم !
به ڵام هه رگیز
ئـاگره ی سوره ی بابه گوڕگوڕ
بۆ سه د هه ودای خۆشه ویستیم
ناكوژێنم ، ناكوژێنم ، نـــاكوژێنم !!

ئه و له ژێره وه ناوی خۆی نوسی « هیجری تاڵه بانی » ، شیعره كه ی كاك هیجیریم ده خوێنده وه وتی :

- له ژماره ی هه فته ی یه كه می مانگی حه وتی سـاڵی ١٩٨٩ له هاوكاریدا بڵاوكرایه وه ، باوه ربكه له زۆر لاوه پیرۆزبایان لێكردم !

كاك هیجران به كورتی خۆی ناساند ، دوای چه ند ساڵ پێشمه رگایه تی و دواتر به شداری راپه رین و رووداوه كانی دوای راپه رین ، ئه وجا بۆته ئاواره یه كی كه ركوكی ، دواتر بوه به گه ده ع و ئه وجا به تی ئێن تی ، ئیدی كوردستانی جێهێڵاوه ، دواجار وتی :

- پیاو هه موو شتێ قبوڵ ده كات ته نێ سوكایه تینه بێ به داخه وه بۆ ئه و خه ڵكه !

لێم پرسی : چاوه رێیت بڕۆیت ؟

- به ڵێ

به ره و كوێ ؟

- ئه وروپا .

- ئه ی گه ر ده رباز نه بوویت ؟

- ده گه رێمه وه .

- سوله یمانی ، دهۆك یا هه ولێر ؟

- بۆ كه ركوك ، بۆنا .... كه ركوك !! گه ر ژیانیشی تێدا قه ده غه بێ !! هه ر خۆشه ویسته !!

رێناس گەرمیانی

# نــەورۆز

## لە کەرکوك نــۆ رۆژ بوو!

لە کاتێکدا کە خەڵکی قارەمانی باشوری کوردستان ، لە سەرەتایی مانگی ئازاری ٩١ دا دژی دامودەزگاری بەعس راپەڕین کە سەرەتاکەی لە رانییەوە دەستیپێکرد و بەرەبەرە بەرەو شار و شارۆچکەکانی کوردستان چوو و پەرەیسەند تا تەواوی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی گرتەوە و ئەوجا روویکردە شاری چەمچەماڵ و ئەوێش لە بەعس و خوێنمژەکانی گەلی کورد پاککرایەوە .

هەرکە هەواڵی ئەوە کە یشت پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلەکەمان لە چەمچەماڵەوە خۆ ئامادە دەکەن بـۆ ئەوەی شارە رەنگزەردەکەی باوەگوڕگوڕ ( کەرکوك ) رزگار بکەن ، عەلی کیمیاوی دەستیکرد بە تۆقاندنـــی دانیشتوانی کەرکوك ، وەك سـەگیهار پەلاماری هەموو کوردێکی خۆڕاگری کەرکوکیدا و فەرمانی هەمایۆنی و نابەجێی دژی کورد دەرکرد ، بە نیازی ئەوەی کەس نەتوانێ بەشداری لە رزگارکردنی کەرکوکدا بکات ، لەو فرمانانەی کە بریارێ پێدابوو ئەمانە بوون :

١ – روخاندنی ( ٨٠٠ ) خانوبەرەی عەرەســەی – گاورباغی – نزیك فرگەی کەرکوك ، کاولکردنی ئـەو ناوچەیە بەس لە بەر ئەوە بوو کە دانیشتوانی تاوانباربوون بەوە کە کوردن !! لـــە رۆژی ١٦ / ٣ / ١٩٩١ دا دانیشتوانی ئەم گەرەکەیان لە ماڵوحاڵی خۆیـــان دەرکرد و بەرەو چەمچەماڵ ئاوارەیان کردن . پێیان ووتبوون برۆن ئەوەجەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی چاوەڕێتانن !

٢– لە سێدارەدانی ( ٢٨ ) لاوی خوێنگەرمی کـورد لە گەرەکی شۆڕیجە . لە راپەڕیندا ئەو جێگەیـە ناوینرا ( تابلۆی شەهید ) لاشەی ئەو شـەهیدانە بەدەست خاوەنەکانیان نەدرانەوە ، هەتا ئێستاکەش کەس نەیزانی ئەو شەهیدانە کێ بوون ؟ ئەوەندە نەبێ هەموویان کوردبوون و جلوبەرگی کوردیان لەبەردابوو !!

٣– قەدەغەکردنی هاتووچۆ لەناو گەرەکە کـوردنیشینەکاندا و پشکنینی ماڵەکانیان هەموو رۆژێك .

٤– گرتنی تەواوی پیاو و لاوانی کورد ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٦ تا ٦٠ ساڵیدا بوو ، بە نیـازی ئەوە خەڵکی داخلەدڵی کەرکوك چاوشکێن بکات ، بەمشێوەیە زیاتر لە پانزدە هـەزار کەس دیل کران و بەرە و بەندیخانەکانی « تۆپزاوا » بـــردران و هەندێکیشان لەوانە کوشتن ، ئەم بارە هەتا شـەوی ١٨ / ٣ / ١٩٩١ بەردەوامبوو . . . . . . بەلام کەزاندرا جەماوەری شارەکان و هێزی پێشمەرگەی باشـوری

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان به گشتی راپه ڕین و نایان نه وێ جارێکی که به عس له کوردستان بمینێ ، عه لی کیمیاوی و ده ستو پێوه نده کانی هه ر ئه و شه وه کاژمێر هه شتی ئێواره له ترسی هێرشه گه رمه که ی گه لی کوردستان سواری هه لیکۆپته ر بوون و رایانکرد. له شه وی ١٨- ١٩/ ٣ /٩١ له کاژمێر ( ٤ ) ی سه رله به یانی ته پڵی سه رکه وتن و ده نگی ئازادی له جاده و شه قامی گه ڕه که کانـــــــی شۆڕجه ، قادیسیه ، حوریه ، سه رکارێز ، سه رشه قام ، مه وله وی ، له تیفئاوا و ره شیدئاوا به رز بوه وه ، لـه رۆژی دوایدا واته ١٩/٣/ ١٩٩١ ته واوی شاری که رکوك له به عسی فاشی و داموده زگای سه گده می – سه دام – پاککرایه وه ، ته نیا نـاوچه یه ك به ده ست سوپای عیراقـی مابوه وه ، که له باکوری که رکوك ، نزیك فلکه ی – چوارڕێی – بێجی – تکریت – ، پێیده گوترێ – مه عسکه ر خالیـد – سه ربازگه ی خالید . ئه وانیش وه کو گه وره کانیان هه ر له دووره وه ده وه ڕین و شاری که رکوکیان بۆردومان ده کرد ، کوێرانه تۆپیان ده هاویشته نێو گه ڕه کـــه کورد نیشینه کانه وه و به رده وام فرۆ جه نگییه کانیـــــــان – هه لیکۆپته ر – به بێ ده ستپارستن له خه ڵکی بێچه ك و بێلایه ن بۆردومانیان ده کرد .

کاتێ هێزی پێشمه رگه ، گه یشته که رکوك ئه و هه موو دیلانه ی کـــه له پێش راپه ڕینه وه هێزه کانی ده وڵه ت ده ستگیریکردبوون ، گوازتینیه وه بۆ بێجی ، رومادی و به له د و هێندێ شوێنی دی .

بۆماوه ی ( ٩ ) رۆژ که رکوك له ژێرده سه ڵاتی به ره ی کوردستانی ( عیراق ) و هێزی پێشمه رگه ی کوردســــتاندا بوو ، به ڵام به داخه وه وه کو پێویست ، نــــه توانـــــرا کۆنترۆڵ بکرێت ، ئه وه ش ده گه ڕێته وه بۆ ئه م خاڵانه ی خواره وه :

١– هه ندێ خه ڵکی نابه رپرسیار که له وه و پێش پیشه یان دزی ، جه رده یی و تاڵانکردنی ماڵی خه ڵکی بوو ، ئه وانه هه ر له و جاشـه خۆفرۆشه بێویژدانانه بوون که ئه نفال و وێرانکردنی کوردستانیان له گه ڵ گه وره کانیـان ئه نجامدا . ئه و پیاوماقولانه بوون که پێش راپه ڕین له سه ر حیسابی خوێنی میلله تی کورد له شیراتۆن و میریدیانی به غدا ده یان خوارده وه و رایانده بوارد ، لــه کاتێکدا پێشمه رگه کۆنه کان و ئه و خه ڵکانه ی په یوه ندیان به رێکخراوه کانیانه وه هه بوو به و په ڕی شه ره ف و له خۆبوردوویه وه له سه نگه ره کانی پێشه وه په لاماری دوژمنیان ده دا و راویان ده نان ، ئه وانه یدی خه ریکی راورووتی خۆیان بوون !

٢– به شیکی زۆر له خه ڵکی ( عه رب و تورکمـان ) ی که رکوك ده ستیانکرد به تاڵانی ، به تایبه ت ئه و هه موو ئه مبارانه ی رێی که رکوك و به غدا که له گشت جۆره که ره سته یه کی پوخته و پێویست مشت بوون .

ئه وانه بێشه رمانه تاڵانی خۆیان ده کردوو ( جـنـیـۆ ) یشیان به داموده زگاری به عس ده دا ، ده یـــــــانووت « ئه و هه موو شتانه یان حه شارداوه ، له خه ڵکیــان شاردۆته وه ! ئێمه ش خه ریك بوو له برسانا ده مردین » ئه مه شیان هه ر بۆ ئه وه بوو که کورده کان یا هێزی پێشمه رگه به ربه ستیان نه که ن .

٣– هه وڵنه درا به هه موو لایه نه کان ، ئـه و چه ك و ته قه مه نییه ی ده ستییه سه ر داگیرا بگوازترێته وه بۆ قولایی ناوچه رزگارکراوه کان ، دوور له به ره ی جه نگ ، بۆ ئه وه ی له پا شه رۆژدا سوودی لێوه ربگیردرێت .

٤– نه بوونی که سانێکی پسپۆڕ بۆ به کارهێنانی چه که قورسه کان وه ك تۆپیفرۆکه شکێن و دژئاســـمانی و جۆرها چه کی تر ، تاراده یه ك هه ندێ لـــــه لاوه خوێنگه رمه کانی که رکوك له و شوێنانه ی پێیـــــان راسپێردرابوو به رامبه ر به دوژمن ده جه نگان و به دڵ و به گیان به رگریانده کرد .

ئه نجا له هه مووی سه یرتر هێندی خه ڵك بوون که به « لۆریه » وه هاتبوون ، هه ندێکیش چاوه ڕوانی ئه وه بوون ئه و دایه رانه ی ئۆتۆمبێلی زۆریان تێدایه ، هێزی پێشمه رگه و خه ڵکی شۆڕشگێڕی که رکوك له جاندرمه و فاشیه کانیان پاك ده کرد وه ، ئه وانه یش له دواوه وه کو

پشیله دانوسابون و چاوه ڕێی مشکی خۆیانیان ده کرد ، کوتوپڕ ده چوونه نێو دایه ره کان و ئۆتۆمۆبێلیکیان چه تاڵ ده کرد و به ره و شاره کانی تری کوردستان ده گه ڕانه وه ، بێگومان ده بوایه ئۆتۆمۆبێله که به باره وه ببه نه وه ، دوایی ئه وجا ( ئاوبیو ) ده کرا ! زۆری ئاوا بوون به ملیۆنێر و ، خه ڵکی دڵسۆزیش یا شه هید بوون وه یا ئه وه تا ئه وه ی هه شیان بوو له ده ستیاندا ، ئێسته چاوه ڕوانی ده ستی خێرومه ندانن ، یا ئاواره و ده ربه ده رن !؟

شه وی ٢٨ – ٢٩ /٣ / ١٩٩١ ئێستگه ی ده نگی ئه مریکا VoA ئه مه ی راگه یاند :« ئه مه ریکا و وڵاتانـــی هاوپه یمانی به هیچ شێوه یه ك ده ستناخه نـــه نێوه وه ی کاروباری نێوه خۆی عیراق ، ئه وه ی له وێدا رووده دات مه سه له یه کی ناوخۆییه » ، ئه و وتاردانه روناکیکه سك بوو بۆسه ر راپه ڕین و گرفتی کورد و راپـــه ڕینی عه ره به کانی عیراق دژی رژێمی سه دام ، ئه وه بوو له رۆژی ٢٩ /٣ / ١٩٩١ له که رکوك ده ستبه کشانه وه کرا ، له هه مان رۆژدا له کاژمێری ( ١١ ) ی سه ر له به یانی سوپای عیراقی گه یشته وه ئه و ناوه و کـــه رکـــوکـــی داگیر کرده وه !!

لێره دا به پێویستی ده زام باسی ئه و رووداوانه بـــکه م که دوای کشانه وه ی هێزی پێشمه رگه و به گری میللی هاتنه پێشه وه ، چی له نێو که رکوکدا روویدا ؟ ئه مانه ش وا له و خاڵانه دا کورت ده که مه وه :

١– روخاندنی (١٥٠٠ ) هه زارو پێنجسه د خانـــوو لـــــه گه ره کی شۆریجه.

٢– روخاندنی گه ره کی سه رشه قام به گشتی ، کـــه نزیکه ی ( ٣٠٠ ) سێسه د ماڵ ده بوو .

٣– تاڵانکردنی ته واوی ماڵ و سامانی ماڵه کورده کانـی که رکوك له گشت گه ره که کورد نشینه کاندا ، شـــۆریجه ، ره حیمئاوا ، ئیمام قاسم ، ئازادی ، ئێسکان ، ته په ی مه لا عه بدوڵا ، حوریه ، له تیفئاوا ، ره شیدئاوا ، مه ولـــه وی ، ماڵه کانی رێی ته رجل ( گامێش ) ه کان و هه نـدێ ماڵی دی که له گه ره که کانی تردا بوون ، ئه وانه یش تاڵانـــی کران به هۆی ئه وه وه وه ك کورد ناســــراوبوون .

٤ – گرتن و بێسه روشوێن کردنی زیاتر لــه ( ٢ ) دووهه زار که س له که رکوك .

٥ – ( تورکمان و عه ره ب ) ه کانی کـــــه رکوك و حویجه ، رومادی ، بێجی ، تکریت ، سامه ڕا و موسڵ هه تا به غدایش به ته واوی له تاڵانی کـــه کوکدا به شداریان کرد ، له به ر ئه وه ی عه لـــی کیمیاوی به مایکرۆفۆن له نێو شاری که رکوکدا بانگه وازی کردبوو « هه موو که س مافی هه یه به شداری له ( الغنائم ) ده ستکه وته کان بکات ، چۆنیان ( الانفال ) بۆچوه سه ر ئه مه شیان برده سه ر ، ئه وه تا هه تا ئێسته ش خه ڵکی که رکوك و گه رمیان له شاره کانی تـری کوردستاندا ئاواره ن ، بۆیان نالویٚ بچنه وه ژێرده ســتی رژێمی به عسی داگیرکار و ، ناتوانن بۆ که رکوك بگه ڕێنه وه .

٦– کوشتنیه کۆمه ڵ له نێو که رکوکدا به تایبه تـــی له نه خۆشخانه ی سه دام ، پتر له ١٢٠ سه دوبیست که س کوژرا و بێسه روشوێنکران .

٧– له و تاڵانیانه عه لی کیمیاوی و ئه وانه ی ده ورویشتی به نێو گه ره که کوردنشینه کاندا ده سوڕانه وه و کـامه شت زۆرباش و به نرخ بوایه بۆ خۆیان بوو ، یان ده یان برد دایه ره کانی ده وڵه تیان پێ پڕ ده کرده وه .

٨– هه ر خۆیان پسوله ( وه ره قه ) یان بۆ لایه نگرانی ( ره فیق حیزبی ) خۆیان ده کرد ، بڕۆن ( ١٠ ) ماڵ له جیاتی ئه و شتانه ی به تاڵان چوون تاڵان بکه نه وه .

٩– له پاشان ( عه ره ب و تورکمان ) ه کانی کـــه رکوك وه ك به رزه بیانان بۆی ده رچوون و ده سته چه وره که ی خۆیان به سه ری کوردا – ساوی – واته سرپه وه ، گوایه کورد تاڵانی کردووه و ئه ماره کان کشتیان له لایه ن کورده کانه وه تاڵانکراون .

به ڵێ راسته فاشیه کانی به غـــدا ده توانن هه موو جۆره تومه ت و تاوان و خراپه کارییه ك بخه نه پـال کورد و راپه ڕینه جه ماوه رییه پیرۆزه که ی به هـــاری ١٩٩١، به لام ئێمه خه ڵکی به شه ره ف و راپه ڕیـوی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان ، خۆفرۆش و شرۆ خۆر له یه کدی جیـــا ده که ینه وه ، سه ره رای ئه وه ش بۆمان هه یه بپرسین ، باشه ئه گه ر کورد ( بێنیزام ) بوو تالآنی کرد ( کـــوردی به شه رۆ ف ده ستی ناچێته تالآنکردنی هاوولآتیانی ) ئه ی حکومه تی عیراقی که خۆبه خاوه ن ( نیزام ) و یاسا و هه موو ده وه ڵه مه ندیه ك داده نێ بۆچی به و شـــێوه ره سمییه بانگه وازی بۆ خه ڵکی تورك و عه ره به شرۆ خۆره کانی که رکوك و شوێنانی دیش ده کرد ، بۆیـــان هه یه به دڵی خۆیان تالآنی بکه ن و به پێویستیان ده زانی ته واوی داموده زگای ده وڵه ت له و تالآنییه به شداری بکه ن ؟؟ ئه نجا زۆرجار و ئێسته شی له گه ڵدابێ کاتێ سه دام له رادیۆی به غداوه هه ڵده بزرکێنێ ، خه ڵکی راپه ڕیو به ( الغوغائین ) ناو ده با ، به ڵام له و راستیانه ی باسکران دیاره به راست کێ گێره شوێنه .

با بێینه وه سه ر ئاواره بوون و ده ربه ده ری بـــه ره و ئێران و تورکیا و سوریا . دوای ئه وه ی که زانرا حیزبی به عس کارێکی زۆر نامه ردانه ی ده ر هـــه ق به دانیشتوانی که رکوك ئه نجامداوه ، هـــه ر هه مووی تێکرا و به و په ڕی له خۆ بوردنه وه ئه و ماڵ و سامانه ی که مابووی به جێهێشت ، ئه وه بو کۆره وه سێ ملیۆنییه که روویدا ، خه ڵکی مرۆڤپه روه ری جیهان به گشـــتی به ده نگمانه وه هاتن ، به تایبه تی هاوولآتیانی کوردستان ژێرده سته ی ئێران و تورکیا و سوریا ، هه ڵوێستی پڕ له جوامیری وان هه رگیز نابێت له یاد بکرێت ، کاتـــێ ده ماندیت هه ریه که و له ماڵی خۆیه وه خواردن و جلو به رگیان بۆ ده هێنایین .

دوای هه فته یه ك ئاواره بوون مقۆمقۆی وتووێژ له نێوان به ره ی کوردستانی و رژێمی عیراقی بلاوبوه وه ، له رادیۆی گه لی کوردستانه وه مام جه لال تاڵه بانـــی بانگه وازی هه موو کورده ئاواره کانی کرد ، بگه ڕێنه وه بۆ جێوریێ خۆیان ، ئه نجامی گفتوگۆ له گه ڵ رژێمـــی به عس به ردانی بێمه رجی ئه و خه ڵکه بوو که پێش راپه ڕین گیرابوون ، ئه ژماریان پتر له ١٥ هـــه زار که س بوو ، به ڵام له وێشدا پتر له نووهه زار که س بێسه روشونکران !!

گرفتی ئاواره کانی که رکوك و گه رمیان دابین کردنی یارمه تی و کۆمه ك بۆ ئه وان ، ئه رکی نیشتمانـــی هه موو هاوولآتییه کی دڵسۆزه ، لێره دا به خـــــۆم راده په ڕموم روو له هاوولآتیانی خۆم بکه م به تایبه تـــی په نابه رانی کوردله هه ر وڵاتێکدا هه ن ، ده ستپێشکاری بکه ن و له ئه نجامدانی ئه رکی نیشتمانی ئه سه رشانیان درێخی نه کـــــــه ن .

له کۆتایی ئه و باسه دا ئه م چه پکه وشه کوردیه ئازیزانه ده که مه دیاری ئاواره کانی که رکوکـــــی باوه گورگور و ئێوه ی به رێز :

« هه وڵده ده ین ، هه وڵده ده ین ، تاکو نه فه وتێن
نامانه وێ بژین بێئیش و بێکار
نابینه خۆراکی ده می دوژمنی زۆردار
نه وته یا زێڕی ره شه
بۆ ئێمه خوێنی گه شه
هه وڵده ده ین ، هه وڵده ده ین ، تاکو نه فه وتێن »

شانۆگه ری کۆتایی ده ره به گ
که رکوك / ١٩٧٠

١٩٩٤/٣/١ . ر . گه رمیانی


هاوولآتیانی به رێز

کۆمه ك و یارمه تیتان بۆ کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردســـتان ، هۆیه کی کاریگه ره بۆ په ره پێدانی خه باتی نیشتمانی کوردستان

ده توانن بۆ ئه م ژماره بانکه ره وانی بکه ن

**KNPSC**

**PSP - 800024 - 12855719**

**HELSINKI - FINLAND**

# که رکوک سه ره تای ئاواره کردنی راپه رین !

که رکوك سه ره تا ئاواره کردنی راپه رین بوو ! به داخه وه هه تاوه کو ئێستە زۆربه ی جه ماوه ر ئاگاداری ورد و درشتی رووداوه کانی ئه و رۆژانه نییه ، ته نیا بۆ ئه وانه ی له نێـــو خودی رووداو و جه رگه ی به سه رهاته کاندا ئاماده بوون که موزۆر رۆڵیان تێدا ده گێڕا هه تا ئێستە ش زۆر به سه رهات هه یه بۆیـــان روون نابێته وه . مرۆڤ کاتێکی بیر له و رۆژانه ده کاته وه مێژووی رۆژ و روداو کاره ساته کانی بۆ ناچێته وه سه ریه ك ، زۆر له وانه ش تاوه کو ئیمرۆ رۆڵی کاریگه ریان لای جه ماوه ر نه زانراو و نه ناسراوه . بـــۆیه پێش هه مووشـــتێ ده مـــه وێ به خوێنه ری به رێز رابگه ینم ؛که له نوسینی ئـــه م کورته مێژووه ی راپه ڕیندا چمه به ستی تایبه تی که سایه تی یا پارتایه تی و وه یاخۆ به ئامانجی تانه گرتن و که مکردنه وه له رۆڵی ئه م یا ئه و پارتی ، یا ناپاکی دانه پاڵ فلان و فیسار ده ستمنه داوه ته پێنوس . یه که م له به ر ئه وه ی ئێستە خۆم ئه وناوه م جێهێلاوه په یوه ندی پارتـــایه تیم به هیچ لایه نێکه وه نیه ، دووه م ، دیاره هه رکه س لـــه و کاته دا کارێکی ئه نجامدابی ئه وه ته نیا گوێڕایـــه ڵـــی لێپراسراوانی له خۆ به ره و ژه وره وه تر بووه ، ئیـــدی جه ماوه ر خۆی ده توانی داوا له و لێپراسراوانه بکات و به ڵگه ی راستی بڕیار و هه ڵوێستیان روونکه نه وه .

گه ر بێتو وه ڵامی ئه و پرسیارانه ش هه روا به شاراوه یی بمێنێته وه ، وه ك زۆر جاری تر که لـه مێژوودا روویداوه ئه و جاره ش و سه دان جاری تریش جه ماوه ر دێتـه وه مه یدان و سه دان و هه زاران ساڵی که ش مرۆڤ هه ر به دوای گه یشتنه مه نزڵی کۆتایی راستییه کانه .

بۆمن وه ك تاکێکی ئه و کۆمه ڵگه به رفراوان و پڕ له گیروگرفته ی کوردستان زۆر روداو ئێستە شی له گه ڵ دابێ ئاڵۆزن .

یـه ك له و رودانه ئه وه یه که ئێستە به خوێنه ری راده گه ینم :

له سه ره تای راپه ڕینه وه ئاگاداری زۆر که ینوبه ینی نێوان هێزه کانی به ره ی کوردستانی و ئه و لایه نانه بووم که به خه باته وه خه ریکبوون ، ئه و رۆژگاره پتر له شه ش ساڵ بوو به و په ڕی شانازییه وه پێشمه رگه بووم و چه کم له شان بوو ، تـــــا رۆژانی راپه ڕین و کۆتایی رووداوه کانی ئـــــه و رۆژانه هه رگیز بـــۆ چرکه یه کیش بیـــــرم له وه نـــه ده کرده وه رۆژێ له رۆژان ده گه مه ئه و بڕیاره ی نه ك هه ر چه که که م داده نێم به لکو له خه باتدا لـــه پێناو له دایکبوونـــی نیشتمانێك ، ده گوێزمه وه بۆ خاکی ئاواره یی !؟

هه رچۆنێبێ ، رۆژێك له رۆژانی راپه ڕین ساتێك له ساته له بیرنه کراوه کانی ئه و کاته بوو که به ره و که رکوك به رێکه وتین له کاتێکدا که جه ماوه ر له هه موولایێ که وه زه بری کوشنده ی له دوژمن دابوو .

له گه ڵ کۆمه ڵێك له هاورێیانی پێشمه رگه ، که کشتمان

هێزێکی سه ر به پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووین ، نزیکـــی که رکوك بوینه وه ، له چه ند لاوه هێزه کانی بـــه ره ی کوردستانی خۆیان ئاماده کربوو په لاماری هێزی رژێمـی فاشی عیراق بده ن ، ئه وجا بگه نه نێو شاری کـه رکوك ئه ویش وه ك ته واوی ئـه و ناوچانه ی تـــــری کوردستان که ئه و ساته ئازادبوون و سێبه ری ره شـه ترسی رژێمی به عسیان له سه رنه مابوو ، پاکبکرێته و رزگاربکرێت ، ئـه وه بوو له ده ورویه ری شاری که رکوك له لایه ن بـه رپرسیاری هێزه که مان ( کاك – س ) داوام لێکرا به کارێکی تایبه تی به ره و هه ولێر بگه رێمه وه ، به رلـه وه ئاگادرابووم کـه چه ند هاورێیه کمان به دزییه وه خۆیــــــان گه یاندۆته نێو شاری که رکوك ، کاتــێ له هه ولـێر گه رامه وه ئیدی که رکوك ئازاد کرابوو ، من بێراوه ستان چوومه نێوشار ، بۆ ئه وه ی به هاورێیاکانم رابگه م ، له وێ ئه و باڵـه خانه ی له ومه و به ر باره گای به عس بوو ، ئه و رۆژه هێنده ی ئارپیجی و گوله ی به رکه وێ ببـــوه کـه لاوه ، لـــــه بـه رده م دیمه نێکدا که هێشتا لاشـه ی فاشیه کانی به عسی تێـدا که وتبوو ، له و باڵه خانه یـه دا هاورێکانــم گرته وه ، زۆر سه یرم پێهات که یه که وبوو پێیان گوتـم هێزه کانی رژێم خه ریکن که رکوك بگرنه وه !

راسیش گرتنه وه ی که رکوك بۆ رژێمی فاشـــی دیاربوو ته نیا مه سه له ی کاته و به س ، ئه وه بوو دوای چه نـد رۆژ ئازادیه یه کی ناسه قامگیر و چاوه رێکردن . . . . . . گرتنه وه ی که رکوك بووه راستیه کی تـــاڵ . هێزه کانـی به ره ی کوردستانی و هه رلایه نه کی تریش که هه بـــوون که رکوکیان چۆل کرد ، ئێمه ش وه ك ده ڵێن ســــایـری ئه وان ! بێسه روشوێنی و نه بوونی به رگرییه کی رێکخراو و کونجادنی سه ربازی و پلانێکی گشتی بۆ پـه لاماردانی دوژمن و رێگرتن له هاتنه پێشه وه ی ، گرتنــــه وه ی که رکوکی بۆ دوژمن هێنده ی دی سانا کرد ، لـــــــه که رانه وه دا وه ختێ ئێمه که رکوکمان جێهێلا تاوه کو ئه و دیو گرده کانی خۆرهه لاتی – پردێ – یش که سمان نه دیت ، له چه ند پێشمه رگه یه کی ماندوو و کـه نه فت و برسی چه ند شمشخه و له چاو زراو به ولاوه که هێزه بچوکه که ی خۆمـان بوو ، که سێکی دی دیارنه بوو ! کوا ئه و جاماوه ره ی دوێنێ په لاماریده دا و لـه هیچ نه ده گه رایه وه ؟ هێزه کانی پێشمه رگه له کێن ! ؟

هه رچۆنێبێ له زورگه کانی ئه وناوه له سه ر گرده کان خۆمان شارده وه ، ئاماده بووین دوژمن بێته پێشه وه ده ستیلێبکه ینه وه ، ئه و کاته وه ك لـه دوایش ده رکه وت شه ش تانکی دوژمن که له رێگه ی که رکوکــــــه وه به ره و ئه و ناوه ده هاتن ، ئه مه هه موو هێزه کـه ی دوژمن بوو !!! له و کاته دا هێزێکی یه کێتی نیشتمانی به سه رکردایه تی کاك کۆسره ت له وناوه په یدابوون ، دوای گفتوگو ، تێگه یشتین که ئه وانیش نیـــــــازی به رگریکردنیان هه یه . کاك کۆسره ت ( ئێسته پله ی سه رۆك وه زیرانی هه رێمی کوردستانی باشوری لــه ئه ستۆدایه ) پێشنیاری کــــرد ، ئێمه بمێنینه وه و به رگری بکه ین ، هه روه ها هه واڵیدا کـــــه ئه ویش ده چێ هێزێکی گه وره تر دێنێ بۆ ئه وه ی پێش بـه هێرشی دوژمن بگیردرێت ، تا ئه و کاته پێویسته هێزه که ی ئێمه له وناوه دا خۆ قایم بکات ، بوونی هێزه که ی کاك کۆسره ت له وناوه ، پاڵپـــشـــتی بریاری مانه وه و به رگرییان گرت .

ئێمه ش له چاوه رێی گه یشتنی ئه و هێزه گه وره یـه ، به بڵاوی له زورگ و په نا گرده کاندا خۆمان قایـم کرد ، هێنــــــده ی پێنه چوو ، دوژمن که وته تۆپبارانی ئه ونـاوه ، گوله ی تۆپه کانی رێك ده خسته وه ئـه و شوێنانه ی ئێمه خۆمان لێ قایم کردبوو ، که وتینه جێگۆرکێ و هه ڵسه نگاندن ، گه یشتینه ئـــه وه به ره نگاری بوونه وه به زیانی خۆمانه ، مرۆڤ نایکرێ ، کوردگووته نی « شه ری خۆ ترێن بکات » ، به و هیوایه ی پاڵپشتییه ك په یداده بێ بریارماندا مه ودایه کی دیش به ره و دواوه بـگه رێنه وه ، له ئانی پاشه کشێدا دوای برینی ماوه یه کی که م و ئاودیوبوون له یه کدوو گردۆلکه ، دیتمان کاك کۆسـره ت به خۆ ئه و هێزه ی که له گه ڵی دابوو ، بریتی بوو له

سیٚ لاندکرۆزه ر له لایه کی ریٚگه دا وه ستاون ، دوویـــاره لیٚپرسراوه که مان چووه لای و که وتنه دانوســــتاندن ، دیسا کاك کۆسره ت هه مان پیٚشنیاری کۆرینی خسته کۆرِیٚ، سواری ئۆتۆمۆبیٚله کانیان بوون و رۆیشتن ، ئیٚمه ش دیسا له وناوه خۆمان قایم کرده وه ، هیٚنده ی پیٚنه چوو دووباره تۆپه کانی دوژمن که وتنه وه کوتانی هه مان ئه و شویٚنانه ی خۆمان تیٚدا حه شاردابوو !! له سه ر ریـگا گردبوینه وه و سواری ئۆتۆمۆبیٚل بووین و ماوه یه ك رۆیشتین دوویـــاره ده بینین کاك کۆسره ت و براده رانی وا له ئاقاری ریٚگه دا وه ستاون ، به راستی که وتینه گومان ، له خۆ پرسـینه وه مانای چی ئه و به ئیٚمه ده لٚیٚ ده چم هیٚزیٚکی تر بـــۆ پالٚپشتی دیٚنم ، که چی هه رچه ند هه نگاویٚك له یـــه کدی دوورده که وینه وه دوژمن ده ق ئه و شویٚنانه ده داتــــه به ر که ئیٚمه خۆمان لیٚی حه شارداوه !؟ هه موو براده ران له سه ر ئه وه سور بوون ده بیٚ شتیٚ له کۆرِیٚ بیٚ ئیٚمه پیٚئاگادارنین ، له نیٚوان کاك کۆسره ت هیٚزه که ی دوژمن په یوه ندی هه بیٚ ، به هۆکی تۆکی به یه که وه بدویٚن ، بۆیه سه رجه م هاورِیٚیان داوایان کرد ، ســــــه رکرده ی هیٚزه که مان براوات و ئه وجاره یه کسه ر داوای بیٚسیم بکات ، لیٚپرسراوه که مان هه رچه ند به لایه وه کاریٚـــــکی بیٚهوده بوو به لاّم که دیتی هاورِیٚیان له سه ر ئه و داوایه سورن ، چووه لایان و داوای له کاك کۆســــــره ت کرد هۆکی تۆکی یه که ی پیٚبدا چونکیٚ ده یه ویٚ په یوه نـــدی به هاورِیٚیانه وه بکات ، به لاّم کاك کۆسره ت ، داواکــــه ی دایه دواوه !! به بیانوی ئه وه که ئه و ئامیره تایبه تییه !! به ر پرسیاری هیٚزه که مان داوای لیٚم کرد ، به زوترین کات بگه رِیٚمه وه هه ولیٚر و داوای یارمه تی بکه م ، به لـــــکو هیٚزیٚکی وا بگاته ئه وناوه و بتوانی به ر بـــه هیٚرشی دوژمن بگریٚت ، سواری ئۆتۆمۆبیٚل بوم و به ره و هه ولیٚـر ئاژوشتم ، تا گه یشتمه باره گای پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، ئه و رۆژانه له بالّه خانه ی نه قابه ی کریٚکاران بوو ، که ته ماشاده که م ته نیٚ دوو هاورِیٚی لیٚیه ، له لیٚپرســـراوانم پرسی ، وه لاّمیان دایه وه ، فه رموو برۆ ســــــــه ره وه « کاك که ریم ئه حمه د » له ویٚیه . چوومه سه ر و ، یه کسه ر دواواکه م پیٚراگه یاند ، ووتی هه ر ئیٚستـه بگه رِیٚوه ، به لیٚپرسراوه که تان بلّیٚ یارمه تی نییه !! پرسیم : چـــۆن ده بیٚ ؟ له وه لاّمدا ووتی : ئه و ، ده بیٚ خۆی تیٚبگات !! ده موده ست گه رِامه وه و هه والّه که م راگه یاند .

لیٚره وه ئیٚمه دلّنیابووین ئه م ماسته مود کی تیٚدایـــه * ، کۆ بوینه وه برِیارماندا به ره و هه ولیٚر بگه رِیٚنه وه ، که گه رِاینه وه ، راستی وه ك ده لّیٚن که رِاینه وه سه ر ساجی عه لی ، مالّیکی چۆل و هۆل ، نه باره گا ماوه و نه دانیشتوانی شار ، کاتیٚ ئیٚمه گه یشتینه سه ر ئه و ریٚگه ی لـــه هه ولیٚره وه به ره و پیرمام ده چیٚ لــــه ریزی هه ره دواوه ی ئه و کاروانه بووین که هه زاران هه زاری ئه و خه لّکه تیٚیدا به رِیٚوه بوون ، سه ربارو بنبار کۆپته ریش لـه ئاسمانه وه ده سترِیٚژیان ده کرد ، لاماندا ریٚگه یـــه کی لاوه کی و به رد و هـــــاوینه هه واری پیرمام رۆیشتین ، ده بینین کاك کۆسره ت پیٚش ئیٚمه وا له ویٚیه ، باره گاشی داناوه !

لافاوی جه ماوه ر نه وه ستا تاوه کو لـه ئیٚرانیی کرد ، بـه دوای سۆراغی که سوکار منیش بـــــه ره بـــه ره رۆیشتم ، ده نگوباس گه یشت که دوژمن لـــــه کۆرِیٚ شکاوه !! دوای چه ند رۆژیٚك لافاوه که به ره به ره نیشته وه ، به ره وخوار بوومه وه ، دواتــــــــر هه ولّدا بگه رِیٚمه وه هه ولیٚر ، ووتیان به بیٚ ناسنامه ناتوانـــی ده ربچی ، ناسنامه ی براکه مم خسته بـــاخه لّ و سواری ئۆتۆمۆبیٚل بووم ، که گه یشتینه کۆرِیٚ لـــــه بنکه ی پشکنین ئه م به ر و ئه و به ر چه کداری لیٚبوون، لایه کـــی سه ربازانی رژیٚمی فاشی و لایه که ی دی پیٚشمه رگه ، هه ر له و ئۆتۆمۆبیٚله ی منی تیٚدا بوو دوو که سیان راکیشا ده ره وه ، بردنیان ئه وان دوو لاوی کوردبوون ، که بۆ سه ربازی نه چوبوونه پیٚش ، بیٚگومان منیش هه مان تاوان ده یگرتمه وه ، به لاّم به ناسنامه ی براکه م ده ربازبووم ، به ده سته خوم نه بوو رووم له و خه لکه کردو پرسیم : ئه دی ئه و برا پیٚشمه رگانـه

هەوڵنامەی کتێب

کاریان چییە ؟ ووتیان ئەمانە هەروا بۆ جوانی لێرە دانراون ، هیچ دەسەڵاتێکیان لە دەستدانییە !!

ئەو جارە دوا جار بوو هەولێرم دیتەوە . هەڵداشتەی رێگەی هاندەران بووم .

* ئەو ماستەموەکی تێدایە . ووتەیەکی کوردیە ، لە هەلۆیستێکدا بەکاربێت کاتێ مرۆڤ لە رووداویك بەشك بێ ، هەرچۆنێتیێ دوای چەند رۆژ موەکە ئاشکرابوو ، دەنگ و باسی پەیوەندی نێوان بەرەی کوردستانی ورژێمی عیراق بڵاوبووەوە ، بەڵام پرسیاری سەرەکی لای من هەر وەك خۆیمایەوە ، باشە ئەگەر گفتوگۆلە گۆڕێ بوو بۆچی لێیان دەشاریینەوە راستیان پێنە دەگوتین ، بۆچی دەیان ویست لە هیچوخۆڕایی بەکوشتنمان بدەن ؟؟


خوێنەری هێژا

لە بیرت بێ نرخی ئەم ژمارەیەکە مایە پارەکی دیارنەکراوە دەبێتە یارمەتی و کۆمەك بەئاوارەکانی

کەرکوک

و

گەرمیان

لە ئێوەمان داوایە

درێخی نەکەن

سوپاس

بەرێوەبەرایەتی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان




## پرس و خۆشەویستی

حەسیب قەرەداخی

پرسیم ئەری خۆشەویستی مەعنای چی یە ؟!
دەریا ووتی : من و ماسی
خۆریش ووتی : من و ئاسۆ
خاکیش ووتی : من و شارەگی دار بەڕەو
پەنجەی نەرمی هونەرمەندێ
ووتی من و ژێی کەمانم
بولبول ووتی : من و خونچەو سروەی بەیان
شیعر ووتی من و گۆران و مام هێمن
من و کێش و سەروای جوان
زاوا ووتی : من و نۆبووك
کوردێك لە ولاوە بانگی کرد ...... بیرت نەچێ من و کەرکوك

\# \# \# \#

پرسیم ئەری خۆشەویستی لە کوێوە دێ ؟
خواوەند ووتی : ئەوەتەنها کاری منە
لاوێ ووتی : ئەو هەر وەلیای کوشتی ژنە
پێغەمبەریك ووتی : تەنها لە پەیاما
جوتیار ووتی : لەگەڵ هەوەڵ هۆی سەرەوهدا
زەحمەت کێشی ووتی : تەنها بە عارەقەی نێو چاواندا
شاعیر ووتی : لە ئەندێشەو لە چامەوە
مەی دێر ووتی : تەنها لە مەی وجامەوە
شوانێك ووتی : لە خەونێکی ناو سێبەری مولگەی رانا
دایك ووتی : لە پێوە پێچان و ژانا
کوردێك لە ولاوە بانگی کرد
مەیخەنە بازنەی هەوارێکی بچوکەوە
راستت دەوێ .... لە شارەکەی کەرکوکەوە

\# \# \# \#

ویستم تێبگەم خۆشەویستی چەندێ جوانە ؟
( وەلی ) ووتی : باڵای ( شەم ) ە
( مەم ) یش ووتی ... ( زین ) وەری گرتەوە
بە ژنی ( مەم ) ە
( خەج ) یش ووتی : وەك زامەکەی ( سیامەند ) ە
( مامە یارە ) ووتی : وەکو سەرگوزشتەی ( دوانزە سوارە )
لە لای حەزرەتی ( مەولەوی ) یش
وەکوو چاو رەشی لای دەوار
لە لای منیش وەکوو دوو خەمە قورسەکەم ( کەژە ) و ( بەهار )
کوردێ بانگی بەختی کرد ..... ئەرێ زووکە
لە خۆشەویستی جوانتریش ... شارەگەرمەکەی کەرکوکە !!

به رسیقی : هه یــــاسی خاس

# هه یاســه له ئه ورستان چباسه ؟

ته سبیحه كه ی خراندوو ، ووتی :

– چه ند ده ساڵ له مه و به ر له گوندێكی كوردســتان ، نوویه ره باب له سه ر پارچه زه ویه كی گوندی لیان ده بیێ به هه راوهۆریا و بگره و به رده هه تا ئاخیری سه ری ده كا به خه نجه ر له یه كدی وه شاندن ، لــــه كوچه و كۆڵان و گۆڕه پانی گوندی یه كدی كه ل و پارچه ده كه ن . . . . .

براده رێ پرسی : خاره هه یاس هه ر له سه ر پارچــه زه ویه كی ؟

– ئه و جا ئه نگۆ گوێو راگرن ، ئه من كوم بیستییه ولۆ بۆ ده گێڕمه وه ، خۆ ئه گه ر شتێ دیش هه بێ به خودای نه ئه وه ی لیێم بیستووه و نه منیش ئاگام لێیه !

– ده فه رموو ؟

– له دوای شه ره خه نجه رێكی دژوار له كوچه و كۆڵانه و گۆڕه پانی گوندی چه ند لاشه بێده ست و قــــــاچ ده كه ونه گۆڕێ !

– وای له و زیانه ، به خودای په نجه ی هه ر مرۆیه كــی هه موو ئه و جهیانه دێنێ ، خاره هه یاس كوشتن شتێكی زۆرگه وره یه . . . . . .

– باوكی من چۆن گه وره نییه ، ئه وه مه گه ر هه ر لای كێخوای ئه وێ گوندی . . . . لۆو باسده كه م چه ند لاشــه یه ك هیچ نه بی . . . . .

براده رێك ووتی :

– ئه ری به راست خاره هه یاس خۆ ئێمه له بیرمان چوو بپرسین ، باشه ئه وانه وا كه وتبونه گیانی یه كــــدی كه س نه بوو له یه كیانكاته وه ، بكه وێته مابه ینه وه ؟

– ئه وه نییه بۆو باسده كه م ، ئه ی نه م ووت مه گه ر هه رلای كێخوای گوندی گۆڕین كوشتن شتێكی هێنــده گه وره نه بێ . . . . وه كی بۆیان كێڕامه وه له وهه راو هۆریا و یه كدی په لپه ل كردنه ، كێخوای گوندی لــــه ماڵی خۆی ده رده په ڕی و به سه ر لاشاندا بــــازان داوێ و هاوار ده كات . . . . .كوڕینه ، كوڕه كوڕی چابن ، ده ستم دامێنتان زه ڕان نه ده ن !

– ئێله مام كێخوای ، به خولاٰی كابرایه كی كه م هۆش بوه ، جا توخوا د ولی چی ، كه لاشه كه وتنه گـــــۆڕێ و خوێن رژا و . . . . . . ئاخر پێم نالێی زه ڕ لــه وه زێتر ده بێ چۆنبێ ، زیان له وه ی گه وره تر ده بێ چیبێ . . .

« یه ك له براده ران ووتی ، خــاره هه یــاس وه لاٰمی دایه وه »

– رۆله هێشاش له و رۆژكاره ی ئێمه چێتر بوو ئــه وه نزیكه ی مانگێكه تۆ نابیستی ، ده لێن له سه ر پــــارچه زه ویه كی جه نگێكی دژواره ، پیاو زگی به خۆی ده سوتێ له یه زدانی به زیاد بێ كێخوایه كمان نییه ئه وه نــــده ئه زیه ته ی بداته به رخۆ و هاوارێكمان بۆ بكات ، وای له و زه مانه ی تێكه وتین ، بیكێخوا خۆمان !؟

– باشه خاره هه یاس ئه دی ئه وه ئه و حكومه ته ی مه ، بۆ ئه وه ی نییه كێخوایه تی مه شیه بكات ؟



هەواڵنامەی کتێب

- ئه و جا رۆڵه به ناشوكرى ناڵێم ئێمه كوا كێخوامان هه يه؟
- ما خاره هه ياس ئه دى ئه و هه موو سه رۆك ومه رۆكه چييه هه مانه ؟
- ئاخر چاوى خارى نيكبه تى مه ئا له وه يدايه ئـــــه و هه موو كێخوا و مێخوايه مان ، به قسه ى تۆ سه رۆك و مه رۆكه مان هه ن .
- ئۆبار به و مله ى خاره هه ياس راست ده بێژێ .
- كوڕينه سه رۆك ، راستيه كه ى سه ره ك ، وشه يه كى كوردى ره سنه ماناكه ى روون و دياره ، سه ره ك ، يانى سه ره ك ! ئه رێ چ ماناى دى هه يه ؟
كۆڕى براده ران ووتيان : نه مان بيستوه !
- هه رچۆنێ لێكده يته وه لـــــه وه پترى لێهه ڵناكرێندرى ، سه ره ك ، يه ك - سه ر ، جا كه بوه دوو و سێ خێرى پێوه نامينێ ، بۆيه ئه من ده ڵێم ، هه رچه نده ئه و گوته يه ش زۆركۆنه و ئيرۆش كۆتاى سه ده ى بيسته مه و سه رده مى ته نور و ئاگردانى گازى و ديگى هه ڵمييه ، وه لێ هه ركيز دووسه ر له ديگه كى ناكوڵێن ، هه ركيز له دوو هـــه ڵان راستييه ك دروست نابێ .
- كه له ك راسته !
- دواى كوڕينه ئه من تێى ناگه م هه رچى راست ده بێته وه ده لێ ئه من سه رۆكم ، وه كى ووتم ، سه ره ك نـه وه ك سه رۆك ، سه رۆك هه ڵه يه ، له وه گه ڕێ و شـــه كه ش به راستى نازانن ، شتێكى دى هه يه و زانستيش پاڵپشتى ده كا ، ئه و يش ئه وه يه ، سه ره ك ئه و كه سه يه ، كه مه شيه ، ئه نگۆ بڵێن ، كه ل ، نه ته وه ، چين لـــــــه ژێرده سته يى و چه وسانده وه و داگيركردن رزگار ده كات ، له نه هامه تى ده يپارێزێ . . . . .
- ئه تۆ بڵێ له قۆناغه كى ده يبا به ره و قۆناغه كى دى .
- ئاى ده م خۆش ، ئه ما ئه وانه ى مه هه تـــا ئێسته هه نگاوه كى وايان به و كه له نه هاويشتووه ، كـــــه چى ده بێ پێشيان بڵێن سه رۆك ! ئه من تێناگه م ئـــــه وانه نه زانن ياخۆ هه موو ئه و خه ڵكه به نه زانن ده زانـــــن !

زۆر چاكه ، به قسه ى خۆيان ، يانى سه رۆك ، باشه ئه دى گه ر كارێكى وامان بۆ بكه ن ده بى داواى چى بكه ن ؟
- خاره هه ياس خوام ده كرد ئه وان شتێكى وايان له ده سته هات بابه ئه وجا چۆنيان ئاره زوبا وامان بانگ ده كردنێ !
- ئاخر نه له ده ستيان نايێ ، خۆ ئه وه ماوه ى چــڵ ساڵێكه نه هه ر هه نگاوێكيان پێهه ڵنه ناوين ، بـــه لكى توشى نه هامه تييه كى گه وره يان كردووين ، ئه نگۆ لۆ من مه ڵێن لۆخواى بڵێن ، ئــــــه وى خه ڵك پێده ڵێن شه ڕى براى كوژى و براده رانى كۆميته جه نگى كورد كوردى ده ڵێنێ ، ئه گه ر نه كه تيو نه هامه تى نه بێ چييه؟
كۆڕى براده ران تێكرا ووتيان :
- به خوداى بابه جه نگى كورد كورد نه هامه تييه كه ، لێى گه وره تر نييه !
- له كورتى بيبڕينه وه ، ئه و مه شيه ى مه ، بێسه ره كه ، ئه وه ى هه يه هه رناوى له خۆ ده نێ ئاره زوى خۆيتى ، ئه ما ئه وانه له وه زێترنين ، له رێبه رى پارت يـــــا پێشره وى پارت يا رێكخراويان پێبگوترێ .
- خاره هه ياس سوێند به يه زدان ، به و قســـه ى دوايت ، ده ڵێن كورد سى مليۆنه ، بيستو نـــــــۆمليۆن و نۆسه دهه زارو نۆسه تو نه وه تو نۆيان ده بنه دوژمنت ؟
براده رى ووتى :
- خاره هه ياس خۆ به خوداى ئـــه و براده ره راست ده كات ، چونكى واى لێهاتووه جارێ هێشتا گه فه و بقه ى فێر نه بون ، داواى سه ره كايه تى ده كه ن!؟
خاره هه ياس ته سبيحه كه ى خڕ كرده وه ، فه رمووى :
- ئاكام لێيه به تايبه تى ئه وانه ى ئه ورويا خوا ده ست به باڵى ئه و مه شيه هه ژار و قوڕبه سه ر و داگيركراو و دابه شكراو و ژێرده سته ى ئێمه وه بگرێ ئه و هه موو سه ره كه ى بۆ بچێته وه ، ده بى وڵاته كه ى چۆڵ كـات !! ده رابن! با ئێره چۆل كه ين هه تا لێمان په يدانه بوون !

رێـــباز محیـدین

# قاتوقری رۆشنبیری !!



« به هۆی مه رامه که سایه تییه کانه وه ، زیـــاده رۆیی به سه ر بیرکردنه وه و ده ربرپیندا زاڵه »

رۆشنبیری کورد وه کهه ر تاکیکی کۆمه ڵگه ی کورده واری په روه رده ی ئه و ته شقه کۆمه ڵایه تییه – رامیارییه یـه که ئیمرۆ له کوردستاندا له ئارادایه ، ئه و باره ی که هه موو لایه کمان زۆرچاك ده زانین به رهه می داگیرکردنه نـه ك پرۆسه ی به ره و پێشه وه چوونی کۆمه ڵگه ی کوردستان له چوارچێوه ی سنوریکی دیارکراوی کوردستانی سه ربه خۆ ، بۆیه هه ر کام له رۆشبیرانی کورد بگریت له وه ناترازێ تاکێك له و هه زاران تاکانه بێت که له ژێرباری گرانـــی ره وتی کۆمه ڵایه تی و رامیاری کوردستاندا ده رون و سایکۆلۆژیه تی تاسه ر مۆخی ئێسقان نه گورابێ .

هه ڵبه ته دیاره ئه و ته شقه به وهێنده ی هه ڵگری لایه نی ئه ری پرۆسه کۆمه ڵایه تییه – رامیاری + رۆشبیری – سایکۆلۆژییه یه ، به و هێنده ش هه ڵگری لایه نی نـه ری هه مان ئه و پرۆسیسه یه .

پێویستی سه ره کی ئه م قۆناغه ئه مه ده ســـه پێنێ رۆشنبیری کورد ، له و رواڵه ته نه ریانـــــه ی سایکۆلۆژییه تیان سواغداوه خۆی ئازادکات و خڵت و خاشی سه دان ساڵه ی داگیرکردن و ژه نگی رۆشنبیری بێگانه که مێشکیان که فماڵکردووه بیشۆرێنێ و ده رونی خۆی پاك بکاته وه ، به بێ هه ڵنانی ئه م هه نگاوه ئیدی باسی یه کگرتن و به یه کبوون هه رچی له بازنـــه ی ئه و مانا و ده ربرپینانه دا ده سورێته وه ده بێته جوینه وه و کا به بادان ، له نوسینی دیکه شمدا باسی ئـه وه م کردووه و وتومه :

رۆشبیری راسته قینه ، هونه رمه ندی راسته قینه ، ته لیسمی گیانی نیشتمان و هاووڵاتیانی خۆیانن ، تـا ئه وگیانه یه کنه گرێ هه رگیز گۆرانکاری رامیاری نایته دی پێویسته ئه مه ش دووباره که مه وه : مه به ست لـــه

یه کگرتن ئه وه نییه هه موو ببینه یـــه ك ئایدۆلۆژی و بیرو باوه ڕ ، به لکو مه به ست له یه کگرتن ئه وه یه ، به گیانی نیشتمانی کوردستانی بیربکه ینه وه و هه ڵوێست بگرین .

رۆشنبیری کورد به ر هه می ، لێکداپچڕان و ژێرده سته کردنی کوردستان و په روه رده ی سنور په رســـتییه ، به مانایه کی تر په روه رده ی باوه ڕی بون به عیراقی ، ئێرانی ، تورکیایی و سوریاییه ، پتر له وه ی به رهه می باوه ڕ بوون به کوردستانه .

له هه ر یه ك له و به شانه شدا به رهه می پـــــارت و رێکخراوێکی رامیاری خاوه ن ئایدۆلۆژیایه کـــه رێگه ی ئه وه ی نادا وه ك خاوه ن نیشتمان - کوردستانی - بیر بکاته وه ، به لکو به پێچه وانه وه ده یه وه یٚ رۆشنبیر و رۆشنبیری ته نیو به ته نیا راژه ی پارته که ی یا رێکخراوه که ی بکات ، ده رچوون له و سنوره ، ده بێته هـــــۆی نێو زڕاندن ، راونان ، سه رله نوونان ، ده ربه ده رکردن و تیرۆر ، زۆربه ی جاریش ئه م باره ناهه مواره رۆشـــنبیر ده کاته ده ستکه لای ئـــــه م یا ئــــــه و ئه نـــدامی رابه رایه تی ئه و پارت یا ئه م رێکخراو .

به پێی وابه سته بوونی ناوچه گه ری و بنه ماڵه یی ئه م رێکخراو و پارتانه ش ، رۆشنبیری کورد له کۆتایـــدا ده بێته به رهه میٚ که زۆروکه م بریتییه له ره نگدانه وه ی به رژه وه ندی ته سکی ناوچه گه ری و بنه ماڵه یی ئه م یا ئه و رابه ر ، که وا له خۆیان گه یشتوون بیروبـاوه ڕو بۆچونیان ده ره کاته و هیچ بیرو باوه ڕێك نییه قه ره له قه ره ی بدات .

رۆشنبیری کورد کۆیله ی نه هه ر ته نیا ئه و جغزانه یه که باسمان کردن ، سنور ، پارت ، ئایدۆلۆژیا ، ناوچه گه ری ، چونکی ئه م جغزانه سه رجه م دوچاری به کۆیله بوونـی ئه و « زار » ه ی ده که ن که ده رووبه رێکی زۆر ته سك پێیده ئاخاڤن ، له زاری نێو ماڵێك ، یـا ناوچه یه ك تێپه ر ناکات ، تاراده یه ك زۆربه ی هه ره زۆری رۆشبیرانی کورد له و باره وێکه وتوون ، بۆیه ده بینین له نوسینی ئێسته دا گه له وشه و زاراوه ی وا به رچاوده که ون که سنوره کان ده شکێنن و به ره و ئاسۆی فراوان له شه قه ی باڵده ده ن ، بێگومان ئه و رواڵه ته دڵخۆشکاره ، به ڵام هێشتاش ئه و ئاڵوگۆڕییه له سنورێکی دیارکراودایه ، له ئه ژمارێکی دیارکراوی کۆمه ڵه وشه یه ك پتر تێپه ڕی نه کردووه ، پێویستی به فراوان کردن و لێترکرن هه یه ، لێره دا بۆ نمونه وتمان - کرن - نه مان ووت - کردن - ده له و باوه ڕه دام پێویسته له لادانی ئه و پیتی - د - زۆر له خه ڵکی سلێمانی و ده وروبه ری ئازاتر بین ، هه رجۆره وشه یه کی به - کردن - کۆتایی دیٚ ئیدی به - کرن - بنوسریٚ یاوه ك زۆر زمانی تر بنوسرێت و نه خوێندرێته وه ، باسکرن ، ماچکرن ، ســه وداکرن . . . . . هتد ، زۆر دیارده و نمونه ی وا هه ن .

وه لـــیٚ بۆ ئه وه ی ئه م جۆره باس و بۆچونانه به پراکتیکی بکه ونه کار و پێویسته وه ك له ده ره وه ی کوردستان چاپه مه نی به چه ند شێوه پیتی نوسین هه یه له نێو کوردستانیشدا ئه م جۆره چاپه مه نیانه ببنه بـــــاو و بخرێنه گه ڕ ، تاوه کو بکرێت رۆشنبیری کورد له ئاسۆیه کی فراوانتر و قوڵتر له یه کدی بگات ، له راستیشدا ئه نجامدانی ئه م هه نگاوه ، ئـــه رکی نیشتمانی هه ر رۆشنبیرێکی دڵسۆزه ، پێویسته لـــه خۆمانه وه ده ستپێبکه ین ، ئه وه ی لاتینی نازانیٚ فێری بی بتوانیٚ تێکستی کرمانجی بخوێنته وه و بنوسیٚ ، ئه م هه نگاوه زۆرهۆ هه ن ده یکه ینه پێویستیه کـــی چاولێنه پۆشراو :

- تاوه کو رۆشنبیرانی کورد بتوانن به یه که وه به زاری جیاجیا گفتوگۆبکه ن ، هه رنه بیٚ له یه کدی بـــگه ن ، به راستی بزانن باسی چی ده که ن .

- هێنانه کایه وه ی لیژنه یه ك که بتوانی سه رپه رشتی بڵاوکرنه وه ی هه موو ئه و به رهه مانه بکات کـــه سودی به ره و پێشڤه چوونی سه رجه می رۆشنبیری کوردیان تێدایه .

- پێویسته لیژنه زمانێکی وا له کاربێنیٚ ، رۆشنبیرانی

هه موو لایه ك به ئاسانی تێبگه ن ، بۆ ئاسـانكردنی تێگه یشتن له و تێكستانه فه رهه نگۆك وه ك پاشكۆی ئه م به رهه مانه بێته ئاماده كرن .

ئه ركی به ها و گرانی ئه م پرۆسه یه كه وتۆته ئه ستۆی ته واوی رۆشنبیرانی كورد ، به تایبه تی له هه ردوو به شه لكێندراوه كه ی ئێرا ن و عیراقدا ، به تایبه تـــی تریش به شه كوردستانی لكێندراو به عیراقه وه ، كه زۆربه ی هه ره زۆری لیتراتوره و تێكستی ئه و سه رده مه مان و هـــی پێش ئه و سه رده مه شمان به و شێوه پیته نوسراوه كه به ئه لف و بی ی عه ره بی ناسراوه و لـــه راستیشدا وا نییه .

كه وتنه وه ی ئه و ئه ركه وه ئه ستۆی رۆشنبیرانی ئه و دوو به شه ، دووهۆی زۆرگرنگ پشگیری ده كه ن ، یه كه م : له و دوو به شه دا ماوه یه كی زۆره زمانی كوردی زمانی نوسین و هینبوونه ، دووه م تا راده یه كی زۆر له وشه ی بێگانه پاك بویه ، شێوه یه كی ستانداردی به خوه گرتوه .

لێره دا به پێویستی ده زانم بلێم : ئه م پرۆسه یه ده بێ له سه ر بنه مایه كی پتـــه وی ره خنـــه ی زانستیانه وه ده ستبه كاربێ ، ئه مه ره چاوبكات ، كه پێویست نییه هه رچ هه ن و نین به تیپی لاتینی رێنوسكرێن ، هه روه هـــــا به پێچه وانه وه ش ، به لام به لایكه مه وه بــه رهــه مه شاكاره كان وێن كو به تایبه تی روویگه شی به رهه می كلتوری نزیكه ی دووسه د تا سێسه د ســـالی رابردووه بگرێته وه ، له ته ك ئه و به رهه مه هه ره نوێیانه ی كـــه به ر هه می ئیرۆن .

لێره دا مه به ستی سه ره كی من ئه وه یه بلێم : ئــــه و ده قانه ی كاریان له سه ر ده كرێ پێویسته له ئاستێكدا بن كه پله ی رۆشنبیری رووه و هه وراز هه لده كشێن ، شتێ ده خه نه سه ر بیری رۆشنبیری كوردستانی ، لاساكارنین و نوێخوازن ، بۆ نمونه ، ئه كه رچی « ژانـــا كه ل » به به رهه مێكی شاكاری ئـــــه و سه ده یه ناسراوه ، ئه كه رچی نوسه ره كه ی كه سێكی لـه بواری رۆشنبیری كوردا له باشور و خۆرهه لاتا كوردستانێ به ناوده نـگه و ژانی كه ل یش چیرۆكێكی به ناوده نگی به شه كوردستانی به خورتی لكێندراو به عیراقه وه یه ، وه لێ به داخه وه نمونه یه كی لاسایی كه ره وه یه ، بیری ســـه ره كی ئه و چیرۆكه له فلیمێكی ســینه مایی هونه رمه نـدی ناسراو شارلی شاپلن وه رگیراوه ، كه له بیستـه كانی ئه م سه ده وه چێكراوه ، ئه مجۆره كارانه به هیچجۆرێك راژه ی رۆشنبیری كوردنـــاكه ن ، لـه وجۆره نمونانه به داخه وه له بواری رۆشنبیری كوردیدا كه منین .

بێگومان ته ریب ده گه ل بلاوكردنه وه به پیتی لاتینـی پێویسته گه له تێكستێكی زۆری سۆرانیش به تایبه تـی ئه وه ی ســـه ربه وێژه ی منــــالانه به پیتی لاتینی بلا وبكرێته وه ، له سه رووی هه موو ئه وانه وه گۆڤارێكی كرمانجی – سۆرانی به پیتی لاتینی كارێكه چه نـده ی زوو ده ستپێبكری هێشتا دره نگه .

به لێ ناكرێ رێكخراوه كانی كوردستان ، یه كبگرن ، كه ر ئه ندامانی ئه م رێكخراوانه نه زانن ئــــه و یه كگرتنه له سه ر چییه ؟ بنچینه و بیر و تیۆریه كه ی چییه ؟ كارێكی دووره دیمكراتییه ت و پێشه كه وتنخوازیـه كه ر بێت و رابه رانی چه ند پارت و رێكخراوێك لـــه دانیشتنێكی به یه كه وه ی چه نـــد كاژمێریدا ، دوای گفتوگۆیه كی نیوه كرمانجی و نیوه سۆرانی شلوشوق كه خۆشیان به باشی تێناگه ن باس له چییه وه یه ، بریارێك بده ن كه چه ماوه ری فره فراوانی كوردستان ناتوانی لێتێبگات و بیخوێنێته وه .

رۆشنبیرانی كورد له سه ر خێران ، نیازیان وایه له و رۆ به دواوه رۆلێكی گرنـــگ له پرۆیسه ی داهاتـــوی رامیاری ، كۆمه لایـه تی ، كلـــتوری و ســـایكۆلۆژی كوردستاندا بلێزن ، له راستیشدا ئه وان له هــــه ر یه كێكی دی بۆ ئه وكاره شیا و گونجاوترن ، چونكـــێ دیاره كه ســـانی نیشتمانپه روه ر كه له سه رئاستی نیشتمانی كوردستان بیر بكه نه وه ، كیروگرفتی كه متریان له نیواندایه ، تا خه لكانی سه ر به پارت و رێكخراو ی جیا جیا ، بۆیه ئه و داوایه به ر له هه ر كه سێك

ده که وێته ئه ستوی که سانی نیشتمانپه روه ر .

کۆتای ئه م کورته باسه به نمونه یه ك دوایی دێنم ، نمونه یه ك له چۆنییه تی بیرکردنه وه ی ڕۆشنبیری ناوچه گه ری ، بۆ ئه وه ی یارمه تی خوێنه ر بدا ت و بۆی رونکاته وه ، بیرته سکی ناوچه گه ر چجۆره به هه ڵه داچون و چـۆن بێئاگایی ده سه پێنێ و هۆشیاری دواده خا .

به چوار نوسه ری کورد به ڵام ناوچه گه ر ، تا سه ر ئێسك سنوری ده ستکرد په رست ، چوار مامۆستا چه نده ی ڕێزیـــان لێنین که مه و چه نده ی گله یی و گازنده یان لێکه ین سه د ئه وه نده ی دی گه ره که ، چونـــــکێ نه وه یه ك سه رتاپا نه وه یه ك هه ر نه بێ له و به شه ی کوردستاندا له ژێرکاریگه ری نوسین و وتاری ئه وانـه دابوو ، چۆنیشیان بویستایه ئاوایان په روه رده ده کرد ، وه لـــێ به داخه وه !

کاك سه ردارمیران و کاك که ریم شاره زا ، لێکۆڵینه وه ، مامۆستا مه سعود محه مه د پێداچونه وه ، مامۆستا مه لا موحه مه دی مه لا که ریم به رواوردکردن – ی ، دیـــــوانی شاعیری هه ره ناوداری کورد حاجی قـــادری کۆیی یان وه ئه ستۆ گرتوه ! ئه و جا هه موویان له پاڵ ئه م دێره دا :

سێ قه بیله حه قیرو ( بێ رومتن )

کورد و ڕۆم و یه هودی گومراهن

ده نوسن : ئه م به یته له تێکسته که ی کۆڤاری ( ڕۆژی کورد = ڕۆژکورد ) ژماره ( ٢ ) داهه یه نووسیمانه وه ، به ڵام رسته ی ناو دووکه وانه که مان بۆ ساغ نه کرایه وه ، وه ك خۆی نوسیمانه وه ، وشه ی ( لۆم ) به یتی پاشه وه شمان له م تێکسته وه رگرت ، له ده سنوسه ئه سڵه که دا ( قه ومی ) بوو . لام وایه وشه ی ( ڕۆم ) له م به یته و له به یتی پاشه وه شدا له راستیدا ( لۆم ) بێ چونکه هیچ به ڵگه یه ك نی یه بۆ به راورد کردنی ( ڕۆم ) که واتـه ( عوسمانی ) به کورد و جوی ئه و سه رده مه . . . هتد . جاری ده بێ بڵێم ، ڕۆم ، ده شێ مه به ست لـــه ڕۆمی بێ که به ئینگلیزی جیپسی ، به زمانی سلاڤی – چیگان – ی پێده گوترێ ، ئه وان خۆشیان خۆیان به ڕۆم ده ناسین ، که وشه یه کی نزیکی لۆم ی کوردیه ، ئه وه گرفت نییه ، ناوێکی بیانیه ، ئه گـــه ر نوسه رێکی کورد شاره زاشی نه بێ ، هێنده ی ره خنه نایه ته سـه ر ، به ڵام ( بێ رومتن ) که راستییه که ی ئـــاوه هایه ( بێڕومه تن ) زاراوه ی پێچه وانه ی یا بـــه رابـه ری ئه و ( به ڕومه ت ) یا ( روومه تمه ند ) ه ، لــه زاری سۆرانی به رابه ره که ی – بێئابڕو – ده گرێته وه ، که له زاری سۆرانیدا باوه و ، پتر زه نگێکی فارسی هه یه تا کوردی ، روومه تمه نـد ، ب ڕوومه ت ، بیرۆمه ت ، که حاجی قادری کۆیی ، کۆی – بێڕومه ت – ی لـــه کارهێناوه وه ك له و جێگه یه دا پێویستی کردووه ، بوه به ( بێڕومه تن ) ، که کوردی بێغه لو غه شه و محه کی پێناوی ، که چی به چوار که ڵه نوسه ر که هـه ر یه که و جێگه ی تایبه تی خۆی له بواری بزووتنـه وه ی ڕۆشنبیری کوردا هه یه ، ئه و جا ناچنه وه سـه ری !! سه یره !!

له راستیشدا چسه یر نییه ! چونکێ خه باتی ناوچه گه ری و وێژه ی ناوچه گه ری و زاری ناوچه گه ری زاڵ وای لـه وانه کردووه ، نه توانن ئاسۆی بیریان به هێنـــده ی نیشتمان فراوان بکه ن ، به ڵێ ئه مه راستییه راستییه کی تاڵ ، له گه ڵ ئه وه ی حاجی قادری کۆیی ماوه یه کی زۆر له باکوری کوردستان و له ئه سته مبۆلیش هـه ر له گه ڵ کوردی باکوردا تێکه ڵاوی بووه ، جگه له وه ی حاجی قادری کۆیـی ته واو له سه رئاستی نیشتمان – کوردستان – بیری کردۆته وه ، له سه رده می ئـــه ودا کوردستان وه ك ئێرێ چه ند به شێك نه بوو ، به لـــکو ته نێ دووبه شی سنور واڵابووه ، ئه و یش شیعره کانی خۆی ئاراسته ی هه موو هاوولاتیانی کوردستان کردووه ، ئه وجا ئه و چوار که ڵه نوسه ره بیریان بۆ ئه وه نه چووه ، که ڵه شاعیرێکی ئاوا مه زن ، ده شێ له زۆر شوێندا وه ك که ره سته ی شیعری وشه ی کرمانجـــی به کارهێنابـــێ !!

ئه مه یه ئاكامی بیر كردنه وه ی ته سك و وابه ســـته به سنوره ده ستكربوو نا نیشتمانییه كان ، كه تاوه كو ئیمرۆ به لای زۆر كه سه وه پیرۆزن .(١)

---

## په راویز

١- دیوانی حاجی قادری كۆیی . لاپه ڕه ٢٦٤ - ٢٦٥ . لێره دا به پێویستی ده زانم ده رباره ی ئــه و دوونیوه دێڕه ی دوای ئه وه ش :

جینگه نه ی ئێره باوجوودی كـه رن

هه ر وه كو نۆمی ئێمه ده ربه ده رن

ئه و رایه ده ربرم :

وشه ی - جینگه نه - لێره دا چ مانایه كی لێوه ده ســت نایه ، دوورنییه ئه م وشه یه له راستیدا ، یه ك له و چه ند ناوانه بێ كه - رۆمی - پێده ناسرێ ، جیبس - چیگان - چونكه دیاره لێره دا به راوردی له نێوان - نۆمی ئێمه واته نۆمی كوردستان ( قه ره ج و نۆم ) - و لایه نیكی تره كه ده بێ وه ك نۆمی ئێمه بن ناویشان جینگه نه بی جینگه نه ش ناوی هیچ نه ته وه و كه مه نه ته وه و خێڵ و ئه تنیكێك نییه ، حاجی قادر دوورنییه لێره دا مه به ستی - چیگان - بی ، واته ئه و دوو نیوه دێڕه ده بێ به مشێوه بنوسرێت :

چیگا نـــی ئێره باوجوودی كـه رن

هه ر وه كو نۆمی ئێمه ده ربه ده رن

یاخۆ :

چیگه نی ئێـــره باووجودی كه رن

هه روه كو نۆمی ئێمه ده ربه ده رن

له راستیشدا هه ر چیگانـــه كانن وه ك نۆمی خۆمـــان ده ربه ده رن و هه ر رۆژه له جیگه یه ك لێی هه ڵده ده ن.

١٩٩٤

مۆسكۆ

كرنبوو ، دیاره ئێمه ش سایری ئه وان ناوه رۆكی بانگه وازه كه مان په سه ند كرنو له نامه یه كدا بـــه رێوه به رایه تی كۆمیته لایه نی ده سپێشكاری ئاگاداركرده وه ، بـــه لام هه روه ك وترا هه ڵگیرسانی ئه وجه نگه بوه هۆی ده ست و بردكرین له ناردنی بانگه وازه كه بۆ رادیۆی ده نــگی ئه مریكا - پشكا كوردی ، جگه له وه ش پێش ئـــه وه ی به ڵگه نامه ی بانگه وازه كه ئه و ده قه بگرێت كه مه به ست بوو، هه ڵبجه«كۆڤارێكی ئیسلامی سه ربه خۆیه له لایه ن یه كێتی ئیسلامی كوردی له ئه سكه نده نافیا ده رده چی» به شێوه یه كی وای بڵاوكربووه ، كه ئه وانه ی ئاگاداری به رایی نین وا تێبگه ن ئه و ده ستپێشكارییه له وانه وه یه و هی ئه وانه ، بـه وه رامه ره نگێكی ئیسلامی چاكخوازی تێهه ڵسون ! ئه م كاره له نییه تپاكی پێوه دیارنییه ، جـــگه له وه ی كه وترا ( به ناوی راوێژكارێتی ئاینی و به نێوی دیمكراسیتی مرۆڤ دۆستانه ) مانای ئـــه وه نییه لێره دا مه به ست تـه نیا ئیسلامه و به س، تا لایه نه ئیسلامیه كان ئه وه به موڵكی خۆیان تێبگه ن ، له رێگه ی خێچوخوار هه وڵده ن ده ستییه سه ردابگرن ، ئاشكرایه له كوردستان چه ندین دینی له ئیسلام له پێشتره ن ، دینی ره ســه نی هاووڵاتیانی كوردستانن له وانه یه زیدی ، مه سیحی . . هتد ، هه موو دینێكیش هاوئاست رێزی لێده گیرێ .

له به ر رۆشنایی ئه م روونكردنه وانه ی سه ره وه ، ئێمه دووباره بانگی هاووڵاتیانی خێرخواو خـــاوه ن هه ڵوێست ده كه ین، بۆسه رخستنی( بانگه وازێك لـه بیركه ره وه كانی كورد له هه موو جیهاندا بۆ سه ركرده نیشتمان په روه ره نه ته وه ییه كان - ئاینییه كان و ســیكۆلاریســته كـانی كوردستان ) بۆداریژتنی ( په یمانامه ی نیشتمانی سپه نته) ، پشگیری خۆیان به ئیمزاكردنی لیستی بانـــگه وازه كه ده ربرن .

بژی كوردستان !

به رێوه به رایه تی

كۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی كوردستان

١٩٩٤/٦/٢٠

هەواڵنامەی کتێب

م . بـــــه رزنجی

# 2 بیره وه ری و چه ند دیارییه ك !

## -1-

یۆگۆسلاڤیه كان ده ڵێن :

« چـــاو هه موو شتێك ده بینێت ، ته نیا خۆی نه بێت ! »

هه روه ك رۆژانی رابردوو زه رده خه نه به سه ر لێـوه كانییه وه بوو،له گه ڵ یه كه یه كه ی هاوڕێیانی په یمانگه كه دا ده دوا و گه لێكیش پێده كه نی ، هاوڕێیاكانی به تامه زرۆییه وه گوێیان بۆ هه ڵده خست ، هه ندێكیش سه رگه رمی باوه شی كچانی په یمانگه بوون ، به هه زاره ها خه ون و خه یاڵ . . . ! باڵه فڕێیان ده كرد . . . . سه رسامێك كـــه زۆر سه مه ر بوو ، هه رگیز چاوه ڕێ نه ده كرا ، هه واڵـی خۆكوشتنی { كارزان } بوو ، كارزانی مرۆڤ ، كـــارزانی هه زاره ها ئومید و هیوا ، كارزانی په پوله ئاسا ، كـــه ماندووبوونی ئه م رۆژگاره ی به له شـه وه بوو ، له هه ژانێكی گیانیدا كه وته به رباری ئه و هه ڵه و برینێكی ره شی قه بـه به رگه رووی گرت و جه سته ی كرده تاقگه یه كی كپ و بێده نگ . . .! كارزان له ئازاری ۹۲ دا چاوه پڕله هیواكانی لێكنا . . . . خۆشه ویستی ته واوی خوێندكارانی په یمانگه بوو هه روه ك مامۆستایان و هاوڕێیانی گه واهییان بـــۆ ده دا، پاشه رۆژێكی چاك چاوه ڕێی ده كرد نه ك مه رگ . چجای ئه وه ی قوتابییه كی به توانا و بلیمه تی په یمانـگه ی هونه ره جوانه كانی سلێمانی بوو ، له پۆلی چواره می شانۆدا له به شی ده رهێناندا ده یخوێند ، به شداری نمایشی پتر له بیست شانۆگه ری كردبوو ، له چه ندین رۆژنامه و گۆڤاردا چیرۆك و شانۆگه ری و شیعری بـه ر ده ست خوێنه ران خراون .

كارزان عوسمان قه ره داغی هاوڕێیه كی ئازیـز و خۆشه ویستی گشت ئه دیب و نوسه رانی كوردســـتان بوو ، بۆیه هه ر له چله ی كۆچیدا كۆڕێكی ماته می و رێزلێنانیان له هۆڵی ئه دیبانی سلێمانی بۆ ســـازدا، به ده یان نوسه ر و شاعیر به شداریان تێدا كرد ، لـــه كۆتایی كۆڕه كه دا شاعیری لاو محه مه د عومه رعوسمان وتی : مخابن كارزان برینێكی بێهه توانه وا به دڵــــی هاوڕێیانییه وه .

كارزان هاوڕێیه كی نزیك و ئازیزی من بوو ، دوو رۆژ به ر له كۆچیدوایدا له باخی گشتی سلێمانیدا ئه وكۆپله شیعره ی كه له ۱۹۹۱/۸/۳ دا نوسیبوی به دیاری بۆ نوسیمه وه .

« تۆ كه به نمه بارانی خوا ته ڕنه بیت
چ ده ربه ستی فرمێسكی منی
هۆ ره ش پۆشی سه ر رێگای چۆڵ
بۆ كوێ ئه ڕۆی . . .
دنیا بۆمان بۆته
بیابانێكی پڕ له لم و خۆڵ »

-2-

هه ركه س كه نيشتمان جێبێلیَ وه ك يادگار زۆرشت له دڵدا هه ڵده گرێ ، شتی تريش ده خاته هه بـــــگه ی غه ريبيه وه ، له نێو ئه وانـــه دا شت هه يه ده خرێته هه بگه ی غه ريبيه وه به لاَم جێگه ی هه ر هه بـگه ی دڵه ، له هه بگه ی غه ريبی من و دڵــه غه ريبه كه مدا هۆنراوه ی زۆر هه ن ، وه ك دياری بۆيان نوسيومه وه ، منيش ده يانكه م به دياری بۆ ئێوه ی هاوڕێيانی غه ريبی !

## بیرچوونه وه !

تۆ ستوونێك بووی
ته لی كاره بای نيگاكانی من به بالاَته وه
رايه ڵ بووی هه وای پاك و بێگه ردی
ئاسمانی نێوان چاو و دڵ ده بوو
به نێو قه ديه وه له تر دانه كه ی
مه ست بوونی شيعری خۆم راگرتبوو
كه شه و دا ئه هات
كه په رده ی ره ش و تاريكی چاوی خه واڵوی ئه وان
دا ئه درانه وه
دوو پرۆجێكته ر له روخساره ته وه
تيشكيان ئه هاويشت
وه كو دوو نه خۆش له گرانه تای سه ره مه رگا بن
هێڵنجيان ئه داو ئه رشانه وه
سه ر زه مينه كه ی وشكی ده رونم ته ڕ و لينج ده بوو
مۆخی تۆپه ڵ بووی نێوان بۆشايی ئێسقانه كانم
هێشتا وه ك به فری باريوی سه‌رڕووی
مردوو وه هابوون
نه ئه توانه وه
سه ر زه مينیَ بوو
به رووبه ريه وه تۆ ستونێك بووی
راگری دڵ بووی
ئه كه ر ئه وساته بمردیتایه
نۆته ی مۆسيقای په ژاره ی دڵم
ده كوژايه وه و
له لێدان ئه كه وت
بريا ئه وساته بمرديتايه
ئاخ بۆ نه مردی !
ببينه ئێستا
له سه ر زمينی لافاوی خوێن و ته قينه وه دا
ته لی رايه ڵ بوو به نێو قولاَيی
ده ماره كانی
ده ست و مێشكمدا
پساو ه و
ئيـتـر
قه ڵه مى نوسين
له نێو باوه شی
سارد و
رچيۆی ده ست و په نجه ما
سسته و
مه ر كه ب وشك بۆته وه
دڵو په ی شيعر
نا بارێته سه ر
په ڕه ی
ده فته ری
ژيانی بۆشی ته نياييمه وه
ببوره نه ك تۆ خۆلاَم بيرچۆته وه .

١٩٨٦گوندی مالومه

## هانای به ر مردن

مانگ هه ڵدیَ و له دڵی تاريكا ئه سوتیَ

هەواڵنامەی کتێب

ئه و تاكه چرایه و له پشتی كه لاوه ی كه سانی ئه م دێ یه
بێهوده به ده ستی له رزۆكی خواوه ندێك هه ڵبووه
مانگ هه ڵدێ و له دڵی تاریكا ئه سوتێ
هه ناسه ی ئه م شه وه ی دێهاتیش
ئه ستێره ن به ده وریا ده جمێن و
بێهوده ش تریفه ی جانویان
له باوه ش گرتووه
مردووه كان زۆر هانا بۆ مانگ و خوا ئه به ن
بۆ بمرین ؟ بۆ بمرین ؟
ئه وه تا ئه بینین رۆشنایت ره نگینه و
شه وانه ئه بیته تارای سه وز
گژ و گیای باخچه كان ئه ی پۆشن
بۆ بمرین ئه ی خواوه ند فرمێسكت بارانه و
رۆژانه ئه بێته جۆگه له و
غه ریزه ی زیندووه كان ئه ی نۆشن
كه ئه مرین تریفه ی مانگه شه و
ئه ی تاقه چراكه ی ئه م گونده
تۆش له گه ڵ ئێمه دا بۆ نامریت ؟!
دوای ئێمه ئاخر چۆن دڵت دێت
بۆ سیمای په ژاره ی كه لاوه بروانیت ؟!
كه ئه مرین ئه ی خواوه ند
ئاخر چۆن هه یكه لی مه زنیت
له یه كتر ناترازێ و نا كه ویت
شه و و رۆژ ئه م هه موو تاوانی كوشتنه ئه بینیت
ئاخر چۆن خۆت له سه ر بڕبڕه ی پشتی خۆت رائه گریت ؟!
چۆن نامریت ؟!

گوندی مالومه ١٩٨٦

## مردنی ده نگ و ره نگ

ئاخ چی یه ئه م ده نگه ، ئه م ره نگه كه بوونی
سه راپای بێده نگی و بێره نگی گیانێكه
نیژراوی گۆڕێكی دێرینه ؟!
چی یه وا ئاوازی بێنازی كه رووی من
وه ك هه وای ژه نگ گرتووی شمشاڵی شوانێكه
خنكاوی دوكه ڵی خاكێكی خوێنینه ؟!
بێده نگیم رۆمانی ملیۆنان قسه بوو
پڕ گه رمه و پڕ له ره و هاژه بوو
نه بیسترا و نا بیسترێ
بێره نگیم سه وزایی سرووشت و
شینایی ئاسمانی گه ردوونه
سورایی روخساری خوێناوی شـه هیده و
ژیله موی پاشماوه ی شه ڕی بـه د
قاوه یی و هه نگوینی چاوانته و
نه بینرا و نا بینرێ
وێڵم كه
بۆ مه رگی شاعیرێ خه م مه خۆ
كه عومری جوانی تۆی به خت كرد
له پێناو دیمه نی شیعرێكدا
وێڵم كه وا جیهان له منی نامۆ رائه كا
تۆش له من رابكه و جێمبێله
له هه موو زه مان و شوێنێكدا

قورسایی زه ویان نایه سه ر
ئه م گیانه لاوازه و نه مردم
مۆرفینی په ژاره ی ئاهاتی مه سیحیان
رشته ناو كوێكرتن له م هه موو
ئاوازه و
نه مردم
سه دان جار به خاچی تاوانا داكوترام
كه چی نه مردم
بۆ ئه زمون له بنكه ی ئه تۆما ته قێنرام
سه یره هه ر نه مردم
به لام ئاخ هه زاران ئه فسوس و مخابن

ڕۆژێ دێ ئه م گیانه پڕ ده نگ و ڕه نگه
بمریت و چاوانی لێك بنێ
به هێزی لێدانی شنه ی با
له كه نار حه سره ت و له بنار نوریا
بمرێت و چاوانی لێك بنێ
ئه مرین و جیهانیش هه ر وه كو نه بوونی وه هایه
بۆیه جێ‌ی خه م نی یه
نازانین ته ماشای قه شه نگی سروشت و
گوێ گرتن له م هه موو ئاوازه ته لیسمه
هۆی چی یه ؟

شارباژێر – گوندی گه ڕه دی ١٩٨٥/٥/٧

## نســـــى

ئه مه من نیم كه – نسی – كه م
به بناری ئه و له شه دا په خش بووه
ئه وه سێبه ری هه وریكه
له نێوان خۆر و زه وی دا
دروست
بوێنێ ئه و هاژینی ده نگه ی له گه رووم وه دای له رووت
قامكی حه زی له سه ر لێوت تره كان .

ئه وا نێشته له سێنه مدا
زایه له یه كه كپ بووه .

١٩٨٦

گڕه ی گه رمای ئه و هاوینه ش هه ڵی كرد
ئیسا وه ك پار چـاو له ڕێگای پاییزم
پێكی عومری چاوه ڕانیم ســـه ری كرد
نا ئومیدی مه زه ی لێوی ئـــازیزم

١٩٨٦

شه وان دیده م ته ره بووی نێو ئاسمانه
ئه ستێره كان ده ژمێرم و خه وم نایه ت
وه ك په پوله بـۆ رووی جوانی ئه سوتێم
خۆری رووی تـۆ له سپێده م هه ڵنایه ت

١٩٨٦،

**فاتیح عیزه دین**

هەواڵنامەی کتێب

## ئا گاداریيه ك بۆهاووڵاتیان له ده رو نێوه ی كوردستاندا

تكایه هه ركه سێك به ناوی كۆمیته وه په یوه ندیتان پێوه ده كات بۆگفتوگۆ یا كوكردنه وه ی یارمه تی وكۆمه ك ، داوای ناسنامه ( هویه ) ی تایبه تی كۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی لێبكه ن ، له كاتێكدا ناسنامه ی تایبه تی كۆمیته ی نه بێ ، نه مافی ئه وه ی هه یه به ناوی كۆمیته وه بـدوێ نه كۆمه ك و یارمه تی به ناوی كۆمیته وه كۆبكاته وه ،
به رێوه به رایه تی كۆمیته له گوتار و هه ڵسوكه وتی ئه وانه بێبه ریه !

**سوپاس**

**به رێوه به رایه تی**

**كۆمیته ی ئاشتی وپشگیری نیشتمانی كوردستان**

هـ . ئه كره م

# سترانه‌ك ژبۆ به‌كۆ

بۆ ئێمه ی هاووڵاتیانی كوردستان له دایكبوون ره خسانێكی هه روا ئاسان نییه ، جا جچای مردن و ماڵئاوایی كردنی یه كجاره كی ئه وه هه ر خۆی كاره ساته .

به ڵام به داخه وه له و باره وه ئه ماده یه كی بێسنوری خۆهه ڵخه ڵه تاندمان هه یه ، بۆنمونه ده ڵێم :

دوای كاره ساته كه ی هه كاری ، سیاسه تمه دارێكی كورد نامیلكه یه كی چه ند لاپه ره یی ده رباره ی رووداوه كه ره شكرده وه ، له دووتوی ئه و به یتو باڵۆرانه ی بۆ نه وه ی نوێی هۆنیبووه وه ئه وه بو كه گوایه « دوای ماوه یه كی كه م برینه كان سارێژبوون » جا ئه وه ی نه زانی ئه و برینانه چۆن بوون و چی بوون ره نگه سوك و ئاسان ئه مه ی به سه رداتێپه ری ، وه لێ ئه وانه ی نه ختی سه ره ده ر له كاراندا ده كه ن ، ده زانن نه ك شوێنی برینێ هه روا به شه ورۆژێك پڕ نابێته وه به لكو هه ڵكه وتنه وه ی دوو سه ركرده ی سه ربازی وه كو شه هیدان دكتۆر خالید سه عید و عه لی عه سكه ری ، نه ك هه ر به ساڵێك و دوان و به لكو مه گه ر له سه ده یه كدا بۆ نه ته وه یه كی وه ك ئێمه ی ژێرده سته ته نێ جاری بره خسێ ! كه ئه وه ده ڵێم چمه به ستم له یاد كردنه وه ی جه نگی كورد كورد و براكوژی نییه ، به لكو ته نێ ده مه وێ به خوێنه ر بڵێم مرۆڤی بلیمه ت له هه موو بوارێكدا ده كمه نه و هه ڵكه وتنی هه روا هاسان نیه ، هیوادارم چیدی به و جۆره قسانه خۆ هه ڵنه خه ڵه تێنین . هه تا گۆنای بۆ كورد وه ك رێژیسۆر و كارمه ند یكی سینه مایی له دایكبوو وه كی ده ڵێن به رد شه قبوو ! گۆنای روداوێكی هه ره به رچاوی ئه م سه ده یه ی نیشتمانی كوردستان بوو ، ده بینن چه نده ناچارین ! هه ر كه باسی هونه ری سینه مایی كورد بكرێت ناچارین به رله هه موو كه س ناوی گۆنای بێنین ، دوابه دوای ماڵئاوای یه كجاره كی گۆنای كۆمه ڵی رسته ی له بابه تی هه مان باڵۆره ی رامیاریستی كوردمان خوێنده وه ، هه ر یه كه و له شوینی خۆیه وه بریاریدا كه جێگه ی گۆنای ئیدی چۆل نییه ، له كاتێكدا هێشتا چله ی گۆنای تێپه ری نه كردبوو ، له و رۆ به دواوه ده بێ ئه و جۆره رووداوانه ببنه په ند و پێویسته له و مێژووه پڕ له قوربانییه فێربین ، كه جێگه ی سه ركرده ی رامیاری ، سه ربازی ، فره زانایی ، هونه ری . . . . . هتد ، هێند به ئاسانی بۆ ئێمه پڕ نابێته وه . كاشكێ من هه له ده بووم ئه وانی به پێچه وانه وه بیرده كه نه وه ، راست !؟ ناوده نگی هیچ كه سایه تییه كی رامیاری و سه ربازی و بگره هونه ری كورد له جیهاندا به ناوده نگی به ربڵاوی گۆنای به راورد ناكرێت . بۆیه ده بینین ئیمرۆ خه ڵكی جیهان له ئاستی هونه ری گۆناوه چاوه رێی به رهه می نوێی سینه مای كوردین ، هه ر فلیمێكی كوردی له و ئاسته دابه زی نه ك ته نیا زیان له خۆی و ئه وانه ده دا كه ره نجی ده كه ڵدا ده كێشن به لكو زیانێكی

مه زنيش له و هيوايه ده دا كه بينه ران ره چاويده كه ن و به ئاواتى ده خوازن . بۆيه مه رج نييه هه ر هه نگاوێكى نوێ دواى له ده ستدانى كه سايه تييه كى بليمه ت جێگه ى ئه و پڕ بكاته وه ، له گه ڵ ئه وه شدا بێگومان تاقيكردنه ، هه وڵدانى پڕ سود جێگه ى ڕێزلێگرتن و ده ست بـــۆ به سنگه وه گرتنه ، له م بواره دا ، هه وڵ و كۆششى هونه رمه ندى كورد « نيزامه دين ئـــــاريچ » جێگه ى باسكردنه ، فليمه كه ى ئه و « سترانه ك ژبۆ به كۆ » لـــه لايه ن ده ستگاكانى بڵاوكردنه وه بايه خى تايبه تى پێدرا ، جگه له وه ى تاوه كو ئێستته له چه ندين ڤيستڤاڵى سينه مايى به شدارى كردوه هه تا هه نوكه يانزده خه ڵاتى سينه مايى پێبه خشراوه .



سترانه ك ژبۆ به كۆ ، ره نگدانه وه ى روداوه كانى رۆژانه ى ژيانى مرۆڤه له كوردستان ، ئـه و فليمه باسى كورێكى كورد ده كات ، له به شه كوردستانى داگيركراوى توركيا ، له سه ربازى ياخى بوه و نايه وێ له ريـــــزى راژه ى سه ربازيدا راژه ى رژێمى داگيركارى توركيا بـــكات ، بۆيه رادده كات و خۆى ده گه ينته باشورى كوردســـتان ، « به كۆ » كه براى ئه وه له سه ر راكردنى بـــرا كه ى له راژه ى سه ربازى توشى سه ر له دونان و گرتن دێت ، دواجار ئه ويش رێگه ى براكه ى ده گرێت . ئه نــــجام ده كه وێته نێو ئه و ئاوارانه ى به هۆى جه نگى عيراق و ئێرانه وه ده ربه ده رن ، له نێو ئه و كۆمه ڵه نوێـــيه دا به كۆ له گه ڵ كچێكى چكۆلانه دۆســـتايه تى ده گرێ و ده بنه هاوڕێى يه كدى ، له دواى كۆتاييهێنان به جه نگى عيراق – ئێران . ئه و خه ڵكه ئاواره ده گه ڕێنه وه ئه و گونده ى لێوه ى ده ربه ده ر بوون ، به ڵام گونده كه يــان ده كه وێته به ر بۆردمانى كيميچه كى رژێمى فاشى عيراق ، كچه ژێكه له « زينێ » له و بۆردومانه دا بريندارده بـێ ، به كۆى هاوڕێــى جێى ناهێلى و به ره و ده ره وه ى كوردستانى رادده فرێنى به ره و ئه ڵمانياى ده بات !!

فليمى سينه مايى « سترانه ك ژبۆ به كۆ » به چاكى ره وشى پڕ ئازارى هاووڵاتيانى كوردستان دياردده كات ، له كوردستانى دابه شكراو داگيركراودا ، خه ڵكى بيانى زۆر لايه نى ئه و ژيانه تفتوتاڵه ده بينن ، لـــه وێدا هونه رمه ند پرۆسه ى ده ربه ده ربوونى هاووڵاتيـــانى كوردستان له زێد و ژينگه ى خۆيان به چاكى پيشان ده دا ، ئه و فليمه كه له وڵاتى ئه رمينيا وێنه ى گيراوه تارڕاده يه كى هونه رى به رز وێنه كانى جـــــوان و كاريگه رن جگه له وه ى هونه رمه ندانى ئـــــه كتكار كوردن و ديسا ديالۆگى فليمه كه ش به زمانى كوردى يه.



بێگومان فليمى « سترانه ك ژ بۆ به كۆ » كـــه مو كوڕى تێدايه ، وه لێ وه ك هه نگاوێكى نــوێ و هه ڵسانه وه ى قۆناغى دواى كۆناى ، به كارێــــــكى سه ركه وتوى سينه مايى كوردســــــتانى داده نــدرێت ، ئێمه ى هاووڵاتيانى كوردستان له سينه ماكــــارانمان هێشتاش كارى پڕ مه زنتر و كاريگه رتر داخوازين ، بۆ كاك نيزامه دين ئاريج ، هاوكارانيشى سه ركه وتن و هه نگاوى خورتـــــــر .

وریـــــــا ئه حمه د

# ده هـۆڵ

ئامیری ده هۆڵ :

( ده هۆڵ ) ئامیرێکی ره زمگرتنه ، له بازنه چێوه یه کـی یه کێك له و دارانه ( بی ، توو ، گوێز ) دروستده کرێت ، له هه ردوو رووه وه پێستی ( مه ر یا بزن ) ی تێده گیرێ، داری چێوه که ده بێ یه کپارچه بێ ، ( ده هۆڵکوت و ده ۆڵه نگێو ) ئامیره که به هۆی ( قایش یاخود په ت ) ێك ، له مل ده کات ، به هۆی دوو ئه لقه وه که له سه ر ته خته ی چێوه که ی کوتراون ، به ندکراون . ده هۆڵیش له کاتی به کارهێنانا ده که وێته به رده م سینگی ده هۆڵکوت و به هۆی دوودار ده یکوتێ ، یـه کێك له و دارانه تاراده یه ك ئه ستوره و کۆتاییه که شی نیوه چه ماوه یه ، تـــــاوه کو پێسته که زامدار نه بێ و نه درێ ، ئه مه یان زۆرتر له دار ( کنێر ) دروستده کرێت ، به ده سته که ی دیکه شـی دارێکی باریك ، زۆرتر له دار ی ( گـــــه ز ) دروستده بێت به هۆی لاستیکێکه وه له په نجه ی گچکه ی گریده دا .

قه واره ی ده هۆڵ :

ئه م ئامیره ش وه کو زۆربه ی ئامیره کانی دیکه ی مۆسیقای رۆژهه لاتی پێوه ری نه گۆڕاوی نییه ، ده هۆڵ هه یه له راده به ده رگه وره و ، هه یشه به پێچه وانه وه، به لام ئه وه ی لێره دا گرنگه بگوترێ ئه وه یه : –

قه باره ی ئامیره که تا گه وره و پان و پۆر بێت ، دیاره ده نگه که شی قوول و کاریگه ر و قه به و گڕتر ده بێت و به پێچه وانه شه وه ، تا قه باره ی ئامیره که باریك و گچکه تر بێت ، ده نگه که شی باریك و تیژ و ناسك تر ده بێت . قه واره ی ده هۆڵێکی مامناوه ندی که لـــــه موزه خانه ی قه لای هه ولێردا دانراوه به مشێوه یه :

تیره ی رووی ئامیره کـــــه = ٥٢ سم

پانی ته خته ی چێوه که ی = ٣٥ سم

درێژی کوڵه کۆچانه کـــه ی = ٣٩ سم

درێژی قایش شـــــــان = ٤٥ سم

ده روستکردنی ده هۆڵ :

به شی سه ره کی ئه م ئامیره چێـــوه بـــازنه بیه داره که یه ، ئه ویش وه ستای تایبه تی وێـــکیدێنێته وه بێئه وه ی بیه لی داره که درزبدات یـــا بشکێت . دوام ئه م کاره وردانه زۆر چـــاك ئه نجامده ده ن ، دوای ئه وه زۆربه ی ده هۆڵکوتان ، خۆیان پێست لـــــه

چێوه که ده گرن . هه مبانه ی کۆن ( ئه وه ی له کاتی خۆی زه خیره ی تێدا هه ڵده گیرا ) چاکترین جۆری پێسته بۆ ئه م مه به سته ، بۆماوه ی رۆژێك یا زیاتر ده خرێته ناو ئاو ، دوای ئه وه له لای زکییه وه هه مبانه که ده ده رێنن و له که وانه داره ته نکه کانی ده ئاڵێنن ، چونکه بــه هۆی ئاوه وه جوان نه رمبوویته وه ، جوان دێته دووده ست ، ئه وجا به توندی ده خرێته سه ر رۆخی ته خته بازنییه که و بــه داو زۆرچاك شه ته ك ده درێ و هه ردوو که وانه که ی ئه مسه ر و ئه وسه ری له یه کدی گرێده درێن ، پاشان هه ڵده گیرێ به مه به ستی وشك بوونه وه ، دوای وشك بوونه وه پێسته کان تونووره ق راده وه ستن .

له باره ی ده هۆڵه وه :

کاك عوسمان شاربازێڕی ، ده ڵێ :

( ده هۆڵ ، ئامرازێکی مۆسیقای ئیقاعی ( ریتــوم ) ی کوردیه ، له ( که مه ) یه کی دارین دروستده کرێت کــــه هه ردوو رووه که ی به پێستی خاو ئه گیرێ ، دیوێــکی به شولێکی باریك و دیوه که ی تری به کوڵه کوچانێك لێده درێت ). مامۆستا جه مال بابانیش له باره ی جوامێریو نه به ردیو ئازایه تی « دوانزه سواره ی مه ریوان » ه وه ده ڵێ :-

( . . . . سواره ئازایه کورجوکۆڵه کان ، که هه ر یه که ، ( دۆڵه نگێو ) یکیان له که ڵدابوو، له سه رئه وه رێککه وتبوون که له به ره به یاندا په لاماری دوژمن بده ن و نیشانه ی ده ستپێکردنیش ئه وه بوو ، یه کێك لــه و سواره ئازایانه فرمان بداته ده هۆڵکوته که ی وا لــه که ڵیدا ، ده ســت بکات به ده هۆڵ کوتان ، ئه وانی دیکه ش له که ل کوێلێبوونی یه که م کرمه ی ده هۆڵ ، ده ســتبکه نه ده هۆڵ کوتان ، تاوه کو وره به دوژمن به رده ن و بیتۆقێنن . . . . . تاد ) وه ك ئه م نووسینه ی سه ره وه م له جێگه دیکه شــدا به رچاو که وتووه بۆنمونه له داستانی ( دمدم ) ی ( شه مۆ ) دا ، ده خوێنینه وه :-

( له پرده نگی ( ده هۆڵ ) و ( زورنا ) کــه ی ( مراز ) هات . به لام چ ده هۆڵ و زورنایه ك که له نێو که لیو قات قاتانه دا ده نگیان ده داوه ، ده ت گوت یه ك ده هۆڵ و زورنا نیه ، به لکو سه د دووسه د ده هۆڵ و زورنان . . . . تاد )

دیسانه وه له کتێبی ( مه لا مه حمودی بایه زیدی ) یشدا ، ده خوێنینه وه :-

( . . . . کورده کان هه ر که زانیان دوژمن بــه ره و روویان دێت ئه وا ، ( ته پڵ ) و ( ده ف ) ه کانیان ، به شه و و رۆژ له هه ر کاتێکدا بێت ، له جێگایه کی به رز لێ ده ده ن ) .

له و قسانه بۆمان ئاشکرا ده بێ ، که کوردان له سه رده می کۆندا، به تایبه تی له کاتی جه نگدا ( ده هۆڵ ) یان وه کو ئامیرێکی جه نگین به کارهێناوه ، مــادام وا بووبێ دیاره سه ر له شکر و میره کورده کانیش لــه و کاتانه دا هه رگیز ده هۆڵ و ده هۆڵکوتیان لـــه بیر نه کردووه .

دکتۆر ( حفنی ) و دکتۆر ( سوبحی ئه نوه ر ره شید ) یش رایان وایه ، گوتویانه :-

( ده هۆڵ یه کێك بووه له و ئامیرانه ی مۆسیقای جه نگ ، له سه ده ی سێزده مینی زایینیدا ، له جه نـــگی خاچییه کاندا ، ئه وروپاییه کان لـــــــــه رۆژهه لاتیان وه رگرتووه . ) ١

دیاره ئه و جه نگانه به سه رکردایه تی ســه لاحوبینی ئه یوبی بووه ، که چه ندین جار یارمه تی و له شکری له کوردستانه وه بۆ چووه ، یه کێك له و له شکرانه بــه سه رکردایه تی میری هه ولێر ( کوری مووسك ) بووه ، بۆیه ، مافی خۆمه که ر بپرسم :

تۆ بڵێی ئه وروپاییه کان له و شه ڕانه دا ئه م ئامیره یان به ده ست ( دۆڵه نگێو ) ه کورده کانه نه دیتبیو لێــیان وه رنه گرتوون ؟؟

مێژووی ئامیره که ؛

ئه وه ی له زۆربه ی سه رچاوه بێگانه کاندا ده ستیبۆ درێژکراوه ، ده ڵێ :-

کۆنترین به کارهێنانی ده هۆڵ ی که وره له سه رده می

نوێی ( سۆمه ر ) ی دابووه ( ٢١٠٠- ١٩٥٠ ) ی پێشزاییینی .

به لام دوای دۆزینه ی پارچه ئاسه وارێکی سۆمه ری له شێوه ی میلدا ، که له مه رمه ڕی سپی دروستکراوه - به رزی ( ٩٠ ) سم ، پانی ( ٣٧ ) سم و ئه ستوری ( ٢٢ ) سم - له سه ریسه ره وه ی میله که دا پیاوێك دیاره بۆ پێشه وه چه ماوه ته وه و به هه ردووده ست ( ده هۆڵ ) یکی گه وره ی بازنییه ی ده کوتی ، مێژووی ئامیره که ده گه ڕێننه وه بۆ ( ٢٥٥٠ ) ساڵ پێشزاینی

ناوی ده هۆڵ له فۆلکلۆری کوردیدا ( له په ندیپێشینان )

١- ده نگی ده هۆڵ له دوراڕ خۆشه .

٢- ده هۆڵ دراڕ ده نگی برا. یاخود ، دۆل دراڕ و ته قه ی براڕ

٣- هه موو شتێکم له کۆڵه نۆره ی ( زورنا) وڕ( ده هۆڵ ) ه

٤- ده هۆڵکوت ده هۆڵی بۆ داوه تا خۆ لێده ت ، ده په قێنیت .

هه روه ك ده هۆڵ له شیعری کۆن و نوێیشدا ناوی هه یه :

١- دانه ده بده به ی ( ده هۆڵ ) ده یجور
خرۆشا زه نگی ، بریا نه قش و نور

خانای قوبادی

٢- له کویێ ما نه عره ته و ته قله و جلیت و رمب و رمبازی
له کویێ ما ده نگی (زورنا) و ( ده هۆڵ ) وشایی وسه یران

حاجی قادری کۆیی

٣- بروانه شاییه چۆپییه له و ماڵه
گوێگره (ده هۆڵ ) ه ( زورنا ) یه شمشاڵه .

گۆران




ئه م باسه له چه ند شوێنێکدا که مێك ده سکاری کراوه له کتابه که دا « ئامیره کانی مۆسیقای کوردی - وریا ئه حمه د - باسه که پتر درێژه ی هه یه »

گیرۆمی ستۆلینتز

# ڕەخنەی هونەری

گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ زاریسورانی کوردی - ڕەهبەر جەلال

نەخێر! ناتوانی تەنیا بە مەرجێك نەبێ، ئەمیشیان مەرجێکی دابڕە: ئەویش ئەمەیە کە بلوێ بیسەلمێنێ ئەم جۆرە هەژانە بەهێزە - هەڵچون - بەڕاست ئەوە وا دەکات هونەر بایی هەبێ. وەلێ هەرگیز ناکرێ ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی دەروونزانییەوە بسەلمێندرێت، هەموو پێناسەیەکی ئاوەهایی «بایی» هونەر دەکرێ ڕووبەڕوی بەرپێگیران بێ لە بواری وەڵامدانەوەی دەرونی لە ئاست هونەردا، زۆریش وابووە کەتوشی بەرپێگیران بووە. بەرهەڵستکارانی ئەم بۆچونە باوەڕیان وایە بایی هونەر پەکی ناکەوێ لەسەر هێندی وەڵامدانەوە کە لە مرۆڤدا دەیانوروژێنێ، بەڵکو وایدەبینن بایی هونەر لەخودی هونەر دایە.

هەر لەوەشەوەیە وایبۆدەچن کە هەڵەیەکی خەندەهێنەرەگەر بێتو بایی هونەر بەو موچڕکە و ڕاچڵەکێنانەی هێندی کەس هەستیپێدەکەن ببەسترێتەوە، هەر چۆنێبێ ئێستە کاتی دەمەتەقێی بیر و ڕا جیاوازەکانمان نییە، داوتر بە دوورودرێژی لەو گرفتە دەکۆڵینەوە.

گرفتی ئێستەمان ئەمەیە: دەرونزانی بەتەنیاو تەرا ناتوانی ئەو جیاوازییە یەکلاکاتەوە، لە بەرابەر ئەوەدا جوانزانی هەوڵدەدات بەوردی ئەو تیۆرانەی بەگشتی باسکران بیانخاتەڕوو، ورد لە ئەنجامەکانیان بیربکاتەوە خاڵی بەهێزو بێهێزیان دەستنیشانبکات.

هەروەهاش تۆژینەوە تایبەتییەکانی تری هونەر، وەك زانستیکۆمەڵناسی و مێژوو، ئەوەنین بتوانن بایی دۆزەرەوەبن، ئەوان بایەخ بە بەدیارخستنی گرنگی بەرهەمە هونەرییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەدەن، بەڵام کارەکان دەشێ لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا «گرنگ» بن جاگەر هونەری بن یاخۆ هونەری نەبن. دەشێ چامەیەك یا پارچە مۆسیقایەك فرەکاریگەری لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا هەبێ بەگوێرەی ئەوەی بەڵگەنامەکی بانگێشەکردن بێ، یا هاندەری شۆڕش بێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێ کە بەپێداویست لەڕووی هونەرییەوە کاریگەری چاك بێت. دەشێ خوێنەر سەرگوزشتەی ئەو چاوپێکەوتنەی دەربارەی دیدەنی لنکۆڵنی دەگەڵ هاریت بێتشر ستۆ Harriet Beecher Stowe بنوسی - کوخەکەی ئاپۆ تۆم - لە ڕۆژانی جەنگی دوومی جیهانی بیستبی، کە ووتبویی: «ئەمەیە ئەو خانمە چکۆڵانەیەی ئەو جەنگە گەورەی هەڵگیرساند؟»، وا گریمان چیرۆکەکەی «کوخەکەی ئاپۆ تۆم» هۆکاری یارمەتیدەری خەملاندنی هەستی دژایەتی کردنی کۆیلەتی بوو، ئەمە بەدوای دانایە بگوترێ چیرۆکێکی نایابە و تا پلەیەك بەرچاوە.

گرفتێکی تریش هەیە، بایەخیشی کە لێك زۆر لە

گرفتی بایی هونه ر گرنگ تره ، که چی تیۆرانینه نا فه لسه فییه کان پشتگوێده خه ن . ئه ویشان ئه م پرسیاره یه :« هونه ر چییه ؟ » به هۆی ئه وه وه بواره کانی تۆژینه وه که له مه و پێش لێوه یان دوایین هه موویان زاراوه ی « هونه ر » له کاردێنن ، چونکی له و یا له م گۆشه نیگایه وه له هونه ر ده کۆڵنه وه ، وه لێ به شێوه یه کی به رنامه کراو له مانای هونه ر ناکۆڵنه وه ، بۆیه پێویسته جوانزانی چاره ی ئه م گرفته ش بگرێته ئه ستۆی خۆی .

دوورنییه که سێك له به رابه ر ئه وه دا بلێ : « به ڵام مه رج نییه ئه و لێکۆڵینه وانه ی تر له و گرفتانه بکۆڵنه وه .

ده توانن زانیاری ده رباری هو نه ر کۆکه نه وه . زانیاری له گۆشه نیگای ده روونی ، کۆمه ڵایه تی ، مێژوویی یا پراکتیکییه وه . . . . هتد ، سه رنجدرابێت ، به بێ ئه وه ی بایه خ به گرفته کانی « ئاست باڵایی » وه ك « سروشتی هونه ر » بدات . ئه م په رته چه ندێك راستی تێدایه ، به ڵام ده بێ تێبینی ئه مه بکه یت کاتێ تۆ ئه وه ده ڵێیت ، هه رخۆت پێله گرفتی بابه ته که ده نێی – واته ئه وه ده یسه لمێنێ ، لێکۆڵینه وه کانی تر به رسیقی ئه و پرسانه ی په یوه ند به هونه ر ناده نه وه . به لکو له راستیدا له وه ڵامدانه وه ی کۆمه ڵێکی هه ره گرنگترین و سه ره کیترینی ئه و پرسانه ی ده رباره ی هونه ر ده سته وه ستانن . ئه مه ش که ماسی په رتی یه که م که ده یه وێت بیسه لمێنێ لێکۆڵینه وه ی جوانزانی پێویست نییه ، به ته وای ده سه لمێنێ .

# # #

ده گه ڵ ئه وه شدا راست نییه بوترێ ئه و گرفتانه ی جوانزانی لێانده کۆڵێته وه له به رامبه ری ئه و لێکۆڵینه وه نافه لسه فیانه ی هونه ر گرنگ نین ، دروسته هێندێ جار ئه م لێکۆڵینه وانه ده توانن له رێبازی خۆیاندا به رده وام بن ، به بێ ئه وه ی شیکارێکی سروشت و بایی هونه ر ئه نجامبده ن ، ده شێ بنوس به بێ ئه وه ی له و گرفتانه قوڵبێته وه « مێژووی کۆمه ڵایه تی » هونه ر بنوسێته وه ، وه لێ ته نیا له و باره شدا ، ئه وه ی ده یلێت ته واو روونییه ، گه ر ئه وه ی مه به ستییه تی « هونه ر » راڤه ی نه کات ، به وه نده ده ستبه رداری ئه و په یڤه « وه ك گرفتیکی سه لمێندراو » ببێت ، ( به ڵام گه رخۆی له قه ره ی گرفته که بدات ، ئه وا به راست یانی پێنایه نێو مێرگی « گۆره پانی » جوانزانییه وه ) .

ده شی وابێ ، له بواره کانی تردا ، خۆ قه ده غه کردن له هه ڵوێستی فه لسه فی به رابه ر باوه ره بنچینه ییه کان ئه نجامی دژواری لێبکه وێته وه ، ده با له م باره وه له ره خنه ی هونه ری رامێنین ، هێندێك دبێژن ئیشی ره خنه کار ته واو له ئیشی بیرکارێکی جوانیزان جیایه ، به لکو دژیشیه تی ، له به ر ئه وه ی ره خنه گر بایه خ به کاری هونه ری دیارکراو ده دات – ئه م چامه یه یاخۆ ئه م په یکاره – هه وڵده دات شیکاته وه و راڤه ی کات و بڕیارده دات هه که ئه و به رهه مه بابیداره ، گه ربایی هه بێ ئه وه بایی یه که شی ده قرسێنێ ، لێره شه وه گرفته کانی « رووتکاری » له جوانزانیدا به لایه وه بۆ ئه و چ مانایه کیان نه بووه .

که واته ره خنه گر ، ده رباره ی کارێکی هونه ری ده ڵێت « جوانه » یا « باڵایه » یا « له کاره کانی دیکه ی باشترێکه » ، ده گه ڵ ئه وه شدا ئه و قرساندنه ی ره خنه کار چ رێنماییه کی دیاری نابێت گه ر پێنه زانین ئه و هۆ پاڵده رانه کامانه ن ، وایانکرد ئه و قرساندنه جاردات ، پێداهه ڵگوتنی به رهه مێك هه ر له وه ده کات ، هاواربکات « ئۆی له و خۆشییه » ئه وه ش له وه پترمان پێناڵێت ، که ئه و ئه م کاره ی خۆشده وێت ! گه ر له توانای دانه بێت په سه ندکردنی ئه و به رهه مه راڤه کات و به رگری لێبکات ، پێویسته ئه وه ی له باردابێ به روونی بیلێ مه به ستی له « جوانی » و « باڵایی » له هونه ردا چییه ؟ ده بێ ئاشکرا ئه و بابیپێوانه دیاربکات

كه له به ر روناهيان به و قرساندنه گه يشتووه ، گه ر ئه وه نه كات ، ره خنه كه ی تا سنوریكی بێهيوا ته ماویو ئالۆزه ، هه رگيز لێی تێناگه ين له باره ی چييه وه ده دوێت ، ده توانين نمونه يه كی « لێوچويكی » يه كجار ساكار بۆ ئه مه بێنينه وه ، ده ڵێين وه ك ئه وه وايه بوترێ - پله ی گه رما **50** يه ، به بێئه وه ی دیارییكه ين مه به ستمان پێوه ری سه دييه يا فاهرانهايتی ، به وكوێره ره خنـه گر بييه وێ به رێگه يه كی شـياو كاره كه ی ئه نجامدا ، پێويسته له سروشتی بابی هونه ر بير بكاته وه .

واش وێده چێ ، زۆربه ی ره خنه گره كان به كاركرد ئه وه روون ده كه نه وه چجۆره بابيێويك له كاردێن ، هـه ر چه نده زۆربه شيان له رێگه يه كی « ناوه كی » يـا ناراسته وخۆ نه بێ ئه مه ناكه ن ، ده گه ڵ ئه وه شـدا زۆر له و ره خنه گرانه ئه وهێنده فه لسه فی نين بابی ئـه وه بكات لـه رێبازی گه يشتنيان بـه و باوه ڕانه ی په يوه ستی « بابی »ن ، ئه نجامی ئه مه ش ئه وه يـه ره خنه يان له هونه ر پوچ و بێنرخ ده كه وێته وه . چونـكێ ره خنه گران هه ر وه ك ئێمه به رتـووشی خواستنه وه ی بابيێون له پێشينه « كه له پور ياخۆ ده سه لاتيكی ديار » به بێ لێپێچينه وه ، ئه وه ش گرفتيكه ديرۆكی ره خنه ی هونه ری ده يسه لمێنێ ، ده شێ ئه و پێوانه بۆ قرساندنی كاری هونه ری سه ر به سه رده مێك يا شێوازێكی دیارێكراو له باربن ، به لام ره خنه گران وای ده رده يه خن كه ته واو له بار و گشتين و بۆ هه موو كارێكی هونه ری دروستن ، كاتێ ئه و پێوانانه له جۆرێكی هونه ری ته واو جياواز له كاردێن ، به ته واوی قرساندنی خراپيان لێده كه وێته وه ، وه ك ئـه وه وان پێوانه ی پاڵه وانێكی ئاسن - كێش بڵندكار - بۆ قرسـاندنی تايبه تمه نديه كانی پيانوژه نێكی بليمه ت له كاربهێنديرێ ، ئه گه ر ره خنه گر ، بۆ نمونه باوه ڕی به وه بێت : به ر هه مێكی هونه ری نيگاركراو - چاك - ده بێت ، گه ر بابه تی رۆژانه ی ژيان و گه سه كانی « فيگوره كانـی » ده ستپاكانه هه ڵگيرابێته وه « نيگاركرابی » ، ئه و پێوانه له كاربێنێ له وه ی كه پێيده وترێ هونه ری « نوێ » كـه هه رگيز به هيچشتێ - ناچێ - ده كاته ئه و ئـه نجامه ی هه موومان بيستمان ئه ويش ئه مه يه - ئه و هونه ره « ترسناكه » يا « ساخته يه » ياخۆ شتی له وانه ش خراپتر ، وه لێ واده بێ ، هه ڵه له تابلۆكه دا نيه ، به لكو هه ڵه ی ره خنه گره ، بابی پێوه ری ئه و ته نگه و پتر له پێويست سنوكراوه ، گه ر بێتو ووردتـر و ئاسۆ فراوانه تر له سروشتی بابـی هونه ر بيربكاته وه ، ده شيا پێوه ره كه ی بگۆڕێ ، ده شيا بابيێوی پتـر په يوه ست به بابه ته كه بدينێته وه ، بۆيه ئـه ركی ره خنه گر وه ك هه ر كه سێكی تری سه رقاڵی هونه ر، ئه وه يه ئه و باوه ڕانه ی هه يه تی و له قرساندنی ئه و بۆ هونه ر ده سه لاتدارن - زاڵن - تاقيانبكاته وه ، گه ر ئه وه نه كات خۆ ده ئاخنته سنورێكی براوه وه كـه هه لاتنی لێوه نييه .

با نمونه يه كی دی زيندوويه تی بابه خی جوانزانـی به رێژه ی لێكۆڵينه وه نافه لسه فيه كانی هونه ر بێنمه وه : ئه نجامدانی تاقيكردنه وه كان له باره ی رێبازی چۆنييه تی به پيره وه چوونی « به رسيڤدانه وه » ی خه ڵكان بـۆ هونه ر، له ماوه ی چاره گی دوايی سه ده ی نۆزده هـه م بواری ده روونزانی بووه ، هيوايه كی زۆريش هه بوو كه بۆ گه يشتن به و وه لامه ورد و ره بـه قـانه ی زۆربه ی پرسياره كانی جوانزانی كه چه ندين سه ده بوو جێگه ی مشتومر بوون . له رێگه ی به ر ئـه زمونكردن به تايبه تی له و ساڵانه ی دوايدا ، گه يشتنه هێنديك ئه نجامی پڕگرنگ ، ده گه ڵ ئه وه شدا ئه نجامه كانی به رئه زمونكردنی سايكۆلۆژی له زۆربه ی كاتدا هانده رنين ، چونكێ ئه و سه ر ئه نجامانه ی پێيده گه يشتن پوچ بوون ، به لـكو هيچ و پوچيش بوون ، هه تا لـه و كاته ی به رێگه ی ووردی ماتماتيكانه « بيركـاری »و سه رژمێری زۆر ورديش ده خرانه روو . هۆی ئه مه چييه ؟

مستەفـــــا ئامـــو

# گورگەکان

شەوێکی ئەنگوستەچاو ، ئارامی لـــە کەلەسەری هەڵگرتبوو ، هەنگاوەکانی نیشانەی دووقاچی شەکەت بوون ، لەبەر تیشکی چرای سەر سەکۆکان بەڕێیەدا دەڕۆیشت ، ئادگاری چاك نەدەخوێندرایەوە . ئەوەندەی زانی ساتمەی لە کۆمەڵەکە قرێك کرد و دەمـــاودەم بەزەویدا کەوت ....... ئای لەو بەڵایە ، ددانەکانیشم شکان ، چیدی خۆی پێنەگیرا و دەمی هاتە کۆ .

ئەنگۆ .... هەی سەی لەبابی سەینە ، هۆی شکانی ددانەکانمن ، ئەنگۆ نەبن بۆچـی تا شەو دەرەنگانێك دەبێ من ئاوا کاربکەم ، ئەنگۆ نەبن بۆ دەبێ لەو کۆڕیتە دارزاوەدا بژیم .

ناخی پێدەکەنێ ..... وێستەکی کرد ، دووبـــارە تێهەڵچووەوە .

بێگومان هەنوکە ڕێبوارەکان دەڵێن ؛ ئای لەو هەژارە شێت بووە ، یا وا خەریکە شێت دەبێ .... بەڵێ هەر لەبەر ئەوەی گوێ بە یاسای کۆمەڵ نادەم ، ئەی لەو بەزمە جا ئێوە بڵێن کۆمەڵ بێدار بێت ؟ کە زانی وەڵامی ئەم پرسیارەی پێنییە ، بێدەنگ بوو .... ئەوە کێیە ؟ کورە سلۆ ....... سلۆی کوڕی ڕەحمان ، ئـــەوە نەبوو لە تـــاو ناکۆکی کۆمەڵایەتی و گیروگرفت ، گوندەکەیانی جێهێڵا و هاتە شار .

سلۆ بێدەنگ هەنگاوی دەنا هەتـــا گەیشتەوە بەردەرگای کۆڕیتە کاولەکەی لە تەنیشت گۆڕستانەکەی شار بەکرێگرتبوو.

چاوێکی خێرای بە ژوورەکەدا گێڕا ، ئەو ئاژاوەیـە چییە ؟ ئەو گۆزەویانە بۆوا لێرە فڕێدراون ؟ ئـــەم هەموو قونچکە جگەرەیەی لەملا و لەولا و کەوتوون .. چین ؟ هەر خۆم لەو ئاژاوەیە بەرپرسیارم ، بەڵێ ئەز . بەڵام چی وای لە من کرد ئاوام لێبێ ؟ نازانم بۆ چی بویمە سەرکردەی ئەو پەرشو بـڵاویە و رابەرایەتی ئەم هەرا و هۆریایە دەکەم .......

سلۆ گێژ بوو ...... ئاهێکی دێتەوەبەر ، دووبـارە سەری دەسووڕێ .........

لە نوینەکەی دا کە بۆنی شیداری لێـدێ پاڵکەوت .

ئەو شیدارییە ڕۆژانی چەرمەسەری و تەنـــگانە کونەلوتی دەکوڵی و نقومی بیرکردنەوەی دەکات ، هەرچەندە بە دوای ئەو هۆیانەدا دەگەڕێ کـــە بەردەوام ڕاپێچەکی خەونانی دەکەن و بە درێژایی ڕۆژگار لە کوڵی ناکەرێن ، بێدەنگییەکی تۆقینەرتە شقی ژوورەکە دەماشێتەوە ، میـــاوە میـــاوی پشیلەش

ترس دەخاتە هەناوییەوە ، ئەو پشیلانە لە نێو گۆڕستانە کەدا پەلاماری یەکدی دەدەن ، ئارەزوی نوســـتن دەکات و خەوی لێناکەوێت ، تەنیاییەکەی لە ســـنگی خەمباریدا نوشتانەوە سەر یەک ، دەی ســـلۆ خەم مەخۆ ، خۆ تۆ لەو جیهانە پڕ لە جوانییە تاکە کەسێک نیت ئاوا بە ئازار بتلێتەوە ، بە ملیۆنانی وەک تۆ هەن ، سنگیان بە خەفەتی شاراوە و پشێوییەکی بێجەمودەم ئاخنراوە .

جەند چرکەیەک و دەنگی گولە تەشقە کوێرەی ژوورە کەی کەڕ کرد ، بێگومان ئەو گولانەش قوربانی خۆیان هەیە . بەڵام کێ لە پەنجە داگرتن بەسەر . . . . . پەلاپیتکە بەرپرسیارە ؟

هەر ئەوانن ، ئەو سەی لە بابی سەیانە ، ئەوانەی ناچارم دەکەن لەو وێستگەوە بۆ ئەوەی دی غاردەم ، سەگۆکان ببرم . سەر لەنوێ سلۆ کەوتە بیرکردنەوە ، زۆری لە مێشکی دەکات بیر بکاتەوە ، باوەڕشی گوندە کەیان و « ڕۆژە » ی دولبەری برستیان لێبڕیوە ، بەڵام سوێندی خواردووە ، جارێکی تر پێنە نێتەوە گوندەکەی مەگەر تەنیا ئەو خۆی بەرەو پیریەوە بێت .

بەدەستە خۆی نییە فرمێسکەکانی دڵۆپ دڵۆپ بەسەر سەرقوڵی کراسەکەیدا دابارین . نــاوە ناوە نـاوەکی بەدزیەوە پێدەکەنی ، بە ڕاستی گەمژەم ، نا نـا . . . . . . نە خێر گەمژە نیم .

کەسە نامۆکەم سلۆ . . . . . ئــــەو کەس گەمژەیە کە لە دەستینایەت تێکەڵی دەرووبەرە کۆمەڵایەتییەکەی بێت ، وا دەزانی شایانی ئەو نین ، هەر بۆیەش سەری تێدا دەچێ .

نا . . . نەخێر ، ئەوە تۆ چ دەڵێی ، گەمژە ئــەو کەسەیە کاتی خۆی لە نەهاتەکاندا ، لە هەراو هۆریا ، ڕاکردن بەدوای کۆنی نا بـــاو بە فیڕۆ دەدات ، وەک ئەو پینەدۆزەی بە درێژایی ژیانی چاولە دووی کۆنــە پێڵاوانە ، پینەدۆزی پیشەکی پیس نییە ، بەڵام هیشک و برینگە ، نە بە ڕەسیقی ڕوداوەکان دەداتەوە و نە لـــە ڕێچکەی بەرەو پێشەوە چوونی ئەو جیهانە بێسەر و بنە ڕۆڵی دەگێڕێ ، جا چشتی وەک ئــــەوە زۆرن . وەک منالێک لیستۆکی هوندا کردبێ لـــە پرمەی گریانیدا ، ئێی یار و یاوەرم بۆچ دەگری ؟ لە پانتایی دەریاکاندا بویە کەشتییەکی وێڵ ، سـلۆی نامۆ وا وەڵامدەداتەوە ، حەقی خۆتە ، بگری ، بترســی ، ئارامت لێهەڵــگیرێ ، بێگومان ترس ئـازایەتـی و ، بێئارامیش هێمنی لێ لە دایک دەبێ ، وەک زستان کــە بە هاری لێپاشکەوت دەبێ ، فرمێسک وەک کەســک وایە تۆز و غوباری ناخ ، چڵک و قرێژی چەند ساڵەی بەسەر یەکیدا کە وتوو ڕادەماڵێ .

بێنەوەی ئەو بێدەنگییەی باڵی بەسەر پێخەفەکەیدا کێشابوو وەئاگابێ ، لێی پاڵدایەوە ، بە ئەسپایی لــــە دەرگا درا ! کێ بێ بەو شەوەزەنگە ؟ سلۆ شێوا . . . . . . نورنییە شێتێ لەو شێتانە بێ شەپۆلی خەڵکان هەڵداشتەی ئەم ناوەیان کردبێ ، نزیک بـوەوە و دەرگاکەی کردەوە ، ترس دایهێنایەوە و موچڕک گیانی داتری .

– نوری . . . . ئەوە تۆی کوڕی خوا وەرە ژوورەوە

نوری یەکێ لە ناسیاوانی بوو ، بە ڕوویەکی ڕەنـــگ هەڵبزرکاو و ریشێکی پڕەوە ، خۆی بــە ژووریدا کرد، ماندویەتی بە سیمای کز و خەمباریدا دیاربوو ، چاوە کانی خۆلگری ، هێز و جموجوڵیان دەنواند، ترووسکایەکی هیواش لە کلێنەیدا برووسکەی دەهاویشت . . . . . . بێدەنگیەیەکی تۆقینەر یش لەشی گرتوە .

– دە بڵێ . . . . . قسە بکە ، دەنگوباس چییە بۆم باسکە . سلۆ وتی .

ماندووبوون نوری داڕزاندبوو ، دەیان کیلۆمەتری بـە درێژایی سنوری تورکیا و سوریا بە پیادە ڕێی بڕیوە ، لە کوێوە دەستپێبکەن لە کوێ کۆتایی پێبێنم ؟ نــوری هاتە گۆ .

– لە و شەوەوە دەستپێدەکەم ئەم شەوە پڕ لە ئازار و تەنیاییە ، بێگومان ئەمە تەنیا شەو نییـە

هەواڵنامەی کتێب

سه دان شه وی ئه و ها پڕ له خه م ، نــــــه داری و کۆڵه واری و بێهیوایمان به ڕێکردووه ، له سه ر به رف و له به ر سه رما ، زۆری تریشمان له ڕێیه ، تـا لانه وازی و بێرومه تی له ئازادابێ ئه وه حاڵه ، باسی چی بکه م ، خوێنی ئه و زارۆیانه ی کوڵه کانیان دڕا ، یا نــــــاوی ئه وانه ی لانه وازی و نه داری و هه ژاری و رقی شاراوه قوتیدان .

– سلۆ ، چاوه که م . . . . ئایا گرنگه بزاندرێت کێیه بێگوناهان ده کوژێت ؟

هه ر ئه وانن ، له و جیهانه له فرمێسك ، له زه ریاکاندا له و ماسیانه ی ده مرن به رپرسیارن ، کێن ؟ ئه وانــه ن بێگوناهان سه رده خه نه سه ر داریسێداره . ئـه وانن وا ده که ن له سه کۆیه که وه بۆ سه کۆیه ك و له چیایه که وه بۆ چیایه کی دی ، به دوای شتێ کـه بزرمـان کردووه رابکه ین ، به دوای مرۆڤایه تیمان ، به دوای په سـاپۆرتمان ئه وان پشێوی و ترس له جیهاندا ده نێنه وه ، دوایش پاشه که وته که ی ده درونه وه .

داده نیشین و دڵی خۆمان به خه مه کانمان ده ده ینه وه . . . . . . . . . ده قیژێنین ، قیژه کان کوان ؟ پێده که نین ، زۆری له مێشکمان ده که ین بیر بکاته وه « شـــۆڕشی مێشکه » .

سلۆ تێڕامابوو ، گوێی بۆ هه ڵخست بوو ، بـــه لام له بارستاییه ك ئازاری ئاخنراو به خه م به و لاوه شتێ تر نه بوو .

کێلی گۆڕی مناڵه کـــان ده نه خشێنین ، لاوه کانیش ، پیره کانیش ، ئه وانه ی له کوشتارگه ی قه لاچۆکردنـــدا شه هید ده که ون ، تۆبڵێی بـــه لای مردووه وه گرنگبێ گۆڕه که ی ئاوه ها بنه خشێندرێت ، نوری . . . . . هـــا براکه م ؟ زیندانه کان پڕن له خه ڵکی زیندوو . بۆچی لاوه کان لــــه سه ره به هاری ته مه ن به سه ره نێزه وه هه ڵده واسن ؟ سلۆ چیدی خۆی بۆ رانه گیرا ، له خۆڕا ده ستیبرد و له سه رووی کتابه که ڵه که کراوه کانـدا کتابێکی راکێشا له سه ر به رگه ی نوسرابوو « مافی مرۆڤ » ده ستیکرده هه ڵدانه وه ی لاپـــه ڕه کانی ، وه لامێکی ده ستگیر نه بو ، بێده نگ وروکاس ببو ، نوری به رده وامی به قسه کانیدا .

ده ڕۆین و به سه ر خه مه کانماندا ده که وین ، له ترس راده که ین پشێوی و نه داری به دوامانه وه یه ، بۆ رزگاربوون بیر له ئاژاوه ده که ینه وه که چی نقومـی بێهوده یی ده بین ، کاره ساتی پێستڕه وه ك دڕکان ، ئه و کاره ساتانه ی ده ڵێی نه ریته کۆن و دارزاو له زه ڵکاو وه ردراوه کانن . ده ورووبه ر بێ زه ییه و گوله ش هه ڵه ناکات ، مێشك و هێسکن که به یه که وه ناپاکن ، به بێجیاوازی مژ له خوێنی سور ده نێن بێزه یی و دڵره ق « له کێلگه یه ك ده چوو کولله بیماشنه وه و قڕان لـه شینایی بخه ن » سلۆ بۆچی مرۆڤ له نیشتمانی خۆیشی ئه تك ده کرێ ؟

سلۆ چ کتابی نینه باسی ئه تك کردن بکات ، تـــا بیانپشکنێ و سه ر له نوێ شتێ بڵێ و به رگرییـكات بۆیه بێده نگه . سلۆ ئه زیزم تۆ ده زانی بێده نگیـش ده نگی خۆی هه یه . کاژمێر ده می به ره به یانییه ، سلۆ خه ریکه خۆی بۆ نوێژکردن ئاماده ده کات .

– سلۆ بۆچی نوێژده که ی ؟

نازانم وا فێرکراین ، ئه گه ر له سلۆ بپرسی ، وه لامی هه ر ئه وه یه . تۆ ده زانی ئاین له ئازار بـه ولاوه سوێکی تری مرۆڤی نه بووه ؟ ئه م له وه ناگات لــه کۆمه ڵێکدا گه وره بوو ئه م باره ی به سه رداسه پاند ، تێیدا ده ژی و ناتوانێ خۆی لێـده رباز کات ، باره که ش ساده و ساکار نییه و هه روا به ئاسانی مۆڵه تـــی ده ربازبوونی نادات ، ده نا له مێژبوو هه ڵداشــــته ی قه راغی توانه وه ی ئه و په یوه ندیانه ی ده کرد که به لایه وه له چیمه تۆ دارێژراون و توانه وه یان بۆ نییه له باریه ك ناترازێن و هه ڵناوه شێنه وه .

نوری له سه ر جێگه که دا پاڵی دایه وه ، ســـلۆش خه ریکبوو خۆی ئاماده ده کرد به ره و کاره کـــه ی بکه وێته رێ . به ر له وه ی بڕوات :

– نه كه ی بچیه ده ره وه ، ده تگرن ، نه ناسنامه ت پێیه و نه پاسپۆرت ، بتگرن ده فه وتێی . نوری خه وی لێكه وت ، شه كه تی رێگابوو ، كاتی به خه به ر هات ، رابوو لـــه په نجه ره كه وه ته ماشای ده ره وه ی كرد ، هه موو شتێ له جمیندابوو ، چۆله كه كان ده فرێن و سه رگه رمی به زمی خۆیان بوون ، خه ڵكان ده هاتن وده چوون ، نوری خۆی بۆ نه گیرا ، ئه وی ئه ڤینداری ئازادی و بزۆز ، بـــۆ ئه وه سنوری بڕی بوو تا ئازادبێ ، ملیناو رێی بازاڕی گرته به ر، له وێ خه ڵكان خێرا به په له هاتوچۆیان بوو ، بێكاره كـان ئه مسه رو ئه وسه ر شه قامه كانیان ته ی ده كرد ، هات و هاواری فرۆشیاره گه ڕۆكه كان به روی خه ڵكاندا له پێناو ئه وه ی شتێ بفرۆشن ، له سوچه كانیشدا ، هه ڵـــبه ته ده رۆزه كاره كان . . . . . . . هتد .

سلۆ دوای كار مانوو هێزلێبراو گه ڕایه وه ژوره كـه ی ، نوری له وێ نه مابوو ، خێرا ده ربه رێ و بـه هه ڵه داوان رێی بازاڕی گرته به ر . . . . زۆری بیر ی بۆ ئه وێ چوو . . . . . . رایده كرد ، پێده كه نی و وه ك شێت ده گریا و به دوای نوریدا ده گه ڕا ، نوری مرۆڤ و هاورێی ، ئه وه تا لێره خه ڵكێكی زۆر كۆبونه ته وه ، ئاپوره یان لـه چیداوه ؟ سلۆ وایـزانی قوماربازه كانن ئه وانه ی فێرن له سه ر سه كۆی به ر چایخانه كاندا یاری كاغه ز ده كه ن ، لێیـان چووه پێش ، له ناكاو نوری دیت به سه ر برینه كه یدا كه وتبوو له خوێنی خۆی ده گه وزی .

نوری ویستبووی له ده س پیاوانی ئه من رابكات ، بـه ڵام ده مانچه كه بێبه ڵه پێكابووی ، فرمێسك به چاوانیدا هاتنه خوار . . . ده رو و ناوه وه ی ده گریا و ، جیهانی نهێنیشی ده دوا، ئێسته راپێچه كی ئه منی توركی ده كه ن ، ده یده نه ده ست قه ره قۆڵ ، نوری به زمان و به چـاو ده دوێت . . . . . له دایك بووین بۆ ئه وه ی له سه ر سه كۆكان یا له تاریكی زیندانه شیداره كاندا بمرین ، له به رهیچنا ته نیا له به رئه وه ی ده مانه وێ وه ك مرۆڤ بژین ، ده مانـه وێ خاوه نی رومه تمه ندی و ئابروی مرۆڤایه تی خۆمان بین ، ئه وه ش به لای خوێنمژ و مرۆڤخۆره كان داوایه كـــی ناره وایه . سلۆ . . . كه سه كه م پێناوی بگریت ، نوری خۆیشی به نهێنی ناوه كی ده گریا .

ئه مبولانسێك گه یشت ، نوریان به ره و نه خۆشخانه رافراند ، سلۆ ده یه ویست له گه ڵی كه وێت ، له پۆلیسـه كان پاڕایه وه ، پۆلیسێكیان هه تا پێله قه كرتی پێیداكێشا « سه ی له بابی سه وونبه ، تۆچكاره ی ئه و كابرایه كی توركیایی و تۆ سوریایی حه قت چییه به سه ریه وه » تاوه كو هه نوكه ش سلۆ چاكی له بیره ئه و مرۆڤێكی ده مكوتكراوی بێناسنامه یه هه رچه نده له نیشتمانی خۆیشیدا له دایكبووه به ڵام مامه ڵه ی بیانی له گه ڵـدا ده كرێت ، ئه و مرۆڤه و ده زانی نوریش وه ك ئه وه ، ئه تك كراوه ، هه ستی هاوئازاری هانیده دا لـــه ته ك هاورێ بریندارکه یدا بێت ، چی له ده ستدێ به گوێره ی توانا بیكات ، ئه مبوڵاسه كه تیژرۆیشت ، له چاوانی وون بوو ، ئه ویش به دوایدا رایكرد له و شه قام بۆ ئه وه ی دی ، له كۆتاییدا جێیه كه ی پێزانی .

سێ رۆژه سلۆ چاوده گێرێ به لكو نـــوری هاورێی ببینێ ، ئه و هه موو هه وڵه بێهودانه ی له ژماردن نایه ن . سه ری رۆژی چواره م بوو له پڕ نوری به دیــكرد په له كێشی ئۆتۆمۆبێلێكیان ده كرد ، خۆی گه یـــانده پۆلیسێك و لێی پرسی :

– بۆكوێی ره وان ده كه ن ؟

– ئه منی توركیا .

گوله یه ك له سنگی پڕله خه می دا ، دیسا ســـلۆ ته ماشایه كی كرد ، نوری بوو ئه و جاره ده ستێكی به رزكرده وه ماڵئاوای لێكرد .

كۆمه ڵه ئێسكێكی هورنووخاشكراوه و شه قامه كان ته ی ده كات ، هه ولی زۆریدا هێزی بێته وه به ر . . . ئه وه تا له سه ر كاره كه شت ده ركرای . . . . ورینـه ی ده كرد ، كه ڕانه وه ش بۆكوند مه حاله ، چه ند شـــه و و رۆژ بوو نه خه وی هه بوو نه خۆراك ، ئۆقره ی له به ربڕابوو ، ره نگ هه ڵبزركاو و لاواز ، ده ت گوت مردووه . . . . له نێو كتابه كانیدا به دوای چۆن و چیدا ده گـــه ڕا

که لیکی کتاب ئه و دیو ئه م دیـــو کرد ، وه لامی چنگ نه که وت ، سه رگه ردان و گێژو وێژ ، جیهان له که له ی ته نگ بوو ، ئه وه نده شی هۆشیاری نه بوو له و چه نو چۆنه تێبگات ، چه ند رۆژێکی نه برد ، له باڵه خانه یه کـی بڵنده وه خۆی هه ڵداشت . ماڵئـــاوایی له و جیهانه جوانه کرد .

خارکۆف

١٩٨٧

# ده رباره ی بانگه وازی بیرکه روه وه کانی کورد

# له هه مووجیهاندا

هاووڵاتیانی به ڕێز !

هه روه ك له پێشه کی ئه و بانگه وازه دا که دووباره له لایه ن کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان بڵاوکرایه وه ، ئه وه روونکراوه ته وه ، که بانگه وازی گۆڕین چ په یوه ندی راسته وخۆی به جه نگی نیوان پارتی دیمکراتی کورستان یه کگرتو و یه کێتی نیشتمانی کوردستانه وه نه بوو که لـــه سه ره تای مانگی مای ئیمساڵ هه ڵگیرسا ، بانگه وازه که له بنه ڕه تدا بۆ ئه وه بوو دوای ئیمزاکردنی له لایه ن زۆربـه ی هه ره زۆری بیرکه ره وه کانی کورد له جیهاندا په ســه ند بکرێت و ئیمزا بکرێت ئاراسته ی ته واوی پارت و رێکخراوه رامیارییه کانی کوردستان بکرێت . به واتایه کی تر له کاتی هه ڵگیرساندنی جه نگی نێوان پارتی و یه کێتی له باشوری کوردستاندا، بانگه وازه که هێشتا له قۆناغی ئاماده کردندا بوو ، ئێمه له لایه ن خۆمانه وه ئه وه ی په یوه ند بـه چۆنییه تی دارێشلتنه وه ی بانگه وازه که وه بوو ، به نامه ئه و لایه نانـه مان پێئاگادارکرده وه که لێوه ی به ر پرسیاربوون ، جگه له وه به لای ئێمه وه ئه وه ی گرنگ بوو و گرنگه ، پـــه ڕه گرافی کۆتایی ئه و بانگه وازه بوو ، که ده ڵێ :

{ * کوردستان نیشتمانێکی پیرۆزه ، پێویستی سه رشـانی هه موو کوردێك له نێو کوردستان و ده روه ی کوردستاندا ئه وه یه کوردستان به سه ر و ماڵ بپارێزی ، سا ئه و که سه سه ر به هه ر ئاین و باوه ڕو پله یه کی کۆمه ڵایه تی ده بێ بابێ .

# کورد نابێ ده ستبه شه ڕبکات ، به شه ڕیش نـــــابێ به ربه ره کانی شه ڕ بکات ، چه کی کورد نابێ له نێو کوردستاندا به کار بێ به لکو ده بێ رووی چه ك بـه ره و ده ره وه ی کوردستان بکرێ بۆ پاراستنی نیـــوه وه ی کوردستان ، بۆ ئه وه ی هێز و توانیسته کانی مێشك و بیر به ڕه ڵا بکرێن بۆ نه خشه دانان و ده ستی کارکه ریش به ڕه ڵابێ بۆ دامه زراندن و به جێ هێنان }

ته واوی ئه نداماني به ڕێوه به رایه تی یه کده نگ بووین له وه دا که دوابکه ین ئه م په ڕه گرافه دوای ده ستکاری کردنیکی که م و گۆڕینی رسته ی (. . . هه موو کوردێك ) به ( . . . هه موو هاووڵاتیه کی کوردستان ) بکرێته به ڵگه نامه یه کی مێژوویی ، وه ك په یمانامه ی نیشتمانی سپه نته – پیرۆز– مقدس « وثیقه وطنیه مقدسه » ئیجا داوالـه ته واوی پارت و رێکخراوه رامیارییه کانی کوردستان بکرێت ئیمزای بکه ن .

به ڵام به داخه وه هه روه ك له سه ره تای ئه م نوسینه و پێشه کی دووباره بڵاوکردنه وه ی بانگه وازه که روونـــمان کردۆته وه ، به رله وه ی ئه م هه نگاوانه بێنه دی ، جه نگی نیوان کورد کورد له باشوری کوردستاندا هه ڵگیرسا ئه وه بو تا ئه و کاته سه دوسێ که س له بیرکه ره وه کانی کورد له هه موو جیهاندا ناوه رۆکی بانگه وازه که یان په ســـه ند

بۆ لاپه ڕه ی ← 39

رزگاری مامه قادر- له روسییه وه وه رگێڕاوه و ئاماده یکردوه بۆ کوردی زاریسۆرانی

# ماشه و مام ورچ

هه بوو نه بوو داپیره و باپیره یه ك هه بوون ، « ماشا » ش منداڵیکی ژیر و زرنگ بوو له گه ڵ داپیره و باپیره ی خۆی ده ژیا .

جاریکیان ده سته خوشکانی ماشا هاتن، ماشایان بانگ کرد، تابه یه که وه بچنه کوارگان . ماشاداوای له داپیره و باپیره ی کرد ریگه ی بده ن له گه ڵ ده سته خوشکانیدا بۆ دارستان بڕوات .

داپیره و باپیره وه ڵامیان دایه وه :

« برۆ ! به ڵام ئاگاداربه له ده سته خوشکانت دانه بڕیی ده نا بزرده بـــی »

کچۆڵان تیکڕا چونه دارستان و ده ستیان کرد به کوارگ گرد کردنه وه . ماشاش دار به دار و ته ڕاش به ته ڕاش ڕۆیشـت تا له ده سته خوشـکانـی زۆر دوورکه وته وه . ناچار ده ستی کرد به بانگ کردنیان به ڵام ئـــه وان گوێیان لیّی نه بوو ، وه ڵامی ئه وانی نه بیسته وه . ماشا به دارستانه کـه دا گه ڕا و سوڕا تاکو به ته واوی ریگه ی لیٚ وونبو و گه یشته شوێنیکـی چڕی نائاوه دان ، له ویٚ کۆریتیکی بینی ، به ره و کۆریته که ڕۆیشت و له ده رگه ی دا ؟ وه ڵام نه بوو ! پاڵیکی به ده رگه وه نا ، ده رگاکه کرایه وه !! ماشا چووه ناو کۆریته که وه . له لای په نجه ره که وه دانیشت ، که وتـه بیر کردنه وه « ده بیٚ کیٚ لیٚره بژیت ؟ بۆچی که س له و ناوه دا دیارنی یه ؟ »

لە و کوریتە دا مام ورچ دە ژیا، بە ڵام لە و کاتە دا مـام ورچ لە ماڵ نە بوو ، لە دارستاندا دە خولایە وە . سە رلە ئێوارە کە گە ڕایە وە ماڵ ، چاوی بــە ماشا کە وت ، زۆر دڵشاد بوو .

– ئا ها، ئیدی ئێستە ڕێگە ت نادە م بڕۆی . « مام ورچ بە ماشـای ووت » دە بێ لێرە لای من بژیت ، سۆبە م بۆداگیرسێنی و شۆربام بۆلێ نێ ی !!

ماشا زۆر دڵ تە نگ و زیز بوو ، چ دە کە ی ، لە کۆریتە کە دا مایە وە ،لای مام ورچ دە ژیا. مام ورچ بە درێژایی ڕۆژ لە دارستان دە سوڕایە وە، بە ماشای دە ووت « لە ماڵ نە چییە دە رە وە. . . ها، گـە ر دە رچیتە دە رە وە ، هە ر دە ت بینمە وە ، جا بۆ کوێ دە ڕۆی ئە وساتە یە کسە ر دە ت خۆم .

ماشا بیری لە هە ڵاتن دە کردە وە ، بە ڵام سە یری کرد هە رچواردە وری دارستانە ، نە یدە زانی بۆ کامە لا رابکات ، کە سیشی نە بوو پرسـیاری لێ بکات ، بیری کردە وە و بیری کردە وە ، تا چارە یە کی دۆزیە وە !

ڕۆژێکیان کاتێ مام ورچ لە دارستان دە گە ڕێتە وە ، ماشا پێ ی دە ڵێ:

– مام ورچ ، ڕێگە م بدە بۆ یە ك ڕۆژ سە ردانی گوندە کە مان بــــکە م ، شتێ کیش بۆ داپیرە م ببە م ؟

– نـــا، نە خێر ! « مام ورچ دە ڵێ » تۆ لە و دارستانە دا وون دە بی، بێـنـە چیت هە یە من خۆم بۆیان دە بە م !

ماشاش ئا ئە مە ی گە رە ك بوو ! کولیچە ی ئامادە کردبوو، هە بگە یە کی دە رهێنا و بە مام ورچی ووت : – سە یرکە من ئە و کولیچانە لە و هە بگە یە دە هاوێم ، تۆ بۆ داپیرە و باپیرە می بە رە ، بە ڵام ئاگادار بـــە نـــە کە ی لە ڕێگە دا هە بگە کە بکە یتە وە و کولیچان دە ربێنی ! هـــــا . . . . . . . من سە ردە کە ومە سە ر دارێکـــــــی بڵـــند و لە وێوە سە یرت دە کە م !!

– باشه باشه ! « مام ورچ وه ڵامی دایه وه » ده تۆ هه بـگه که ی بێنه !
ماشا ده ڵێ : – « ده برۆ به رده رگا بزانه باران ناباری »
هه گه مام ورچ چووه ده ره وه، تاوی له حه وشه که دا مایه وه، ماشا هه لی بۆ ره خساو ، چووه ناو هه بگه که وه ، هیندی کولیچه ی له سه رسه ری خۆی دانا و به کولیچان خۆی داپۆشی . مام ورچ هاته وه ژووریٚ ، بینی هه بگه ئاماده یه ، هاویشتی یه سه رپشتی و به خرمه خرم به ره و گوندی به ریٚ که وت . مام ورچ به نێوان دارکاژاندا ریێ ده کرد ، له که ند و دۆڵان ده چووه خواری و به سه ر گردان ده که وت ، رۆیی . . . .
هه ر رۆیی تاوه کو ماندوو بوو ، ئه و جا ووتی :–

دادە نیشم له سه ر کۆلکان    ده ردێنم نه رمه کولیچان
یا ورگی خۆم تێر ده که م    یاهه بگه ی به تاڵ ده که م

ماشا له ناو هه بگه وه ، ووتی :–

ده ت بینم ، ده ت بینم والێم دیاری !    کولیچه م ناردون بۆ دیاری
دا نه نیشی له سه ر کۆلـــــکان    نه خۆی له نه رمه کولیچان
بیان به بۆ داپیره م    بیان به بۆ باپیره م !

– نه تان دیوه چه ند چاوی تیژه و گوێی چه نده سوکه « مام ورچ ده ڵێ »
هه رچی ده که م ده مبینی و هه رچی ده ڵێم گوێی لێ مه !!
هه بگه که ی هه ڵگرت ، لێیدا رۆیی . . .رۆیی . . . هه ر رۆیی ، تا ماوه کی چاکی بڕی ، ئه وجا دیسا راوه ستا و دانیشت ، ووتی :–

داده نیشم له سه ر کۆلکان    ده ردێنم هێندی کولیچان
مام ورچ پشتی شــکا    چۆن ده بیٚ کولیچان نه خوا

ماشا جاریکی تر له هه بگه که وه ، ده ستی پیکرده وه :–

هەواڵنامەی کتێب

لێم دیاری لێم دیاری ، وا دە ت بینم        گوێم لێتە دە ڵێی کولیچان دە ردێنم
هە ڵسە تە مبە ڵ زوو زوو بـــڕۆ        لـە کولیچە ی نێو هە مبانی مە خۆ
بیان بە بۆ باپیرە م        بیان بە بۆ داپیرە م !

مام ورچ سە ری سوڕما :- ئای لە و زۆرزانـە ی گوێی چە ند سوکە ، وا دیارە لە شوێنیکی زۆر زۆر بڵند دانیشتیە و دوور دوور دە ڕوانی !

هە ڵساو بە خێرایی ڕۆیی ، ئە م جارە یان هە تا گوندی گیرنە بوو ، ئـــە و خانووە ی دیتە وە کە ماڵی داپیرە و باپیرە ی ماشا بوو ، چووە بە ردە رگە و بە هە موو هێزی لە دە رگە ی دا .

- تە ق ، تە ق ، دە رگام لێ بکە نە وە ، من لە لای ماشاوە هاتووم ، دیاریم بۆتان هێناوە !

ئە وە تا سە گە کان بە مام ورچ دە وە ڕن، پە لاماری قاچە کانی دە دە ن و رادە کە ن ، بە دە وری دا دە سوڕێنە وە . مام ورچ لە ترسان هە بگە کە ی دانا و رای کرد ، بە بێ ئاوڕدانە وە بە رە و دارستانە کە هە ڵات . داپیـرە و باپیرە ی ماشا دە رگە یان کردە وە دیتیان هە بگە یە ك لە وێ داندرایە ؟

ئۆی ئاخۆ ئە و هە بگە یە چی بێ ؟ داپیرە ی ماشا ووتی ؟ بـــاپیرە ی ماشا سە ری هە بگە کە ی هە ڵدایە وە ، سە یری کرد ! بڕوای نە کرد !

ئە وە تا ماشا لە ناو هە بگە کە دا دانشتییە، زیندو و سپ وساغ وبێوە ی !؟ ماشا یان لە باوە ش گرت و تێر ماچیان کرد ، ئـــافە رینیـــان دای !!

ماشـا = کورتە ی ناوی - مارینا - یە

بزرکرد = وون کرد

کوارگ = قارچك

# دوای باسی ئه م ژماره یه سه رتۆپی

# ژماره ی داهاتومان !!

نوسینی
باوکی
کالێ

لێکۆڵینه وه یه کی گشتی له ؛

**بنچینه هزرییه کان ! سه ر هه ڵدان ! تیکشکان !**

**چاره سه ریکی بابه تیانه ی**

## پارتیکی کۆمۆنیستی سه ربه خۆی کوردستانیدا!

## له ده راوی پێویسته وه

هەواڵنامەی کتێب

کێشه و ململانیی خه باتی مرۆڤ له پێناو دادپـــه روه ری کۆمه ڵایه تی ده گه ڵ خودیخۆیدا ، هه ر له کۆمه ڵگه ی سه رتاییه وه تاوه کو ئیمرۆ ، مێژوویه کی دێرین و ئاڵۆزو تیکهه ڵکیشی هه مه لایه نی هه یه .

ئه و خه باته مرۆڤایه تییه به نیازی پیکهێنانی ژیانێکی به ختیارو یه کسان به رده وام بوه و به رده وامه و بـه رده واميش ده بێت ، به مانی جیاوازی چینایه تی و بنچینه ی کۆمه ڵایه تی چه وساندنه وه ی مرۆڤ له لایه ن مرۆڤه وه ، سه رمایه دار وه ك چین و ئایدۆلۆژیا ، له ســه ر بنه مای چه وساندنه وه ی مرۆڤ له بواری ده ستبه سه رداگرتنـــی هۆیه کانیبه رهه مهێنان دروستبوه ، دیاره بۆ په ره سه ندن و به هێزکردنی ده سه ڵاتی خۆی ،به نیازی فرۆتنی که لـوپه ل و ده ست به سه رداگرتنی بازاڕی جیهانی په لی هاویشتۆتـه

نێو کاروباری وڵاتان ، بۆ به رده وامبوونی ماشـــێنی سه رمایه داری به که مترین نرخ ،که ره سته ی خاوی ئه و وڵاتانه ی کیشاوه ته وه .

بۆگه یشتن به و ئامانجه له ژێر په رده ی پاراســتـنـی مافیمرۆڤ و داکۆکیکردن له دیمکراسیه ت سه رمایـه دار و کۆلۆنیالیسته کان ته واوی هۆرامیاری و ئابوریان لـــه کارهێناوه .

به پیێچه وانه ی تیۆروئایدۆلۆژیای چه وسێنه ری ســه رمایه داری ، سۆسیالیزم وه ك **سیسته میکی** ئابوری + رامیاری ، له پێناو دادپه روه ری کۆمه ڵایه تی و هێنانه کایـه وه ی کۆمه ڵگه یـــه کـــی سـۆسیالیســتی و دیمکراســی بێچه وساندنه وه ی مرۆڤ خه باتده کات .

شێوه ی . . . ،. .چاوه ریی ژماره ی داهاتووبن !

په راویزی دلانـــــپار

# سپارده نامه كه ى مسته فابارزانـــــى

# رێبه رى پارتى ديمكراتى كوردســـــتان - عيراق

كاك مه سعود بارزانى

سڵاو و رێـــــــز!

به رێز رێبه رى پارتى ديمكراتى يه كگرتوو - كوردســـــتان ده ڵێن شه ر هه يه كۆتايى خێره !! له دواى ره شه با و گه رده لول هێمنى و ئاسايش به رپا ده بێ. كه خه ڵكێك له باره ى جه نگه وه ده كه ونه گفتوگۆ كورد ووته نى چاك و خراپ ده بێژن ، وه لێ مرۆڤى ژير و خاوه ن ته وانا هه رده م چاكه ده ڵێ و روو له چاكه ده كا.

له و رۆژانه به داخه وه جه نگى كورد كورد يا وه ك لـــــه كورده وارى خۆماندا باوه « برا كوژى » له نێوان پارتى ديمكراتى يه كگرتوو و يه كيێتى نيشتمانـــــى گه رمه ، هه ر به و هۆيه شه وه له نێوان هاووڵاتيانى ئێمه گفتوگۆ و ده مه ته قێ و دانوستاندن گه رمه ، ده ڵێن : قســـــه قســـــان راده كێشى . ئه وه تا له گفتوگۆيه كى برايانه دا يه كى له وانه ى نۆره ئاخاوتنى بوو ، ئه وه ى خواره وه ى فه رموو : « له چله ى بارزانى مسته فا دا له كه ره جى نزيك بـــــه پايته ختى ئێران كه ده كاته ته هران ، سپارده نامه كـــه ى بارزانى به ده ستخه تى خۆى داندرابوو ، منيش يه كى بووم له وانه ى خوێندمه وه ، شايه ت له وئانه دا، دكتۆر مه ولـه وى ، مامۆستا هه ژارى ره حمه تى ، عه لى شه وقى ، مه لا ره شيدى قه ره نى ، مه لا موحه مه دى سالكى .... هتد ياديان به خێر له وى ئاماده بوون ».

ئه و گووتى : سپارده نامه كه ئاراسته ى ، كاك ئيـــــدريس بارزانى ( ره حمه تى ) و كاك مه سعود بارزانى رێبه رى ئێسته ى پارتى ديمكراتى يه كگرتوو ، كرابوو ، بـــــه ڵام رسته يه كى كه زۆرجێگه ى سه رنجه له و نامه دا بارزانى نوسيبووى ( . . جه لال يش كورێكه وه كو ئه نگۆ . . )

به رێز كاك مه سعود بارزانى !

گه ر ئه و سپارده نامه يه ، ته نى په يوه ندى به بنه ماڵه كه ى ئێوه وه با ، ديار نه تان ده خسته به رده ستى كه س ، نه كه سيش ده ديت و نه كه س داواى ده كرد ، به ڵام بيگومان ، راسپارده نامه ى بارزانى وه ك هه موو ژيـانى بارزانى هى كورده و بۆ كورده ، بـــــۆيه ش من وه ك هاووڵاتييه كى كوردستان داوا ده كه م ئه و راسپارده يه ، بڵاوبكرێته وه ، به لامه وه ، بارزانى هه رگيز لـــه خۆڕايى ئه و راسپارده ى ئاوا دانه رشتوه ، ئه گه ر وابێ بـــڵاو كردنه وه ى ئه و راسپارده نه هه ر ده رياييه ك ئـــــاو ده رژێنێته سه ر ئاگرى شه ڕى برا كوژى ، به لكو وه كو بارانى ره حه مه ت به رده وام و هه تا هه تايه شه ڕى براكوژى ده كوژێنێته وه ، ئيدى به سه ئه هه ر له بـــه ر چاوى خه ڵكى دونيا چاومان هه ڵنايه ، هه رچـــــى كوردى به شه كانى ديش هه يه ده ستبه رومانـــــه وه ده نێن و ده ڵێن: ئه و به زمه له ئێوه وه داكه وت و ئێوه داتـــــان نايه وه . له چاوه رێى وه ڵامى ئێوه داين .

ديسان سڵاو و رێز - كوردێك




**DLANPAR** - Cultural magazine publish In Sorany (south-kurdish)

**BY**- Kurdistan National Peace & Solidarity Committee

**Editoral board - R.Mamash. R.Muhedin. A.Mustafa. H.Akram.**

**Address - KNPSC. P.O.BOX 533 . 00101 HELSINKI . FINLAND**
**Bank No- PSP-800024-12855719 Helsinki.Finland**

**1.Cover-Foto ( Kurdis Cild) .2.Cover- Fofo of Agri ( south kurdistan ) . The tow fotos (Wickerwonk & Drumbeat ) are from Folk Musum Sulaimaniya University .**